شلێر ڕەشید لەشاری "کەرکوک" لەدایک بووە. ٢١ساڵە نیشتەجێیی وڵاتی کەنەدایە
دەرچووی کۆلێجی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین و کۆلێجی سەنتنیاڵ ە لە تۆرۆنتۆ- کەنەدا
فەرمانبەرە لەسەنتەری بەڕێوەبەرایەتی پەروەرەو فێرکردن لە تۆرۆنتۆ
وەرگێریشە لە نوسینگەی پەنابەرانی کەنەدا و لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەوفیرکردن لە تۆرۆنتۆ
بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەن

## کتێبە وەرگێردراوەکانم

١- ڕۆمانی کوڕە بیجامە خەتخەتەکە ٢١٧لاپەڕەیە جۆن بۆین- چاپخانەی سەنتەری دیالۆگ کەرکوک 2009
٢-ڕۆمانی پڵنگە سپییەکە ٣٧٣لاپەڕەیە ئەرڤەند ئەدیگە -چاپخانەی جەمال عیرفان2014
٣- چاندنی ڕەگی نوێ، دروستکردنی پەیوەندی نوێ - چاپکردنی ئیمیگرەیشنی کەنەدا- تۆرۆنتۆ٨١ لاپەڕەیە ٢٠٠٩
٤-بەشێک لە سەرمایە- کارل مارکس
٥- ڕۆمانی ئەستێرەکان بژمێرە ٢٠١ لاپەڕەیە لەوس لەوری - غەزەلنوس ٢٠١٦
٦- ڕۆمانی سەمفۆنیای عەشق ١٥٥ لاپەڕەیە -ئاندری ژید - غەزەلنوس
٧- دیوانی شیعری شیرو هەنگوین ٢٢٠ لاپەڕەیە ڕوپی کۆر- چاپخانەی جەنگەڵ ٢٠١٨
٨- دیوانی شیعری ڕۆژو گولەکانی - ٢٨٨ لاپەڕەیە -ڕوپی کۆر- کتێبفرۆشی مێخەک ٢٠١٩
٩- ڕۆمانی ئاهەنگی بێمانایی ١١٦لاپەڕەیە- میلان کوندیرا ٢٠١٩
١٠ - ~~سەفەرێک و دەیان بیرەوەری (سەفەر بۆ میسر) ١٠٠ لاپەڕەیە بەوێنەوە ئیشی تێدا دەکەم~~
١١- کتێبی چەند بابەتێکی وەرگێردراو لە ئینگلیزییەوە ٧٥ لاپەڕەیە
١٢- وەرگێرانێکم لە کتێبی ئۆکتۆبەر ٢٠١٨

## شلێر ڕەشید - نوسین ووەرگێرانەکانم بۆ گۆڤارو وێبسایتەکان

١-فریدریک ئەنگڵس ژیان و کاریگەرییەکانی لە نوسینی لینین ٧ لاپەڕەو نیو
٢-کۆمۆنیزم بۆ مناڵان کۆمۆنیزم بۆ هەمووان ویبسایتی نەگەتف ١٠ لاپەڕە ڕێگای کوردستان ـ March 25, 2018 کوردپیدیا
٣-لێیان گەڕێن با زبڵ بخۆن! " وەرگێران لەئینگلیزییەوە- -وێبسایتی نەگەتف ٩ لاپەڕە Hana n3
٤-هۆنراوەی پاسپۆرتی سۆڤییەتی شیعری ڤلادمیر مایاکۆڤسکی -گۆڤاری هانا ژمارە ٣ لاپەڕە
٥-شۆڕشی ئۆکتۆبەرو ڕزگاری ژنان -ڕەخنەو ڕوانگە ٧ لاپەڕەو نیو
٦- تکتی بەخت - کورتە چیرۆک - ئەنتۆن پاڤلۆڤ چیخۆڤ وەرگێران گۆڤاری هانا ٤ لاپەڕە
٧- پرسەی شین شیعری وایستن هییوز ئۆدن وەرگێران یەک لاپەڕە
٨- باسێک دەربارەی سمنارەکەی "جۆن کڵارک - ڕاپۆرت ٣ لاپەڕەیە
٩-باسێک دەربارەی جیاوازی سیستم و کەلتور لەکەنەدا- نوسین ٤ و نیو
١٠- دەتبینمەوە شیعری بێڵی هۆڵیدەی لە ئینگلیزییەوە یەک لاپەڕە
١١-باسێک دەربارەی فیلمی خوێنەرەکە The reader - ڕەخنەی چاودێر ٤ لاپەرە
١٢-سێ ڕۆمان و سێ کورتەنووسین - گۆڤاری هانا ژمارە ٢ ٨ لاپەڕە
١٣-ئێرییەڵ و بابە -شیعری سلڤیا پڵات گۆڤاری شیعر ژمارە ٧ ١٢ لاپەڕەو نیو گۆڤارەکە ٣٠٤ لاپەڕەیە
١٤- دەربارەی رۆمانی مردوخۆرەکان - ڕەخنەی چاودێر ٢ لاپەڕە
١٥- دەربارەی لەنەرد کۆون - سایتی دیدی من ٣ لاپەرە
١٦- باسێک لە ڕۆژی جیهانی کتێبدا -ڕەخنەی چاودێر ٢ لاپەڕە
١٧- جەندەر - وەرگێران - سایتی نەگەتف ٤لاپەڕەو نیو
١٨- ئازادی ژن لە ڕوانگەی کۆمۆنیستییەوە -ڕەخنەو ڕوانگە و سایتی نەگەتف ١٠ لاپەڕەو نیو
١٩- دەربارەی سەمفۆنیای عەشق -هەفتانەی ڕووداو٣ لاپەڕەو نیو
٢٠- ژن و مۆدرنە- وەرگێران لە ئینگلیزییەوە ٥لاپەڕەیە لەکتێبی چەپ و مۆدێرنە بڵاو دەبێتەوە، کارێکی هەرەوەزییە
٢١- شیعرو فەلسەفە - وەرگێران بۆ گۆڤاری شیعر کاری تێدا دەکەم

# فریدریک ئەنگڵس ژیان و کاریگەرییەکانی لە نوسینی لینین

## چ مەشخەڵیک لە فکر کوژایەوە،
## چ دڵێک لە لێدان کەوت!

لە ٥ی ئۆگەست ی ١٨٩٥ **فریدریک ئەنگڵس** لە لەندەن بەیەکجاری چاوی لێکنا، دوابەدوای **کارڵ مارکس** ی هاوڕێی کە لە ١٨٨٣ کۆچی دوایی کرد.
**ئەنگڵس** بەرزترین کەسایەتی سکۆڵەرو مامۆستای پرۆلیتاریا بوو لە هەموو دنیای هاوچەرخدا.
لەوکاتەوەی کە چارەنوس **کارڵ مارکس** و **فریدریک ئەنگڵس** ی پێکەوە گرێدا، لەکەیسێکی هاوبەشدا بوونە دوو هاوڕێی هەرە نزیکی یەکتریش. بۆ ئەوەی لەوەتێبگەین **فریدریک ئەنگڵس** چی ئەنجام داوە بۆ پرۆلیتاریا، دەبێ ئایدیایەکی ڕوونمان هەبێت دەربارەی فێرکردنەکانی **مارکس** و کارەکانی لە پێناو گەشەسەندنی
بزوتنەوەی چینی کرێکاری هاوچەرخ : contemporary working class movement.

**مارکس** و **ئەنگڵس** یەکەم کەس بوون دەریانخست کە چینی کرێکارلەگەڵ بوونی ئەم سیستەمەدا ئەویش دێتە بوون، لەگەڵ دروست بوونی چینی بۆرجوازیدا چینی کرێکارانی ڕێکخراویش بە شێوەیەکی حەتمی دروست دەبێت. هەروەها ئەوەشیان ڕوونکردەوە کەئەم ئەم دونیایە بە نیەتی چاک و کەسانی خێر خواز ناگۆڕێت، بەڵکو بە خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای ڕێکخراو دەگۆڕێت.

**مارکس و ئەنگڵس** یەکەم کەس بوون لە نووسراوەکانیاندا زانستیانە **سەلماندیان کە سۆشیالیزم خەیاڵی ئەو کەسانە نییە کە خەونی پێوە دەبینن، بەڵکو ئامانجی کۆتاییە** ئەنجامێکی پیویستە بۆ بەرەوپێشچونی هێزی بەرهەمهێنەر لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا. ئەو مێژووەی کە تاکو ئەمڕۆ نوسراوە مێژووی تێکۆشانی چینەکان بووە و سەرکەوتنی چینەکۆمەڵایەتییەکانی بەسەر چینەکانی تری بەدوادا هاتووە. تا ئەو کاتەی کە موڵکدارێتی تایبەتی و ناڕێکوپێکی بەرهەمهێنان ئامادەیی هەیە، پرۆلیتاریا ناچارە درێژە بە خەباتی چینایەتی خۆی بدات لە ڕێی ڕێکخستنی کرێکارانی هۆشیارەوە بە مافە چینایەتییەکانی خۆیان، هەر بۆیە هەموو خەباتێکی چینایەتی لە خۆیدا خەباتێکی سیاسیشە.

ئەم بیروڕایانەی **مارکس و ئەنگڵس** لەلایەن سەرجەم پرۆلیتاریاوە وەکو ڕێنیشاندەرێکی بنەڕەتی لە خەباتی خۆیاندا دژ بەسەرمایەداری پشتی پێ دەبەستن. بەڵام لە چلەکاندا ئەم دوو هاوڕێیە بەشداربوون لەئەدەبیاتی سۆشیالیستی وبزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەم بۆچونانە زۆر نوێ دەردەکەوتن. ئەو کاتە زۆرکەسی خاوەن بەهرەو بێبەهرە هەبوون، ڕاستگۆو ناڕاستگۆ نوقمی ناو تێکۆشان بوون لە پێناورزگاری سیاسی، لە تێکۆشان دژی سەرکوتکاری پاشاکان وپۆلیس و قەشەکان، بەڵام بەریەککەوتنەکانی بەرژەوەندێکانی سەرمایەداری و کرێکارانیان نەدەبینی، هەروەها وەکو هێزێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ سەیری چینی کرێکارانیان نەدەکرد. لەلایەکی ترەوە هەندێک لەو کەسانەی خۆیان بە زانا دەزانی پێیان وابوو لە ڕێی ڕازیکردنی دەسەڵاتداران و

دام و دەزگاکانەوە دەتوانرێت بارودۆخێکی ئارام لەسەر زەوی بەدی بهێنرێت. پروایان بە سۆشیالیزم هەبوو بە بێ خەباتکردن لە پێناویدا.
لەکۆتاییدا نزیکەی هەموو سۆشیالیستەکانی ئەوکاتەو هەموو هاورێیانی چینی کرێکار بە گشتی وایان دادەنا کە پرۆلیتاریا تەنها سوتانەوەی هەناوە. بە ترسەوە تەماشای زیادبوونی پرۆلیتاریایاندەکرد کە چۆن بەوجۆرە لەگەڵ پیشەسازیدا گەشەیانکرد.
لە بەر ئەوە هەرهەموو هەوڵیان دەدا بۆ دۆزینەوەی ئامرازێک بۆ وەستاندنی گەشەسەندنی پیشەسازی و پرۆلیتاریا، وە بۆوەستاندنی ڕەورەوەی مێژوو.

**مارکس و ئەنگڵس** نەک هەر ترسیان نەبوولە پەرەسەندنی پرۆلیتاریا بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو هیوایەکیان بەردەوامی و گەشەسەندنی پرۆلیتاریابوو. **چەند ژمارەی پرۆلیتاریا لە زیادبووندا بێت ئەوەنە هێزی چینی شۆڕشگێڕ زیاد دەکات. ئەوەندەش گەیشتن بە سۆشیالیزم نزیکدەبێتەوە**.
ئەو خزمەتەی **مارکس و ئەنگڵس** پێشکەش بەچینی کرێکاریانکرد، دەتوانرێت لە چەند وشەیەکدا گوزارشی لێ بکرێت، فێری چینی کرێکاریانکرد کە بۆخۆی خۆی بناسێت و هۆشیاربێت، و زانست لە پێناوی خەونەکانیدا بە کاربهێنێت.
 بۆیە پێویستە هەموو کرێکارێک ئاشنابێت بە ناوو ژیانی **ئەنگڵس**.
بۆیە ئەم بابەتە کۆکراوەتەوە،بە هیوام وەکو هەموو بڵاوکراوەکانی ترمان هۆیەک بێت بۆ بە ئاگاهاتن وهۆشیاری چینایەتی لەناو کرێکارانی ڕوسیادا. پێویستە وێنەیەک لە ژیان و کاری **فریدرک ئەنگڵس** بخەینە ڕوو، یەکێک لە دوو مامۆستا مەزنەکەی پرۆلیتاریای مۆدرن.

**ئەنگڵس** لە ١٨٢٠ لە بارمن لە هەریم ی ڕاین لەدایک بووە. باوکی خاوەن کارگە بووە. **ئەنگڵس** لە ١٨٣٠ بە هۆی باروگوزەرانی خێزانەکەیەوە زۆری لێکرا بەبێ تەواوکردنی قوتابخانە بچێتە ناو کاری پیشەسازییەوە، لەبریمەن وەکو کاتبی پیشەسازی کاربکات. کاروباری پیشەسازی نەیتوانی ڕێگربێت لەبەردەمیدا بۆ چوون بەدوای خوێندنی زانست و سیاسەتدا. هێشتا لە قۆناغی ئامادەیی بوو ڕقی لە سەرکوت وسەرکوتی بیرۆکراتەکان بوو.خوێندنی فەلسەفەی بەرەوپێشتر برد.
لەوکاتەدا فێربوونی **هیگڵ** کۆنترۆڵی هەبوو بەسەر فەلسەفەی ئەڵمانیدا. **ئەنگڵس** بوو بە شوێنکەوتوی **هیگڵ.** سەرەڕای ئەوەی کە **هیگڵ** خۆی سەرسام بوو بە دەوڵەتی پروسی ئۆتۆکراتی، لەنێوەندی کارو خزمەتکردنەکەیدا کە پرۆفیسۆربوو لە زانکۆی بەرلین..

فێرکردنەکانی **هیگڵ** فێرکردنێکی شۆڕشگێڕانەبوو، ئیمانی بە مرۆڤایەتی و مافەکانی هەبوو.
گریمانەی بنچینەیی فەلسەفەی **هیگڵ** ی وایدادەنێت کە گەردون لە جوڵەیەکی کارکردی بەردەوامە لە گۆران وگەشەسەندن، ڕێبەرایەتی هەندێک لە قوتابیانی فەلسەفەی بەرلینی دەکرد، ئەوانەی کە بەوبارودۆخە ناڕازی بوون. بۆ ئایدیای تێکۆشان دژی ئەو واقیعەو دژی ئەو چەوسانەوەیەی کە هەیەو ئەو جەنگە باوەی کە هەیەو ڕەگی داکوتیوە لە یاسای بوژانەوەی هەمیشەیی جیهانی.تێکۆشان دژی ئەو هەڵانەو شەڕەنگێزییەی کە هەیە.
ئەگەر هەموو شتێک گەشە بکات، ئەگەر دامەزراوێک شوێنی ئەویتر بگرێتەوە، بۆچی دەبێ پاشایەتی ئۆتۆکراسی پروسیا یان قەیسەری ڕوسیا بەردەوام بێت، بۆچی کەمینەیەک دەوڵەمەندبێت لەسەر حیسابی هەژارانی زۆرایەتی، بۆچی بۆرژوازییەت بۆ هەمیشە حاکم بێت

بەسەر جەماوەردا؟

فەلسەفەی **هیگڵ** باسی گەشەکردنی عەقڵ و هزر دەکات؛ پێشکەوتنی سروشت ومرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ هەڵقوڵاوی گەشەی مێشکەو ئەنجامی گەشەی سروشتە. مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ مانەوە لەسەر ئایدیای **هیگڵ** ی، هەمیشەییە.

**مارکس و ئەنگڵس** ئەو دیدگا ئایدیالیستییەی پێشایان ڕەت کردەوە: rejected. گەڕانەوە بۆ ژیان، بینییان کە پێشکەوتنی عەقڵ تەفسیری پێشکەوتنی سروشت ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە : on the contrary دەبێت درێژبوونەوەی تەفسیری عەقڵ لە سروشتەوە، لە مادەوە بێت...
بە پێچەوانەی **هیگڵ** و کەسانی تری **هیگڵ** ی، **مارکس و ئەنگڵس** ماتریاڵست، مادی : materialists بوون.
ئەوەی دەربارەی جیهان ومرۆڤایەتییە لەلایەنی مادییەوەیە، ئەوان دەبینن هۆیەمادییەکان لەپشت هەموودیاردە سروشتییەکانەوەن. مت بوونە:underlie لەبەر ئەوە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێشمەرجی پێشکەوتنی هێزی ماتریاڵ و هێزی بەرهەمهێنانە. پێشکەوتنی پێویستییەکانی بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای موڵکییەتی تایبەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان درووست دەکات، بۆیە ئەمرۆ دەبینین کە چۆن پێویستییەکانی بەرهەمهێنان موڵکایەتی لە دەستی زۆرینە دەردەهێنێت و لە کەمینەیەکی زۆر کەمدا قەتیسی دەکاتەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ئەم گەشەکردنە کە لەسەر بنەمای موڵکدارییەتی تایبەتی دامەزراوە، لە درێژ ماوەدا بەو ئاراستەیەدا دەڕوات کە سۆشیالیستەکان پلانیان بۆ داناوە.
ئەمە وا لە سۆشیالیستەکان دەکات درک بەوە بکەن ئەوە کامە هێزە بەپێی جێگاو ڕێگا کۆمەڵایەتییەکەی لە بەرهەم هێناندا بەرژەوەندی لە سۆشیالیزمدا هەیە، لێرەوەیە دێنە پشتی ئەم هێزەو زیاتر هۆشیاری دەکەنەوەو ئەو پەیامەی لەسەر شانیانەو ئەو هێزە پرۆلیتاریایە. **this force is the proletariat**

**ئەنگڵس** لە ١٨٤٢ لە مانشستەر لە ئینگڵتەرا نیشتەجێبوو لەنێوەندی پیشەسازی ئینگلیزیدا پرۆلیتاریای ناسی.
چووە ناو کاری کۆمپانیای پیشەسازی کە باوکی بەشی تێدا هەبوو. لەوێ ئەنگڵس لە نوسینگەی کارگەکە دانەدەنیشت، بەڵکو بە گەڕەکە هەژارنشینەکاندا:slums دەگەڕاو دەسوڕایەوە، کە شوێنی کۆبوونەوەی کرێکاران بوو. بەچاوی خۆی هەژاری و بەدبەختی خەڵکی بینی، بەڵام هەر بەو تێبینییانە کەسیتییەوە نەوەستا، هەرچییەک هەبوو دەربارەی باری چینی کرێکاری بەریتانی هەمووی دەرخست: revealed بەچاودێرییەوە دیراسەی هەموو دۆکیومەنتە ڕەسمییەکانیکرد کە دەیتوانی دەستی بخاتە سەر. بەرهەمی ئەو دیراسەو تێبینییانە لە ١٨٤٥ بەرهەمهات.

پێشتر باسمانکرد ئەو خزمەتە سەرەکییانە چی بوون کە **ئەنگڵس** لە کتێبەکەیدا پیشکەشی کرد،
"بارودۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا:The Condition of the Working Class in England
تەنانەت پێش **ئەنگڵس** زۆر کەس وەسفی ئازارەکانی پرۆلیتاریایان کردبوو، ئاماژەیان بە پێویستی یارمەتیدانیان کردبوو. **ئەنگڵس** یەکەم کەسە کە دەڵێت: پرۆلیتاریا چینێک نییە تەنها ئازار بچێژێ، بەڵکوله ڕاستیدا بارە ئابورییە خراپەکەی پاڵنەرێکە پاڵی پێوە دەنێت بۆپێشەوە بەرەو ڕزگاری

یەکجاری، بۆیە پرۆلیتاریای تێکۆشەر تەنها خۆی ڕزگارکەری خۆیەتی.
بزوتنەوەی سیاسی چینی کرێکار ڕابەرایەتی خەباتی کرێکاران دەکات بە ئاراستەی ئەوەی کە کرێکاران لەوە تێبگەن کە تەنها **سۆشیالیزم تاکە ڕێگەی ڕزگاربوونە**: only salvation lies in Socialism
وە لەلایەکی ترەوە سۆشیالیزم نایێتە هێز تاکو نەبێتە هیوایەک بۆ تێکۆشانی سیاسی چینی کریکار، ئەوە ئایدیای سەرەکییە لە کتێبەکەی **ئەنگڵس** دەربارەی "**بارودۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا**"، ئەمڕۆئەوە لەلایەن هەموو پرۆلیتاریاوە کە بیردەکەنەوە تێبکۆشن ئایدیایەکی پەسەندکراوە.
ئەو ئایدیایانەی لەو کتێبەدا خراونەتەڕوو بە شێوەیەکی ڕاست ئەو کاتەزۆر تازەبوون.

کتێبەکە بابەتێک بوو بۆ تاوانبارکردنی کەپیتاڵیزم و بۆرجوازی، ئایدیایەکی قوڵی لەسەریان خوڵقاند.
کتێبەکەی **ئەنگڵس** گوێزراوەتەوە بۆ هەموو شوێنێک، باشترین وێنە دەخاتە ڕوو، دەربارەی چینی پرۆلیتاریای مۆدرن، هەروەها لەڕاستیدا نەپێش ١٨٤٥ و نەلەدوای ئەو ساڵە بەو ڕاستییەوبەو مەئساتە وێنەی چینی کرێکار بەو شێوە ڕاست و تاسێنەرو سەرسوڕهێنەرە:strikingدەرنەکەوتووە.

**ئەنگڵس** تاکو نەچووە ئینگلتەرا نەبوو بەسۆشیالیست، لەمانشستەر پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی بزوتنەوەی کرێکارانی ئینگلیز بەست، ئەو کاتە لە بڵاوکراوەکانی سۆشیالیستی ئینگلیز دەینوسی.
لە ١٨٤٤ لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیاو تێپەڕبوونی بە پاریس دا **مارکس** ی ناسی. پێشتر لەپاریس ئاگاداربوو لەژێر کاریگەری سۆشیالیستەکان و ژیانی فەرەنسی مارکس یش بووبوو بە سۆشیالیست،
---------------------

پێکەوە کتێبی "**خێزانی پیرۆز**"The holy familyیان نوسی،
"**ڕەخنە لە ڕەخنەی ڕەخنەگران**"Critique of Critical Critiqu مارکس گەورەترین بەشی ئەم کتێبەی نوسی. پێش ساڵێک لە دەرچونی کتێبی" **بارودۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا"** Condition of the Working Clas in Englandدەرچوو. بنچینەیەک دادەنێت بۆ ئەم سۆشیالیستە ماتریالیستە شۆڕشگێڕە. ئایدیای سەرەکی کەلە سەرەوە باسمانکرد:expounded
**"خێزانی پێرۆز" ناوێکی گاڵتە ئامێزە** بە براکانی **باوەرس** و فەیلەسوفەکان و شوینکەوتووەکانیان، ئەو کەسانە مژدەبەخشی:preeched ڕەخنە بوون، لەسەروی هەموو ڕاستییەکانەوە دەوەستان، لە سەروی هەموو پارتەکان و سیاسەتەکانەوە بەڕەخنەی گشتگێری: mass critically. هەموو چالاکیەکی زانستییان ڕەتکردبووەوە.
**مارکس و ئەنگڵس** چالاکانە ڕووبەڕووی ئەو مەیلە زیانبەخشە نامۆیە: absurd وەستان.

بەناوی کەسایەتی وبەفیعلی مرۆڤدۆست، هەرچی جیهانێک کە دەسەڵاتدار زوڵمی لێبکات، دەوڵەتێکە کە داوای تیاڕامان:contemplation ناکات، بەڵکو ئەرکی تێکۆشانە بۆ بەدەستهێنانی باشترین کۆمەڵگەی ڕێکخراو. بەدڵنیاییەوە ئەمە تەنها بە پرۆلیتار دەکرێت، ئەو هێزەی کە تێکۆشان لە بەرژەوەندی ئەودایەو ئەوتوانای بەرپاکردنی هەیە.

پێش بڵاوبوونەوەی کتێبی"خێزانی پیرۆز" **ئەنگڵس** "خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە ئابوری سیاسی" Critical Essays on Political Economy بڵاو کردەوە.

تیایدا لە گۆشەنیگای سۆشیالیستییەوە ڕاستیە بنچینەییەکانی یاسای ئابوری هاوچەرخ کەهەڵقوڵاوی زاڵبونی موڵکایەتی تایبەتە شیدەکاتەوە. پەیوەندی **مارکس**بە **ئەنگڵس** ەوە پاڵنەرێک بوو بۆ گرنگیدان بە ئابوری سیاسی، ئەو زانستەی کە بەرهەمهێنەری شۆرشێکی ڕاستەقینەبوو.
سالّی ١٨٤٥_١٨٤٧ **ئەنگڵس** لەنێوەندی کرێکارانی برۆکسڵ و پاریس ژییا. لایەنە تیۆری و پراکتیکییەکانی خۆی لێک گرێدابوو لە کارکردنی لەگەڵ کرێکارانی ئەڵمان لەم دوو شارە. لەم کاتەشدا **مارکس و ئەنگڵس** پەیوەندیان لەگەڵ ڕێکخراوێکی نهێنی بە ناوی "کۆمەڵەی کۆمۆنیستی" درووست کردبوو، بەڵێنیان پێدابون کەبنەماکانی سۆشیالیزم داپڕێژن. ئەوە بوولە ١٨٤٨مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست: Manifesto of the Communist Partyبڵاو کرایەوە. ئەو نامیلکە بچوکە نرخی کتێبێکی تەواوی هەیە بۆ ئەمڕۆو ڕوحێکی ئیلهامبەخشە هەروەها ڕێگەنیشاندەرە بۆ هەموو پرۆلیتاریای ڕێکخراوو تێکۆشەر لەدونیای ئەمڕۆماندا.
شۆڕشی ١٨٤٨ یەکەمجار لە فەڕەنسا هەڵگیرسا، دوایی هەموو وڵاتەکانی تری ئەوروپای ڕۆژئاوای گرتەوە، وایکرد کە **مارکس** و**ئەنگڵس** بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان.

لەوێ لە ڕاین پروسیا : هەرێمی راین Rhenish Prussia ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی دیموکراسی
بەناوی "ڕاین ی نوێ" یان لە ئەستۆ گرت، لە شاری کۆڵن دەردەچوو. هەردوو هاورێ ئیلهامبەخشی شۆرشی دیموکراتی بوون لە هەرێمی ڕاین. Rhenish Prussia بەوپەڕی هێزیانەوە دژی هێزی کۆنەپەرست بوون و بەرگرییان لەبەرژەوەندییەکانی گەل وئازادی دەکرد. وەکو ئاشکرایە ڕۆژنامەی "ڕاین ی نوێ" وەستاو لەکارکەوت، کاتێ کە مارکس لە تاراوگەو مەنفا: exile بوو، مافی نیشتەجێبونی لە پروسیا لێ سەندرایەوەو دیپۆرتکرایەوە. **ئەنگڵس** بەشداربوو لە ڕاپەڕین: انتفاضة uprising لە سێ شەڕدا جەنگا، دوای شکستی جەنگاوەرە شۆرشگێرەکان لە ڕێگەی سویسراوە چوو بۆلەندەن.

**مارکس** لە لەندەن نیشتەجێ بوو، ئەنگڵس وەکو کاتب دامەزرا، شەریکەبەشیش بوو لە دامەزراوێکی پیشەسازی لە مانشستەر لە تەمەنی چلەکانیدا. تا ساڵی ١٨٧٠ ئەنگڵس لە مانشستەرو مارکس لە لەندەن دەژیان. بەڵام ئەوە نەبوو بە ڕێگر لەبەردەمیان بۆ گۆرێنی ئەو ئایدیایانەیان کە پڕبوو لە زیندویەتی، ڕۆژانە نامەیان بۆیەک دەنارد، لەم نامەگۆڕینەوانەدا ئەم دوو هاورێیە بیروبۆچونیان لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕدەکرد لە دنیابینی و هاوکاریکردن لەسەر زانستی سۆشیالیستی بەردەوام بوون.

لە ساڵی ١٨٧٠ ئەنگڵس لە لەندەن نیشتە جێ بوو، درێژەی بە پەیوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ مارکس، ئایدیایەکی هاوبەش و چالاکییەکی زۆر پڕپەرۆشی وماندویەتی پێکەوەی گرێدابوون، تاکو کۆچی دوایی مارکس لە ١٨٨٣ پێکەوە بەردەوام بوون.
بەرهەمی ئەوکارەیان بۆ مارکس کتێبی "سەرمایە: Capital" بوو. مەزنترین کاری ئابوری سیاسی یە لەچەرخی ئێمەدا. بەڵام **ئەنگڵس** کۆمەڵێک کتێبی گەورەوبچوکی هەبوو. **مارکس** کاری لەسەر شیکردنەوەی دیاردە ئاڵۆزەکان لە ئابوری سیاسی دەکرد. **ئەنگڵس** بە شێوازێکی خیتابی

و حەماسی و وەکو چارەسازێک زۆربەی کات کێشە زانستییەکانی دەخستەڕوو. هەروەها زۆر کێشەی ئێستاورابوردو لەنێوەندی ئاراستەی تێگەیشتنی ماتریاڵی بۆ مێژوو لای **مارکس** دەخستەڕوو. بیردۆزی ئابوری لە نێوەندی دانراوەکانی **ئەنگڵس و** کتێبە حەماسییەکانی: polemical دا باس دەکرد.

"ڕەچەڵەکی خێزان و موڵکایەتی تایبەت ودەوڵەت" The origin of the Family, Private Property and the State" وەرگێردراوەتە سەر زمانی ڕوسی لە ١٨٩٥ لە سانپترسبۆرگ بڵاوکراوەتەوە. بابەتێک دەربارەی "**سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ڕوسی**" وەرگێردراوەتە سەر زمانی ڕوسی، هەروەها کۆمەڵێک بابەتی مەزن دەربارەی خانووبەرە: housing question. لە کۆتاییدا دوو بابەتی باوو فراوان دەربارەی سەرمایە :..The capital، بەهەرحاڵ مسۆدەکەی تەواوو ئامادەبوو، دوای کۆچی هاوڕێکەی، **ئەنگڵس** ئەرکی قورسی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی خستە ئەستۆی خۆی. بەشی دووەم لە ١٨٨٥ بڵاوبووەوە، بەشی سێیەم لە ١٨٩٤، مەرگ ڕێگەی پێنەدا تاکو بەشی چوارەم ئامادە بکات. ئەو دوو بەشە فراوانترین و گەورەترین بەش بوون. سۆشیال دیمۆکراتی نەمساوی **ئەدلەر** ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو دووبەشەی سەرمایە بەفیعلی کاری هاوبەشی **مارکس و ئەنگڵس** بوون.

**ئەنگڵس** مۆنمێنتێکی دروستکرد بۆ کەسێکی تایبەت ولێهاتوو کە هاوڕێی بوو. بەبێ مەبەست ناوی ئەوی لەسەر نەخشاند. بەدڵنیاییەوە ئەو دوو بەشەی سەرمایە کاری ئەو دوو پیاوە بوون. لە داستانە کۆنەکاندا جۆرەها نمونەی هاوڕێیەتی تێدایە لەسەر پرۆلیتاریای ئەوروپی، ئەو زانستەی کە هەردوو زاناو تێکۆشەر **مارکس و ئەنگڵس** خوڵقاندیان، پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر نمونەی بەرزییە لەناو زۆربەی چیرۆکە کۆنەکان دەربارەی هاوڕێیەتی ، هەمیشە **ئەنگڵس** لەڕیزبەندیدا بەدڵنییایەوە دادپەروەرانە خۆی دەخستە دوای **مارکس** ەوە.

ئەنگڵس بۆ هاوڕێیەکی دێرینی نوسیویەتی" هەمیشە دووەم کەمانجە ژەن بوومە لەدوای مارکس" ەوە

خۆشەویستی بۆ **مارکس** ی زیندوو، ڕێزی بۆ **مارکس** ی کۆچکردو بیرەوەرییەکی بێکۆتاییە، تێکۆشەروبیرمەندێکی پتەو،خۆشەویست بوو تا قوڵایی ڕۆح.

دوای بزوتنەوەی ١٨٤٨_-١٨٤٩ **مارکس و ئەنگڵس** لە تاراوگە چالاکیەکانیان تەنها لە بواری زانستدا قەتیس نەمابوو. لە ١٨٦٤ **مارکس** "**کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران**"ی دامەزراند،بۆ دەیەیەک ڕابەرایەتی کرد.

**ئەنگڵس** لەبەڕیوەبردنی بەشێکیدا چالاک بوو، کاری کۆمەڵەی نێونەتەوەیی لە گەڵ ئایدیاکەی **مارکس** دا وەکو یەک بوون. یەکگرتنی کرێکارانی هەموو جیهان: United proletarians of all countries

مانایەکی بەرزی هەیە لە گەشەسەندنی بزوتنەوەی چینی کرێکار. بەڵام تەنانەت بەداخستنی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی. ڕۆڵی یەکگرتوی **مارکس و ئەنگڵس** نەک هەر نەوەستا، بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆ بزوتنەوەی چینی کرێکار بەردەوام لە گەشەدابوو. چونکە بزووتنەوەکە بۆخۆی بەبێ داپڕان گەشەی دەکرد. دوای کۆچی دوایی **مارکس**،

**ئەنگڵس** وەکو ڕاوێژکارورابەری ئەوروپای سۆشیالیستی بەتەنها بەردەوام بوو. ئامۆژگارییەکانی و ئاڕاستەکانی گفتوگۆبوون بۆ یەکسانی. لەلایەن سۆشیالیستەکانی ئەڵمانیاوە بەهێزبوون

سەرباری چەوسانەوەو سەرکوت لەلایەن حکومەتەوە. خێرا گەشەی دەکرد. بە نوێنەرایەتی وڵاتانی دواکەوتوی وەکو ئیسپانیاو، ڕۆمانیا، رۆسیا ناچارکرابوون بیربکەنەوەو یەکەم هەنگاویان بنێن، هەموویان بەرهەمی ئەو ئەزمونە دەولەمەندەی **ئەنگڵس** ی بەتەمەن بوون. **مارکس و ئەنگڵس** هەردووکیان زمانی ڕوسییان دەزانی و کتێبە ڕووسیەکانیان دەخوێندەوە، گرنگییان بە ڕوسیا دەدا. بە خۆشەویستییەوە دوای بزوتنەوەی شۆڕشگێری ڕوسیا دەکەوتن، لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ڕوسیا. بوون بە سۆشیالیست دوای ئەوەی کە هەردووکیان دیموکراسی بوون. هەستی دیموکراتخوازییان ورق پاڵپێوەنان بەرەو ئەوپەڕی ڕقبونەوە لە چەوسانەوەی سیاسی.

ئەم هەستە سیاسیە ڕاستەوخۆیە لەگەڵ تێگەیشتنێکی قوڵی تییۆری لە پەیوەندی نێوان سەرکوتی سیاسی و زوڵمی ئابوری هەروەها ئەزمونی دەولەمەندی ژیان یەکیگرتەوە. وای لە **مارکس وئەنگڵس** کرد بەشیوەیەکی یەکجار بەرزو سیاسیانە وەڵام بدەنەوە. لەبەرئەوە تێکۆشانی پاڵەوانانەی لەناو دڵی ئەو خاوەن ئەزمونە شۆڕشگێڕانەدا دژی حکومەتی بەهێزی قەیسەر وەکوکاریگەری عاتفی دەنگی دایەوە. لە لایەکی ترەوە مەیلی خراپەکاری بەناوی سودمەندی ئابورییەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئەرکە گرنگە هەنوکەییەکانی ڕوسیای سۆشیالیست، بە ناوی بەدەستهێنانی ئازادی سیاسی. سروشتیانە دەرکەوت و جێی گومانبوو بۆیان. تەنانەت وەکو ئاشکراکردنی نهێنییەک و هۆیەکی گەورەی شۆرشی کۆمەڵایەتی گرنگیان پێدا. **مارکس و ئەنگڵس** هەمیشە دەیانگوتەوە:

"**ڕزگاری چینی کرێکار پێویستە لەلایەن چینی کرێکار خۆیەوە بێت**"

بەڵام بۆ ئەوەی پرۆلیتاریا لە پێناو ڕزگاری ئابوری تێبکۆشێت ، پێویستە ئاشنابێت بە مافە سیاسیەکانی خۆی.
لەلایەکی ترەوە **مارکس و ئەنگڵس** بەڕوونی دەیانبینی کە شۆرشی سیاسی لە ڕوسیاو لە ئەوروپای ڕۆژئاواش لەلایەن بزوتنەوەی کرێکارییەوە گرنگییەکی مەزنی هەیە ،ڕوسیای ئۆتۆکراتی هەمیشە سەنگەری کاردانەوەی کۆنەپەرستی هەموو ئەوروپا بووە. باری گونجاوی ڕوسیای دەوڵەتی تاکو ئەوپەڕی پەرەی سەندبوو، بووە هۆی هەلگیرسانی جەنگی ١٨٧٠. بۆ ماوەیەکی درێژ تۆوی ناکۆکی چاند لەنێوان ئەڵمانیاو فەڕەنسا. ڕوسیای ئۆتۆکراتی بەهێزێکی کۆنەپەرست وەسفدەکرا.
بۆ سەرکوتکردنی پۆڵۆنیاو فنلەندو ئەڵمان و ئەرمەن و گەلە بچوکەکانی تر، بەردەوام بوو لە لەچاڵنانی ئەڵمانیاو فەڕەنسا، یەکیان بۆ سەر ئەویتربۆئەوەی خۆی لەژێر باری جەنگ ڕزگاربکات و هەناسەی ئازادی هەڵبمژێت، ئەرکیبووکەهەموو توخمە کۆنەپەرستەکانیش لە ئەوروپا لاواز بکات ، وە هێزی چینی کرێکاری ئەوروپا زیاد بکات. لەبەر ئەو هۆیەو لەبەر سەرکەوتنی چینی کرێکار لە ڕۆژئاواش **ئەنگڵس** ئارەزوویەکی گەرمی هەبوو کە ئازادی سیاسی لە ڕوسیا پێک بێنێت.
شۆڕشگێڕانی ڕوسیا نزیکترین هاورێیان لە دەست دا.
با هەمیشە شانازی بە بیرەوەری مەزنترین جەنگاوەرو مامۆستای پرۆلیتاریا مارکس و ئەنگڵس ەوە بکەین،!

---------------------------------------------------------------------------------

سەرچاوە
https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1895/misc/engels-bio.htm

**کۆمۆنیزم بۆ مناڵان**
**کۆمۆنیزم بۆ هەمووان**

ئینتەرڤییوی **جەیکاب بلمینفیلڵد** لەگەڵ **بینی ئادەمزاک** نوسەری کتێبی "کۆمۆنیزم بۆ مناڵان"
**لە ئینگلیزییەوە شلێر ڕەشید**
**٢٠ی مەی ٢٠١٧**




ئینتەرڤییو لەگەڵ **بینی ئادەمزاک** نوسەری  کتێبی "کۆمۆنیزم بۆ منالّان"
**بینی ئادەمزاک** و **جەیکاب بلومنفیڵد**
تانۆدەمیکۆ لەماڵە دەست بەسەراگیراوەکانی فرانکفۆرت
[کەیسی نیلی دیفرانکفۆرت دەگرێت سول مینو]. ١٩٧٢. لە بنچینەدا لە ڤۆڵیڤامۆ سۆکۆ کامبێری بڵاوبووەوە، لەژێر ناونیشانی ئەپیلۆ ئەلەڕیلیۆن[داوای یاخیبون]  کتێبی سەردیوار دەخوێنێتەوە."
"با منالّان یاخی بن!"

**١-جەیکاب بلمینفیڵد**: بۆچی کتێبی "**کۆمۆنیزم بۆ منالّان**" ت نوسی؟

**بینی ئادەمزاک**: کتێبەکە لەو نێوەندەدا نوسراوە کە پێی دەگوترێت "کۆتایی مێژوو"
چەرخی مێژوویی لە نێوان ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت و هەستانی بەهاری عەرەبی. ئەوە ئەو کاتە بوو کە بزووتنەوەیەک لە بزاوتندابوو دژی جیهانگیری بەدەوری دروشمی"<u>جیهانێکی تر ئەگەری</u>

<u>هەیە</u>." درووشمەکە بەهێزبوو چونکە ئەدرەسێک بوو بۆ ئەتمۆسفیری کۆمەڵایەتی، هەستی زۆرایەتی بوو لەو کاتەدا.کەپیتاڵیزم بردییەوە، دیموکراسی تاکە هەڵبژاردە بوو. ئەوە شتێکە کە هیوامان پێبێ بۆ گۆرانێکی کەم. هەموو کەسێک خۆی بوو، هەروەها ئەوە بوارێکی تر بوو بۆ کار لە بواری تایبەتدا، هەموو کەسێک خۆی بۆ خۆی بوو. کە بڵێی"دنیایەکی تر ئەگەری هەیە" ئەوە تەحەدای ئەو هەستە هاوبەش دەکات.

دووەم مەرجی کۆمەڵایەتی بۆ کتێبەکە بەشبەشبوونی چەپ بوو. ئەوە پەیوەست بوو بە "<u>کۆتایی مێژوو</u>" هەروەها هەستکردن بە ئەزمونی بوونی فیعلی، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی خەڵک بەردەوامن لە جەنگ بۆ گۆرانی کۆمەڵایەتی. زۆربەی کات لە هەوڵدانی تاکە کەسیەکاندا. هاوپەیمانی پێک دەهات بە زۆری لەسەر بنجینەی ئەو مەسەلە تاکە جیاوازانە، وە بە زۆری لە ڕابوردودا شکستی هێناوە.

لە ٢٠٠٣ گروپیکی چەپی دۆگما دژی فاشیزم و ڕادیکاڵ ڕێکخرا لەفرانکفۆرت کۆکرایەوە، پێی دەگوترا کۆمۆنیزمی نادیاریکراو بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ئامانجیان کۆکردنەوەی چەپەکان بوو دژی نەتەوەیی و دژە ڕەگەز, زاناکانی ژینگە ئیکۆڵۆجست دژی سەرمایەداری بۆ کردنەوەی کەلێنێک بۆ هەلێک.

بەڵام کتێبەکە بۆ هەموو کەسێکە کە چێژی لێ دەبینێ " وەکو زمانی مناڵ" زمانی سادەو ئاسانە، ئەم کتێبە بۆ تەمەن نییە. بە پێچەوانەوە دەربارەی بوونی خەونە ڕادیکاڵەکانە. هیوام وایە کە پێویست نەکا باسی بکەم.بەڵکو تەنها ڕوون بێت، ئەگەر بتەوێت دنیا بگۆرێت و گفتوگۆ لەسەر نمونە ڕادیکاڵەکانی گۆران بکەیت. پێویست ناکات زانستی سیاسی بخوێنیت، وە بۆ ئەوانەش کە لە تێکستی سادە دەترسن (ترسیان لە تێکستی تازەیە). تیۆری کۆتاییش هەیە.

ناونیشانی کتێبەکە ئەو وشەو دەستەواژانە دەگرێتەوە کە بۆ "مناڵن". چونکە ناونیشانی مناڵ دەداتە پاڵ هەموو کەسێک عادەتەن شەو کاتی کتێب خوێندنەوەیە، زۆربەی جار کاتژمێت ١٠ دەست پێدەکات،، زۆر جاریش بەوە دەست پیدەکەم دەڵێم" دڵخۆشم کە ڕێگەم پێ دەدەیت بە ئاگابم، بۆ ئەو ماوە درێژە بەڵێن دەدەم بە کۆمۆمیزم نابێ کەس بچێ زوو بخەوێت". کتێبەکە ئەو ناونیشانە لە خوینەر دەنێت وەکو کەسێک کە ڕادیکاڵانە خەیاڵ بکات، بۆیە ئەوە دەنرێتەلاوە کە دنیا وەکو خۆی بمێنێتەوە(وەکو ئەوەی کە هەمیشە هەروا بوویێت).

**٢-جەیکاب بلمینفیلد -** لە چیرۆکەکەدا وەسفی هەوڵەکان وادەکریت کە دەبی وابکەین کە کۆمۆنیزم بێتەدی، ئیلهامی ئەم جۆرە کۆمینزمانە چین؟

**بینی ئادەمزاک** زۆربەی هەوڵەکان بەشێوەیەکی خاو دەکەویتە سەر نمونەی مێژوویی یان یۆتۆبیا، دیموکراسی کۆمەڵایەتی، سندیکایی، دەوڵەتی سۆشیالیستی ...هەندێک فۆرمی ...هەرچی هەوڵێک کە شکستی پێ لە هەندێ دەرکەوتنی خەونی کۆمۆنیزم، خەڵک کۆتایی بەوە دێنێت و هەوڵی جیاوازتر دەدات، بەڵام لێرەدا خەڵک بە کردن و کردار فێر دەبن.

هەوڵیان داو پرسیاریان کرد. ئایا نمونەی ئۆتۆپیا چارەسەرە بۆ سەرمایەداری سەرکوتکەر. وە بۆ کامیان؟ ئایا ژیانی ئێستا باشترە لە ژیانی پێشتر، لەژێر سایەی سەرمایەداری دا؟ لە ڕوویەکەوە؟ ئایا دڕندەیی نوێ سەرهەڵدەدا، چی دەمژێت؟ بەم ڕێگەیە یۆتۆبیای مێژوویی جۆراوجۆر پیکەوە هێنرانە دیالۆگەوە، ئێستا دەتوانین ڕەخنە لە یەک بگرین خالە بەهێزەکانی بخەینە ڕووو. هەوڵی نوێ دێتەبەرهەم و دەناسێنرێت بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر ئەوەی پێشوودا، بەدڵنییاییەوە بەراورد بە زەمەنی مێژوویی کۆمەڵەی وەکیلەکان لێرەدا خێراتر فێردەبێت. درێژترین هەوڵ شەش لاپەڕە دەبێت.

**٣-جەیکاب بلمینفیلد** دەتوانێت نمونەمان بدەیتێ لەسەریەکێک لەو زنجیرانە؟
**بینی ئادەمزاک** بە دڵنیاییەوە، لێرەدا دەق هەیە لەناو کتێبەکە خۆی، ئێستا خەڵک درۆ دەکەن دەربارەی ژەمە سوکەکان، گۆلاوێک لە شەربەتی ترێ، دنیایەک زیاد لە تکتی فیلم، لەگەڵ زەحمەتییەکی گەورە، دیسان پیتەکانیان دۆزییەوە، هەوڵیان دەدا هەستنە سەرپێ، بەجدی هەوڵیان دەدا، لێرەدا کێشەیەک هەیە، ئەوانە ئێستا تەقریبەن گێل و گەمژەن لەچاو پێشترەوە لەژێر سایەی سەرمایەداریدا. بۆیە یەکەم پێشنییاریان زۆر باش نەبوو. "یەکێ وتی تێگەیشتم". کاتێ کە هەموو کەسێک هەمان ڕێژە شتی دەست دەکەوێت، کەس بیانوی کارکردنی نامێنێ، بۆیە هەموومان شێت دەبین، چارەسەر ئاسانە. هەموو کەسێک دەبی ڕێک ئەوەنەیان دەست بکەوێت کە خۆیان دەیکەن".

هەروەها بەوجۆرا چاوەڕێ، ئەوەنە خێرا نییە! خەڵک دین بۆ هەستەکانیان، دەزانن هەست دەکەین دەبێت قسە بکەین کاتێک کە شتێک ڕاست نییە. "ئەمە ئایدیای باش نییە" هەندێ کەس هاوار دەکەن، هەندێک کەس ناتوانن بە جدی کاربکەن وەکو ئەوانیتر. هەندێ کەس ئەوەنە شتیان پێویست نییە وەکو کەسانی تر، چونکە پیویستییەکانیان ئەوەنە دادپەروەرانە نییە.

ئەوە ڕاستە! کەسانی تر دەڵێن" لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر هەموو شتێک بەدەوری ئەو شتەگەمژانەدا دەسووڕێتەوە، ئێمە ڕاڕاین، هەریەکە لەئێمە چەنێ شت درووست دەکات، وە چەند کەس دەستی دەکەویت، دیسانەوە ئێمە پرسیارە سەرەکیەکە فەرامۆش دەکەین، دەمانەوێت چۆن بژین؟

**٤-جەیکاب بلمینفیلد** لە کتێبی ئەپڵۆک دا دەنوسی زۆربەی ڕەخنەکانی کەپیتاڵیزم تەنها تەرکیز دەکاتە سەر یەک لایەن، کەپیتاڵیزم، هەروەها توخمە دیاەکانی کەپیتاڵیزم کۆتایی دێ لە دژی توخمەکانی تر، دەتوانیت ئەمە ڕوون بکەیتەوە؟

**بینی ئادەمزاک** لە ئەپڵۆگ، لە پێشەکی کتێبەکەدا جیاوازی دەکەم لە نێوان بەرهەمهێنەرو سورانەوەی و لەنێوان فۆرمی بەرخۆری لە دژی کەپیتاڵیزم، هەریەکە لەوانە بە ئایدیاکردنی

چرکەیەکی دیاریکراوی کەپیتاڵیزم و  دایدەنێت دژی چرکەکانی تر.
بۆ نمونە فۆرمی دژی کەپیتاڵیزم گفتوگۆدەکەم لە ڕەخنەی دژی کەپیتاڵیزمەوە کە تەرکیز دەکاتە سەر دابەشکردنی لە یەکەم چاوپێخشاندا زۆر دیارە کە جەنگی ئابوری قورس بکات، بەرزکردنەوەی زەریبە بەسەر ساماندارەکاندا.
زەریبە لەسەر موعامەلاتی ماڵی و شتی لەوجۆرە. بەڵام چۆن ئەم نایەکسانییە لە شوێنی یەکەمدا دەردەکەوێت؟  کە سامان بەرهەمدێنێت و دەست بەسەراگرتن وتایبەتیکردن ؟ ئایا دەولەتیکی بەهێز حەزو ئارەزووی ئێمەیە؟ یان باشترە خۆمان باشتر ڕێک بخەین؟ ئەم پرسیارانە فۆرمێک و شکڵێک بەرز ناکاتەوە دژی کەپیتاڵیزم.

ڕەخنەیەکی تر لە سەرمایەداری زیاتر زاڵ بووە لەم دەیەیەی دوایدا. تەرکیز دەکاتە سەر بەرخۆری، کەلتوری براندو مارکە و ڕێکلامکردن. کێشەکانی ژینگە و تەندروستی، ئینتباعێکە زۆر گرنگە مەیلی بەلای تاکداو بڕیاری بەرخۆری بە چاوپۆشی لە پەیوەندییە چینایەتییەکان و پەیوەندییە خێزانییەکان و ..هتد.
کەسانی ماڵەوە هەرچۆنێک بێت دەبینرێن وەکو بوونەوەرە سروشتییەکان وەکو ئەوەی خەڵک وەکو پێویستی هەمیشە دەخوات، گو دەکات، سەیری تیڤی دەکات بە تەنها لە ژوورە بچوکەکەیدا قفڵێکی گەورە بە دەرگاکەیەوە، هێشتا فۆرمێکی تر لە دژی سەرمایەداری ڕەخنە دەگرێت لە تەرکیزکردنە سەر بەوجۆرەی کە کاردەکەین.گۆشەگیری یان دیاریکردنی خود لە شوینی کار، ئەم ڕەخنە زۆر بەهێزبوو لە ١٩٦٨ لە هەندێ باردا زۆر کەوتبوو... کار زۆرجوان لەوکاتەوە گۆڕا.
هێشتا هەر گرنگە کاری هەرەوەزی و توانای تەوجیهات.

کاتی کاری فلکسبڵ ولاستیکی، هێشتا هەر گرنگە ئاماژە بەو هەموو بەرەوباش چوونە بکرێت لەوەی کە چۆن ستراتیجی بەکار دەهێنن بۆ زیادکردنی قازانج.بۆ ئەوە بەکار نەهێنراوە بۆ ئەوەی ژیانمان بێدوودڵی و ئارام بێت.
بەڵکو بۆ ئەوەی ژیانمان زیاتر ئاسودەبێت و بۆ ئەوەی ژیانمان بەرهەمهێنبێت لێرەوەو هەتا دوایی ترس لە کوشتن  لە کاتی بەسەرچووی سێ ڤێ و پرۆژەکان و ماندووبوون و کەئابەو شکستی ئابووری.

پێشنییار دەکەم کە ئەم فۆرمانە لە ڕەخنە دژی یەکتر دانەنرێن ئەگەر لە ئاڵۆگۆڕ  ی تایبەت بن.
بەڵام پێکەوە بیانهێنن تاکو ئەوکاتەی کە ژیانی باشتر مانای تەندروستتر بەرخۆری یان ئیسراحەت یان یەکسانتر لە دابەشکردن، بەشی سەرمایەداری لە بواری کۆمەڵایەتی بۆ ناو  کساد اقتسادی کە بۆ خۆی کێشەیە.

**٥-جەیکاب بلمینفیلد** چەند گرنگە لە ڕێگەی تێگەیشتنی کەپیتاڵیزمەوە کۆمۆنیزم بێنیتە پێش چاو.

**بینی ئادەمزاک** بە ڕاستگۆییەوە بڵێم پروانەکەم ئەوەنە گرنگ بێ، کرستین سیفیک پرۆگرامەری سۆفت وێر ە، هەروەها تیۆری مارکسی هەوڵیدا کۆنسێپتەکە گشتگیربکاتەوە لە وێکیپیدیاو لینوکس هەروەها ئەوانەی کە دژی بەرهەمهێنانی بنچینەیی باون یان هاوبەشیان بەرهەمهێناوە. common based peer production

جارێکیان پرسیاریک هاتە ئاراوە، ئایا پێویستە لە کەپیتاڵیزم ڕێگەی بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەریدا دوای هەموو شتێک وەڵامەکەی "نا" بوو.

پێویستە لەسەر ئینسان بەشداری لە کۆمۆنایزینگ هاوبەشی سیاسی ئەکات. هەروەها داهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی یەکسانی و هاوپشتی بەبێ تەواوکردن و گشتگیری کە شیکاری بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بیر لە بۆرجوازی زوو بکەوە. خاوەنکارەکان، فرۆشیارەکان و کرێکارانی ئەمڕۆ بە هۆشیارییەوە consciously

ڕێکیان خستووە بۆ داهاتنی نوێ لە بەرهەمهێنان لە پێناوی کۆتایی پێهێنانی فیوداڵیزم.

بەهەرحاڵ هەبوونی شیکارکردنی کەپیتاڵیزم هەندێ زانیاری دەربارەی مێژووی کۆمۆنیزم و هەوڵی کۆمەڵایەتی یارمەتیمان دەدات زۆر هەڵە لابدەین کە پێشتر چاک کراوە. بۆ نمونە بە هۆی ستراکچەری بەرجەستە، بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. ئەو کەسانەی کە دەستیانکرد بە شەڕکردنی نادادوەری ئابوری زۆر جار کۆتایی دێ بە غەشەی ئەخلاقی و بە شەخسی کردنەوەی سیاسەتەکانیان شەیتان، ئەکسانی ئابوری دوای ئەوە وەکو دەردەکەویت، تەماحکار خوێنمژ بەڕیوەبەرەکان یان سیاسیەکان و کۆمپانیای فرە نەتەوایی شیکارکردنێکی جدی سەرمایاداری دەتوانێت یارمەتیان بدات ئەوە خەڵکی شەیتان لەژێر کارکردی ستراکچەری شەیتانن.
یارمەتیمان دەدات لەوە تێبگەین تەنها ئەوە بەس نییە کە تەنها سەروەتی کۆمەڵایەتی دابەش بکرێت لە نێوەندی دەوڵەتدا تاکو ئەو کاتەی کە ناونیشانمان لێ بێت وەکو تاکی بەرخۆر لە جیاتی ئەوە دەتوانین بە کۆمەڵ ئەم پرسیارە بکەین، ئەو پێویستیانە چین کە دەمانەوێت تێرمان بکات، لە ڕێی چ کارێکەوە؟ یان باشترە دەمانەویت چۆن بژین؟

چۆن تاکو ئێستا ئایدیای کۆمۆنیزم هەر پەیوەندییەکی پروا‌پیکراوە، دوای ئەو کارەساتانەی سەدەی دوایی؟

**بی ئەی** پێویستە ڕوون بین: بەهێزترین مشت ومڕ لە دژی کۆمۆنیزم، کۆمۆنیزم خۆیەتی، کۆمۆنیزمی ڕابردوو لە ڕێگەی کۆمۆنیزمی داهاتوو دەوەستێت، ئەوە ڕاستە بۆ هەموو کەسێک کە خەون بە جیهانێکی جیاوازەوە دەبینێت. ئێمە هاوبەش دەبین لە خەونی ئازاد بوون لە وەسیەتی ڕزگاری دەگۆریت بۆ مۆتەکەیەکی کۆنەپەرستی.

له ۱۹۸۹-۱۹۹۱ لایەنگرانی پرنسیپی سەرکوتی تاک و مافەکانی کە سۆشیالیزمی یەکیەتی سۆڤییەت لە کۆتاییدا هەرەسی هێنا، ئەوەش شکستە دژی جیهانی سەرمایەداری. کەوتنی سۆشیالیزمی سۆڤیەت زۆر زووتر ڕوویدا. بۆیە لە ڕاستیدا ژمارەیەکی زۆر کەوتن هەبوو. ۱۹٥٦،۱۹٤٥،۱۹۳۹،۱۹۳۷،۱۹۲۷، ۱۹۲۱، ۱۹۱۷،۱۹٦۸ زۆربەی ئەم ساڵانە ئەگەری گەڕانەوەی خاڵێکی تێدابوو بەرەو ئازادی یەکسانی هاوپشتی لەسەر بنچینەی پرۆژەی کۆمۆنیست. هەرەس هێیان.

هەرەسی یەکیەتی سۆڤیەتیش لە ئەنجامی لەدەستچوونی هەلی چاکسازی  لە دیموکراسی بوو. بۆ ڕزگاری شۆرش لە ۱۹۹۰  تەقریبەن ئەو هەمووئەگەرە، نادیاری فەرامۆشکردنی دروستکرد، مێژووی کوشتن و بیرۆکراسی ناشت، سەرەڕای ئەوەی گەڕانەوەی لیبرالی ناو کۆمۆنیزم  لە کۆتایی ۱۹٦۰ کاندا. زۆر بەهێز بوو لە جیهاندا. ئەم یاخی بوونە لە کۆتایی ۱۹۸۰ کاندا شکستی هێنا.

بەو جۆرە دنیایەکی جیاواز گەیشت بە دوو هەڵبژاردە دەوڵەتی سۆشیالیست کەپیتاڵیزمی نیۆلیبراڵ، مارگرێت تاتشەر مافی وەرگرت. بە شێوەیەکی دیاریکراو چونکە ئەڵتەرناتیظە ڕاستیەکان لە مێژوودا سڕابوونەوە لە دەیەکانی دواییدا وەهمی ئەوەی کە کەپیتاڵیزم دەتوانێت ئەرکی وەکو کۆتایی مێژوو باشکردنی ژنانی زۆربە. کە سەرمایەداری شارستانی، لەبەر هەوڵدان لە دژی تێکۆشان، زۆر جار بەسادەیی لەبەر بوونی، یەکیەتی سۆڤیەت (زۆر جار بەنادیاری کاری کردووە، سێیەم هاورێی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵات). پێویست ناکا ترس کەپیتاڵیزم دووبارە بکەیتەوەو بیهێنن بۆ ژیانی ئێستا هەموو ڕۆژێک. بەڵام هەرکە خەڵک درکی بە پەیوەستبونێک هەیە لە نێوان ئازارو فۆرمی ئیکۆنۆمی و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەت، چی زووترە دەگەڕێن بۆ ئەڵتەرناتیڤەکان، تارمایی کۆمۆنیزم دیسان دێت و ڕاو دەکات دانیشتن لەناو ڕۆحدا، ئارەزووی ڕێکخستنی ژیان پێکەوە بە یەکسانی هاوپشتی زۆر شیت بتبینێ. تاکگەرایی نەکراوە وەکو نامۆکان و پێشبڕکێکەرەکان پەخشانکراو لە ستراکچەری نەبوون و نەقس.

بەڵکو بەشداریکردن لە فۆرمی هاوبەش، هێشتا  لەگەڵ ئارەزووی بۆ کۆمۆنیزم مێژووە ڕاستەقینەکەی دێت. بێهیوابوون  لە میرات  دەبێت لەگەڵ  ئەمەدا هەڵسوکەوت بکەین، ناتوانی مێژوو لەمە دوور بخەیتەوە.

کارەکەت تەرکیزی کردە سەرچی لەوکاتەوەی کە یەکەمجار "کۆمۆنیزم بۆ منالان" نت بڵاوکردەوە لە ۲۰۰٤ لە ئەڵمانیا؟

بی ئەی ئەرکی کۆمۆنیزم بۆ منالان دووبارە داهێنانەوەی داهاتووە لە نێوەندی کۆتایی مێژوودا. کاتێک کە بەڕاستی سەرمایەداری دەرکەوت لەوە دەچوو بەبێ هیچ ئەڵتەرناتیڤێک، بۆ ئەوەی

ئازایەتییەک بدۆزرێتەوە بۆ خەونێکی گەورە.
ئەوە گەورەترە لە پلانی ژیانی هەر تاکێک و هەندێک ڕیفۆرم و چاکسازی لێرەو لەوێ. بەڵام هەرکە داهاتوو گەڕایەوە، بە گەڕانەوەی دەستبەجێ هاتوو بۆ ئێستای سەرمایە، ڕابوردوش دەگەڕێتەوە، ترس وەکو هیوا لە پرۆژەدایە بۆ داهاتوو
بەڵام هەمان کات لە ڕابوردودا پاڵ پێوە دەنرێت. ئایا سبەینێ دوێنێ بەرهەمدێنێتەوە؟
ئایا هەوڵێکی تر هەیە بۆ سەرکەوتن بەسەر سەرمایەداریدا، هەروەها دووبارە سەرکوتکردنی دەوڵەتی سۆشیالیزم؟ ئایا شۆڕشیکی تر بەرپا دەبێت هەڵە بەرهەمهێنراوەکان دووبارە دەکەنەوە؟
لە سەدەی ١٩ ئەم پرسیارانە ئەوەنە خێرا نەبوون وەکو ئەمڕۆ.
لینین و ستالین و ماو بۆ هەمیشە مارکس یان گۆڕی. هەرگیز ناتوانین خەوببینین وەکو بێگوناه لەسەدەی بیستەمدا ئەگەر جەماوەر ترسی هەبێ لە گۆڕانی ڕادیکاڵی، ئایا بەڕاستی ئەمە هەڵەیە بێهۆشییە یان ڕاستییەکەیانە؟

کۆمۆنیزم بۆ مناڵ لەگەڵ ئەم پرسیارانەدا کۆتایی دێت ئەگەری شەڕ هەیە بۆ پۆست کەپیتاڵیزمی جیهانی. بۆ کۆمۆنیزم بەبێ خستنە ئەستۆی. بۆ کۆمۆنیزم بەبێ ئەوەی هیچ بەرپرسیارییەک بخاتە ئەستۆی خۆی بۆ میرات و وەسییەت.
ستالنیزم و قوربانیەکانی؟ دەوڵەتی سۆشیالیزم بە شێوەیەکی ڕەها ڕەخنەی لێگیراوە بەڵام زۆر بە کورتی، نەک لە بەشی بڕیاردانی نمونە بۆ مەشق. وەکو ئەزمونی سۆشیالیست، بە پشتبەستن بە بازاڕ هەوڵی دەوڵەتی سۆشیالیست لەگەڵ ئەو کەسانەدا کۆتایی دێت کە دەڵێن.
"نا، نا ئەمە کۆمۆنیزم نییە" بەڵام هێزی ئەم وشانە چین؟ بۆ زیاتر لە نیوسەدە، دەوڵەتە سۆشیالیستە خاوەن ئۆتۆریتەکان پێنج تاکو یەک لەسەر سێی زەوییان گرتووە، کۆمۆنیست نەبوون، بەڵام ناکۆمۆنیستیش نەبوون لەگەڵ کتیبەکەم لە بەدوایدا.
لەسەر یەکیەتی ویستەکانی کۆمۆنیزم و درووستکردنەوەی سبەینێ.
بۆ یەکەمجار لە ٢٠٠٧ بڵا بووەوە لە ٢٠١١ قوڵتر چوومە ناو پرسیارەکانەوە. کتێبەکە نمایشکردنە، کاردی سیاسی شیوەن و داخە، تەحەداکردن، بۆ ئەوەی دۆزینەوەی داهاتوو لەگەڵیدا بنێژرێت گرێبەستی هیتلەرو ستالین دەستی پێکرد. دوایی ئاوەژوو بووەوە بۆ کوشتنێکی مەزن لە ٩-١٩٣٧ بۆ کەوتنی چەپ و بۆ وەستانی سۆشیالیزمی نەتەوەیی، بۆ هەستانی ستالین بۆ هێز...
لەکۆتاییدا بۆ ١٩١٧ هەوڵ دەدرا بۆ گەڕانەوەی ئارەزووی کۆمۆنیست بە کارکردن لە نێوەندی مێژووی گەندەڵی پرسیارگەلێک بەرز دەبنەوە پێمان باشە پشت گوێی بخەین.

دوو کتێبەکەی ترم بۆ یادی سەدساڵەی شۆڕشی ڕووسیا لە ئەڵمانیا بڵاو دەبێتەوە، لەوێدا هەوڵ دەدەم وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە. بەشیوەیەکی زۆر دیاریکراو، ئەم پرسیارانە دەخەمە ڕوو.
ئایا شۆڕشی ڕووسیا توانیتی سەرکەوتوبێت؟ چۆن؟ شۆڕش چییە؟ چۆن هەست پێکراوە لە دەست بەسەراگرتنی شۆڕشی خەیاڵی؟ ئایا ئەم درک پێکردنە پشتگیری سەرکەوتنی شۆڕش ە؟

یان نەهێشتنی سەرکەوتنی شۆرش، من ڕەخنەم هەیە لە شۆرشی پەرستراوو یوتۆپیا، ئەوەشیان لە یەکەم بەشی کۆمۆنیزم بۆ منالآن ئامادەبێ دەبێت. پێشنییار دەکەم بەچاوخشاندنەوەی هەردوو جار، پەیوەندی چی هەبێ لە نێوان گۆرانی بۆ یوتۆپیا، لە نێوان شۆرش و کۆمۆنیزم.

ماناو هیوا لە یەک دەچن لە کتێبەکەی ترمدا. ١٩١٧ و ١٩٦٨ چەپی کۆن وچەپی نوێ لە پەیوەندی هاوبەش دادەنرێن، ڕەخنە بۆ سەرکەوتن بەسەریدا بە هەردوو ڕادە، داهێنانی زیاتر بەتەواوەتی، کۆنسێپتی کۆمۆنیزم، کتێبەکە لایەنگری لە تیۆری پەیوەندی و شۆرش. سیاسەتی هاوپشتی و نامۆو تاک و فمنزمی کۆمۆنیزم.

**٦-جەیکاب بلمینفیلّد** چۆن قەیرانی دارایی ٢٠٠٨ قەیرانی یۆرۆی ٢٠١٠ کاری کردە سەر ئەڵمانیا بە تایبەت بەرلین، تۆ لەکوێ دەژیت؟

**بینی ئادەمزاک** لەکاتی قەیرانی ئابووری جیهانییەوە، سەرمایەداری جیهانی بەبێ هیوایی بۆ ڕیگەیەک دەگەڕا کە داهاتەکەی بخاتە ناو کارەوە لە بەر ئەوەی ڕێژەی سود نزمە جارێکی تر زەحمەتە بدۆزرێتەوە. زەوی وزارو عەقار وەکو بەهەشتێکی پڕ دڵنیایی دەردەکەوێت بۆ ئەو هەموو سەرمایە زیادەیە لە بەرلین. ئەمە تایبەتی تێبینیکراوە لە نێوەندی جێگیری و بەردەوامی و ڕێکی پاڵەپەستۆی کرێی کرێچێتی، باشکردن و جێگۆرکێ و دەرکردن و بوون بە بەشی سەنتراڵ ی لە هەولی کۆمەڵایەتی ناو شار، ئەم تێکۆشآنە کت وپڕ لە دژی سەرمایەدایە لەو کاتەوەی قسەکردن بە ڕوونی لە نێوان نرخی گۆران و نرخی بەکارهێنان. کە دەتوانێت و دەبێت بڕیار بدات دەربارەی خانوو. ئەوانەی کە خاوەن ملّکن یان بەکاری دەهێنن یان لەناوی دەژین بزووتنەوەی دژی ڕەگەزپەرستی لە بەرلین بەتایبەت لە کروزبرگ زۆر بەهێز بووەو دڵنییایی بەرگری، لەکاتێکدا دانەوە قەرز بەتەواوەتی ژمارەیەکی زۆر کەم کاری تایبەت لەلایەن بزووتنەوەی پەنابەرانەوە زۆر جێگۆرکێ پێشی پێگیرا لەلایەن چالاکوانانەوە.

دیسان لێرە بە بەردەوامی ڕووبەڕووبوونەوەی فۆرمگەلێک ی ئەخلاقی مۆراڵی بە کورتی یان تەنانەت چاوپێکەوتن وەکو فاشست دژی کەپیتاڵیزم. بەڵام لە هەمان کاتدا. دەبینین و ئەوپەری بە ئاگایی گەندەڵییە لە شێوەی ڕەخنەدا، زۆر بە گرنگییەوە دیسان گەواهیدەری ئەوەین تێکۆشآن بۆخۆی شار دەگۆرێت، پەیوەندییەکانی لە نێو دانیشتوانەکەی دراوسێکانی کە ڕاهاتوون جیاواز بژین لە نزیک یەکترەوە، دەست بەوە دەکرێت کە یەکتربناسن و ڕێک بن پێکەوە، ئەمە زۆر گرنگە لێی تێبگەی. هاوپشتی تەنها ئامراز نییە بۆ گۆرانی کۆمەڵایەتی، بە بەشبەشبوون دەکەوین بە یەکگرتوویی ڕەوەستاو دەبین. بەڵام دیسان هیوای ڕزگاری کۆمۆنیزم.

**٧-جەیکاب بلمینفیلّد** ئایا هەستانی باڵی چەپی نەتەوەیی لە ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکان بڵاو بووەوە لە ئەڵمانیا. بە پروای تۆ جۆن شەڕی ئەوە بکرێت؟

**بینی ئادەمزاک** لە هەموو دنیادا، لەوانەیە بە تایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەڵمانیا زۆرجار گەشەسەندن دەبینرێت.

دەربارەی سەکسوەڵ ڕەگەز، ئیکۆلۆجیکەڵ، هەروەها پرسیاری کۆمەڵایەتی. ئەمە ئەنجامی چەندەها سەدەی پەیوەندییە گشتییەکانە.

بیرەوەری و مێژوو. ئەو کەسانەی کە ئەڵمانیا باشتر دەناسن زۆرجار سەرت سوڕ دەمێنێت کە ئەم ئیمجە بە هیچ شێوەیەک ڕاست نییە، لەم ساڵانەی دواییدا ڕۆڵی ئەڵمانیا قێزەون بوو لە قەیرانی ئابوری جیهاندا ڕۆڵی گێرا بەتایبەت لە ئەوروپا، ئەڵمانیا بەهێزترین هێزی ئابورییە لە ئەوروپا هەروەها یەکێکە لە بەهێزترین لە دنیادا بە گرژبوونەوە سیاسییەکانیەوە. پارەی بەرزو کرێی نزم، هەروەها هەناردەی ڕێپیشاندان orientation

بە شێوەیەکی گەورە بەشداریکردن لە قەیرانداو دەوڵەمەندانە قازانجی لێکرد ئەنجلامێرکڵ.

لەوانەیە ڕێژەیی وەکو لیدەری لیبراڵ دەرکەوێت بەڵام بەڕێوەی دەبات وەکو هەناردەی قەیران لە ئەڵمانیا بۆ خوارووی وڵات و ئەوروپییەکان. کە ژیان لەوێ خراپترە بەشێوەی ڕیشەیی، هێشتا هەر مێرکڵ بەشێک نییە لە گەشەسەندنی نوێی باڵی ڕاستی نێونەتەوەیی قەیرانی بەرنامە بۆداڕێژراو نیوفاشیستەکان. قەیرانی وەحشیانە لەدایک دەبێت لە چەند ساڵێکی کەمدا. ئەنتی فاشیزم بووە بە ئەرکی سەرەکی لە جیهانی سیاسەتدا. یان ئەرکی سەرەکی.

دوای هەڵبژاردنی دۆناڵ ترەمپ، مێرکڵ وەکو سەرۆکی حەقیقی جیهانی ئازاد ناسرا. بەڵام دەبێت ڕوون و ئاشکرابێت لە کاتی قەیراندا موجەڕەد بەرگری لە پێگەو وەزع.

ئەوە بە شێوەیەکی دیاریکراو وانەی مێژووە هیلەری کلنتن بیرمان دێنێتەوە، دژی فاشیزم، پاڵەوانی سەرەکی گێرانەوە کار ناکات. ئەرکی پاڵەوان ئەوەیە کە ئەوپەڕی شەڕانگێز ڕاگرێت. کە پلانێکی داهێنەرانەی هەیە بۆ گۆڕانی ڕیشەیی یان ڕووخای دنیا، پاڵەوانی سەروەر بە سادەیی ئەم پلانە خراپتر دەکات لە چرکەیەکدا. کۆتاییەکی دڵخۆش ...و جیهان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوە ناهێنێ وەکو پێشا.، ئەوەش ناکرێ، سۆشیال دیموکراتەکان، کاری نوێ سەرچڵیکارەکان سیاسەتی نیۆلیبراڵ، لە گشتیدا هەڵدەستن لە پێناوی ئەگەری ڕاستی دا. بۆئەوەی شەڕی نیۆفاشیزم بکەیت، ناتوانین بەرگری لە کۆمەڵگە بکەین. بە شێوەیەکی دیاری بەرگری. دەبێ شەڕبکەین بۆ یەکێکی جیاواز ئەگەر بییەوێت دنیا ڕزگاربکات. پێویستمان بە گۆڕانێکی ڕادیکاڵییە.

کۆمۆنیزم بۆ منالان لەلایەن بینی ئادەم زک، لە لایەن جەیکاب بلومینفلد وەرگێردراوە.
ئێستا بڵاو کراوەتەوە لە MIT Press
لە بلۆگ پۆست کراوە، نوسەرانی بابەتەکە.

**بینی ئادەمزاک** سۆشیالستێکی تیۆری بنچینەیی بەرلین ە ئارتیستە، دەربارەی تیۆری سیاسی دەنوسێت سیاسەتی کویر نامۆکان شازەکان و داهاتووی شۆرشەکانی ڕابوردوو، جەیکاب بلومنفیلد وەرگێرو نوسەرە لە بەرلین دژێت، زۆر نزیکە لە کۆتایی بۆ وەرگرتنی PHD لە فەلسەفە لە قوتابخانەیەکی نوێ بۆ سۆشیال ڕیسێرچ.

http://negativegroup.org/item.php?id=172
--------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------


سەرچاوە
https://www.viewpointmag.com/2017/05/16/communism-for-everybody-an-interview-with-bini-adamczak-author-of-communism-for-kids

# لێیان گەڕێن با زبڵ بخۆن!

## "سەرمایەداری و خۆراک

چاوپێکەوتنی پرۆژەی سۆشیالیست لەگەڵ **ڕۆب ئەڵبرتن**

لە ئینگلیزییەوە شلێر ڕەشید



پەرتوکەکەی **ڕۆبێرت ئەڵبرتن** - ***لێیان گەڕێن با زبڵ بخۆن***
**چۆن سەرمایەداری برسیەتی و قەڵەویی لە ڕادەبەدەر دەخولقێنێت**(٢٠٠٩) ،
لە لایەن ڕۆژنامەی **ئەربایتەر ڕینگ پرێس** لە کەنەدا و ڕۆژنامەی **پلوتۆ پریس** لە شانشینی بەریتانیا بڵاو کرایەوە و کتوپڕ پێشوازی لێکرا، هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەک ئەوە خرایە ڕوو کە " چۆن قازانجی جێگیری سەرمایەداری بەقووڵی ڕابەرییمان دەکات بۆ سیستمێکی ترسناک لە پێشکەشکردنی سستمی خواردن، کاتێک هاتە سەر دابەشکردنی دادپەروەری و عەدالەت بۆ بەشەرییەت و ژینگەیەکی تەندرووست، شکستی هێنا."(لاپەڕە٢٠١).
شیکارکردنەکەی دەمانباتە ناو سەرمادارییەوە و نیشانماندەدات کە چۆن "بونیادە قووڵەکان" بە ڕێگە نالۆجیکییەکانی، کشتوکاڵ و سیستمەکانی خواردنمان بەڕێوە دەبات.

**پرۆژەی سۆشیالیست**. لە ئێستادا داوامان لە **جۆن سموڵدس** کردووە کە لەگەڵ **ڕۆبەرت ئەلبێرتن** چاوپێکەوتن بکات دەربارەی کتێبەکەی و هەوڵ و تێکۆشان لە ئاستی جیهاندا باس بکات، هەروەها باسی شکستخواردنەکانی سیستمی خواردن و کشتوکاڵ بکات.

**١- پرۆژەی سۆشیالیست**: *چەند کتێبێکت هەیە لەسەر تیۆری مارکسیزم و ئابوریی سیاسی. بۆچی ئەمەیان لەسەر خۆراکە؟*

**ڕۆب ئەڵبرتن:** کاتێ خانەنشینبوونم لە زانکۆی یۆرک York University لە بەشی زانستە سیاسییەکان پاش 36ساڵ لە وانە وتنەوەی تیۆری سیاسی و ئابوریی سیاسی،کاتێکی زۆرم هەبوو بۆ بەدواچوون و نوسینی تیۆری، بۆیە کارەکانی پێشترم زۆر تیۆری بوون..
پڕیارمدا کاتی ئەوە هاتووە ئاراستەی سەرنجم بەلای شتێکدا ببەم کە لەواقعی ئێستادا ئامادەییەکی زۆری هەیە و کاریگەری هەبووە بەسەرمەوە، ئەوەش مەسەلەی خواردنە. دیارە کاریگەرییەکی تری ئەولایەنە ئەوەبوو کە هاوسەرەکەم مامۆستای خواردن و خۆراک و خۆراکپێدان (Nutrition) بوو لە زانکۆی ڕایەرسن لە تۆرۆنتۆ. کە خانەنشین بووم توانیم زۆربەی کاتەکانم تەرخان بکەم بۆ گەڕان و نوسینی ئەم کتێبە دەربارەی سیستەمی خۆراك.
لە دوایدا بۆم دەرکەوت، ئەم بابەتە زۆر لەوە زیاتری دەوێت کە لە خەیاڵی مندایە.
هەرچەند زیاتر بەدواچوونم دەکرد زیاتر بەرکەوتن و پەیوەندییەکان دەردەکەوتن لە نێوان قەیرانە ئیکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی و تەندرووستییە جەستەییەکان، قەیرانی ئابوری و سستەمی خواردن لە جیهاندا. ئەگەرتەرکیز بکرێتە سەر کاریگەرییەکانی سیستمی سەرمایەداری لەسەر خۆراك و کشتوکاڵی بە شێوەیەکی تایبەت، دەبینین سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ خەباتی کرێکاران ئەگەر

بمانەوێت تێکهەڵکێشی بکەین بە خەبات و تێکۆشانەوە لە پێناوی سۆشیالیزم و خەبات بۆ ئیکۆلۆجی. هیوادارم پەرتوکەکەم بەشداریکردنێک بێت بۆ هۆشیاری و بە ئاگابوونەوە سەبارەت بە سیستەمی خۆراک و داهاتە مادییەکان و ڕێکخستنەوەی ئەو وێرانەیە کە سەرمایەداری هۆکارەکەیەتی.

**۲-پرۆژەی سۆشیالیست:**: جۆرەها پەرتوک و بڵاوکراوە هەیە بە شێوەی جۆراو جۆر ڕەخنە لە کۆمپانیاکانی سیستمی خواردن دەگرن، خوێنەر چاوەڕوانی چ تێروانین و ڕەخنەیەکی تریێت لای ئێوە کە لە کتێب و بڵاوکراوەکانی تردا بەرچاویان نەکەوتبێت؟

**ڕۆب ئەلبرتن**: پاش چل ساڵ لە خوێندنەوەی کتێبی سەرمایە، پێم وانییە هیچ کەسێک زیاتر لە مارکس توانیبێتی ناوەڕۆکی ئەم سیستمە ڕۆشن بکاتەوە. بۆیە من لەو ڕوانگەیەوە ئاراستەکەی خۆم دیاریکرد بەوەی کە چۆن سیستمی سەرمایەداری شکڵ و شێوەی خۆراکی دیاریکردوین.

لێرەدا جیاوازییەکان لەچەند خاڵێکدا دەخەمە ڕوو:

**<u>یەکەم</u>** جیاوازیی نێوان ئەم پەرتوکە و ئەوانیتر کە لەسەر بابەتی خواردنە بەشێوەیکی نوێتر، ئەوەیە کە من لە هیچ پەرتوکێکی تری خۆراک نەمبینیوە کە ڕاشکاوانە لە چوار چێوەیەکی تیۆری نووسرابن و ئاگاداری سەرمایەی مارکس بووبن.
**<u>دووەمیان</u>** پەرتوکەکانی تری خۆراك ئاوا بە ڕوون و ئاشکرا بابەتەکانیان نەخستۆتە ڕوو.
**<u>سێیەم</u>** : هیچ کتێبێکی تری خواردن بەم ڕاستگۆییەوە زانیارییەکانیان نەخستووەتە ڕوو.
**<u>چوارەم و کۆتایی</u>** ئەو سێ خاڵەی سەرەوە هاوبەش و ئاوێتەن بەیەکتر و لەو ڕێگەیەوە وا دەکەن کە ئەم پەرتوکە ڕادیکاڵترین ڕەخنە بێت لە خۆراکی سەرمایەداری کە تاکو ئێستا نوسرابێت. ئەوەش لەبەر ئەوەی تێدەکۆشێت بۆ بەیەکەوە بەستانی پەیوەندییەکانی نێوان قەیرانی خۆراك و قەیرانەکانی تری سەرمایەداریی پێشکەوتوو، هەروەها گوێنەدانی کەپیتالیزم و بەکاڵاکردنی سیستەمی خۆراك.

**۳- پرۆژەی سۆشیالیست:** گرنگترین و سەرسوڕهێنەرترین دۆزینەوە چی بوو لە کاتی بەدواچوونەکان و نوسینی ئەم پەرتوکە؟

**ڕۆب ئەلبرتن**: زۆر شت تووشی تاسان و سەرسوڕمانیان کردم لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەم.
**<u>یەکەم شت:</u>** کارگەی شەکر بە شێوەیەکی سەیر سەرنجی ڕاکێشام. شەکر یەکێکە لە هەرزانترین و زۆرترین خووپێوەگرە و زۆرترین قازانجهێنەرە و لە زۆربەی بوارەکانی خواردنماندا بەکاردەهێنرێت و هەتا دێت زیاتروزیاتر دەچێتە ناو پرۆسەی خۆراکەکانمانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گومانی ئەوەی لێدەکرێت کە یەکەمین سەرچاوەیە بۆ نەخۆشی شەکرە. لە ئاستی جیهاندا زۆر هەوڵی ڕێگریکردنی درا، بەڵام هەوڵەکان شکستیان خوارد.
کەمپەینی **"خواردنەوە گازییەکان فرێدەن"** بە ڕێبەرایەتیی "**سەنتەری زانیاریی لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی" ئەم هەڵمەتەش** شکستی هێنا لەبەر کەمی ئەزموونیان و تازە دەستبەکاربوونیان لەو بوارەدا.

**دووەم** لە کاتێکدا کە دەمزانی بەگشتی ڕێگەی دابەشکردنی جیهانیی خۆراك ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک جێدەهێڵێت کە ململانێ بکەن لەگەڵ برسییەتی و بەدخۆراکی، بێ ئاگابووم لەوەی نیوەی دانیشتوانی جیهان لەم ڕۆژانە 2.00$ یان کەمتریان دەستدەکەوێت لە ڕۆژێکدا. هەروەها نزیکەی یەک بلیۆن خەڵک بەهۆی بەد خۆراکییەوە گرفتی مێشکییان بۆ دروست بووە.

لە کۆتایدا ئەم سیستمی خۆراکە ژەهر لە ژینگەدا بڵاودەکاتەوە، گەورەترین ڕۆڵی بینیوە بە لەناوبردنی دارستانەکان، کەمکردنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان، شێواندنی زەوییەکان، گڵۆباڵ وەرمینگ و هەروەها بە خێرایی لەناوبردنی سوتەمەنی ئیحتیاتی ناو زەوی.
بە کورتی، نەک تەنها تەندروستی مرۆڤ بەرەو خراپی دەبەن، بەڵکو ناوچەکانیش ڕووبەڕووی کارەسات دەکەنەوە.

**٤-- پرۆژەی سۆسیالیست** : ئەو بابەتە سەرەکییانە چین کە خستوتانەتە بەرباس؟
سەرکیترین شکستی پەیوەست بە کشتۆکاڵ و سیستمی خۆراک چییە کەلەلایەن بونیادە قوڵەکانی کەپیتاڵیزم کۆنترۆڵ کرابێت؟

**ڕۆب ئەڵبرتن** : دەکرێ تایتڵەکە هەڵخەڵەتێنەربێت و هیچ ئاماژەیەکی تێدا نەبێت بە**ماری ئەنتوانێت.** کە دەڵێت: **"لێیان گەڕێن با کێک بخۆن".**
لە ڕوونکردنەوەکەی مندا خواردنی زبڵ" وێنەیەکی بچوکە لە خۆراکی کەپیتاڵیزم لە مێژوودا، خواردنی زبڵ پڕە لەڕێژەیەکی بەرز لە شەکر, خوێ, چەوری، لەگەڵ ئەوەشدا کەمترین ڕێژەی سوود گەیاندنی تێدایە. پەرتوکەکەم بەقووڵی تەرکیز ناخاتە سەر خواردنی زبڵ، بەڵکو تەرکیز دەخاتە سەر سیستەمی خواردنی نوێ و پێشکەوتوو کە خواردنێکی بێسودە لەگەڵ کارگەو دامەزراوە گەورەکان کە بەشێوەیەکی زۆر لە ئەمریکادا هەن، لەوێشەوە بە وڵاتەکانی تردا بڵاودەبنەوە.
سەرەکیترین بابەتەکانی ئەم کتێبە شکستی سستمی خۆراکە لە پەیوەند بە قازانجی مرۆڤایەتی، تەندرووستی و کەشی تەندروست لەگەڵ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، وە نیشاندانی پەیوەندییەکانی نێوان خۆراک و ئەو قەیرانانەی کە بونەتە بەشێک لەسیما دیارەکانی ئەم دواییەی سیستەمی سەرمایەداری.

هەڵسوکەوتی ژیرانە لە ژێر هەژمونی سیستەمی سەرمایەداریدا ئەوەیە کە چۆن بتوانیت بەرهەمی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان کە قازانج هێنەر نییە بۆیان وە لە نزیک مەودادا توشی مایە پوچییان دەکات، بگۆڕن بە کاڵاو کارێکی قازانج هێنەر. ئەمەش لە خۆیدا وا دەکات، کاری وەدەست خستنی قازانج لە ماوەیەکی کورتدا بکەوێتە پێشەوەی جۆرو چۆنیەتی بەرهەمەکانەوە.
**بۆنمونە**، ئەگەر سەرمایەدار بزانێت لەڕێگای زیادکردنی شەکر لە خواردنی مناڵی کۆرپە قازانجی زیاتر دەکات ئەوا دوو دڵی لێناکات، هەرچەندەش ئاگاداری هەموو ئەو باس و لێکۆڵینەوە زانستیانە بێت کە باس لە زیانەکانی شەکردەکەن. ئەو ئەوە لەبەرچاو دەگرێت کەچۆن مناڵ بەڕێژەیەکی زۆر ئەو خواردنە دەخوات و لەگەڵ گەورەبونیشیدا زیاتر خوبەخواردنی شیرینەمەنییەوە دەگرێت. چونکە قازانج درووستکردن بناغەی بیری سەرمایەدارییە، بۆیە گوێ بە ئاکامە زیانبەخشەکانی ئەو بەرهەمانە نادات کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەودا بەرهەم دێت.

**نمونەیەکی تریش**، ئەگەر سەرمایەداری بزانێت لە ڕۆنی خورمان قازانجی زۆری دەست دەکەوێت، بە لایەوە ئاساییە هەموو دارستانەکانی باشوری ئاسیا ببڕێتەوە بەبێ هیچ دوو دڵییەک، ئیتر ئەوەیە سەرمایەداری ڕایشنەڵ و مەعقوڵ. لە کۆتایدا ئەگەر سەرمایەداری کشتوکاڵی قازانج لە بەکار هێنانی ئەو کرێکارە پەنابەرانە بکات کە مافی کارکردنیان نییە بە کرێیەکی کەم کاریان پێبکات، ئەوە هەر یەکێکی تر لە سەرمایەدارە کشتوکاڵییەکان ئەوە نەکەن ئەوە هەلی دۆڕانیان زیاتر دەبێ لە پێشبڕکێدا.

بەداخەوە ئەوەی هەیە لەئێستادا، ئەمەو چەندین لایەنی تری وێرانکەرن.

**٥- پرۆژەی سۆشیالیست:** چۆن قەیرانی *سیستمی* خۆراك پەیوەست دەبێت بە ئابوری ئازاد و زانستی دەوروبەرەوە، وە لەکاتی ئێستادا چۆن پەیوەست دەکرێت بە نیولیبراڵی سەرمایەدارییەوە؟ هەروەها کاریگەرییەکانی ئەمە لە ئاستی جیهانیدا چۆن دەبێت؟

**ڕۆب ئەڵبرتن:** *قەیرانی خواردن دەرخواردی قەیرانەکانی تر دەدرێت.* هەروەها دەرخواردی خۆشی دەدرێت.
سیستمی خواردنی ئەمریکی زۆر پشت بەستووە بە سوتەمەنی سروشتی ، واخەملێندراوە ئەگەر هەموو جیهان لاسای سیستمی ئەمریکا بکەنەوە لە بەکار هێنانی وزەی سوتەمەنی ئەوە لەحەوت ساڵدا هەموو وزە ناسراوە ژێر زەمینیەکان بەکار دەهێنرێت. لە ڕاستیدا سیستمی خواردن بە بەراورد لەگەڵ سیستمە ئابورییەکانی تر کاریگەری سێ لەسەر یەکی هەیە بۆ سەر گلۆبەڵ وۆرمینگ. لە هەمانکاتدا گەرمبوونی سەر ڕووی زەوی دەبێتە هۆی کەمی بەرووبوومی کشتوکاڵی، بەهۆی ئاوو هەوای خراپ و بەرزی پلەی گەرماوە. لەوەش واوەتر دوو هۆکاری تر هەن بۆ پیسکردنی ژینگە ئەوەش، ڕێژەی بەکار هێنانی زۆری پترۆکیمیاوی لە بواری کشتوکاڵدا لەگەڵ پیس بوونی ئاو هەوا لە پەنای پیسبوونی ئاوی پاک بە هۆی لە حەقل بەندکردنی ئاژەڵان وا دەکات سستمی خواردنی کەپیتاڵیزم گەورەترین بەشداری بکات لە ژەهراوی بوونی ژینگە کە ئێستا گەیشتووەتە پلەی لێدانی زەنگ ی بەئاگاهاتنەوە.

لە کۆتاییدا چونکە سیستەمی خواردن پشتبەستووە بەوزەی نەوت، بۆیە لەگەڵ چوونە سەری نرخی سوتەمەنی نرخی ئەویش دەچێتە سەرەوە. هەروەها بەکارهێنانی زەوییەکانی بەروبومی خواردن لە پێناوی بەرهەمهێنانی ترشەڵۆکی ئیثان ، ئەمەش هۆکارێکی ترە بۆ بەرزکردنەوەی نرخ. ئەو هۆکارانەی سەرەوە وا دەکات لە داهاتویەکی نزیکدا نرخی خواردن بەشێوەیەک بچێتە سەرێ کە ٤٠% ی دانیشتوانی سەر ڕووی زەوی کە ڕۆژانە بە 2.00$ کەمتر ژیان بەڕێدەکەن بکەونە بارێکی کارەساتبارەوە.

**٦- پرۆژەی سۆشیالیست** *وەڵامەکەت باسی ئەوە دەکات کە چۆن سەرمایەداری برسییەتی دەخوڵقێنێت، دەتوانیت باسی ئەوە بکەیت کە چۆن لەهەمان کاتدا قەڵەوییەکی لە ڕادەبەدەر دەخوڵقێنێت؟*

**ڕۆب ئەڵبرتن** : بەرهەمهێنەرانی خواردنی زبڵ کە سوودمەندن لەوەی خەڵک بەئاسانی گیرۆدەی نیمچە خوگرتنێک دەبێت بە خواردنی شەکرو چەوری و خوێ وە. بەرخۆری دێنێتە ئاراوە لەگەڵ کالۆرییەکی زۆر بەڵام بەشێکی کەم لە خواردنی بەنرخ. خواردنی سەرپێی بە شێوەیەک لەگەڵ داهاتی خەڵکدا دەگونجێت و ئەم جۆرە خواردنانەن کە دەبنە هۆی قەڵەوی لە ڕادەبەدەرو شل وشاوی و کۆتایی سستمی بەرگریکردن لە نەخۆشی بێ کۆتایی و مردن.
لەلایەن دامەزراوی داوو دەرمانی ئەمریکییەوە ڕاپۆرتێک بڵاو کرایەوە ، داوای مەشقکردنی بەردەوامی دەکرد.
١/٣ ی منالآنی ئەمریکا کە لە ساڵی ٢٠٠٠ لە دایک بوون، نەخۆشی شەکرەیان هەیە.
تەنانەت لەوەش ترسناکترە کە هەندێ کەس ناوی دەنێن قەڵەوی لەڕادەبەدەر، ئازاربەخشە بۆ نزیکەی بلیۆنێک خەڵک. لەنێوەندی هەر نیو کاتژمێرێکدا ٣٦٠ منالی تەمەنی ژێر پێنج ساڵان بەهۆی برسییەتییەوە یان برسیەتی پەیوەند بە نەخۆشییەوە دەمرن.

***٧---پرۆژەی سۆشیالیست** لەوانەیە بۆ خوێنەرانێک کە ئاشنانین بە **سەرمایەی مارکس** یان ئەو ئاراستەفکرییەی هەڵتبژاردووە، قورس بن و ببنە جێی ناڕەزایەتی و ڕاڕایی لە پەرتوکەکەتدا لەو فۆرمانەدا لە کاری تیۆری دوو لق لە بەشی ٢٢ __**سەرمایەداری لە موجەرەد و گشتی**__ هەروەها __**بەرخۆری**__ وەکو قۆناغێکی سەرمایەداری دەتوانی بە ڕوونی و بە کورتی لەسەر ئەوەی کە بۆچی ئەم جۆرە کارە تیۆرییانە پێویستن بۆ ئەوەی لە جیهان و شکستەکانی ناوخۆو لە کشتوکاڵ و سستمی خواردن تێبگەن.؟*

**ڕۆب ئەڵبرتن** : ئەبستراکت کردنی شیکارکارییەکان زۆرزیاتر ئاماژەی ڕوونن بۆ گەشەسەندنی سەرمایەداری بە تەواوەتی وە پیشانی دەدەن کە چۆن پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەچنە ئەوریزبەندییەوەو تیایاندا فراوان و قوڵ دەبنەوە. دینامیکیەتی ئەبستراکتی سەرمایە ئامادەیە لە مێژوودا تاکو پلەی خودی سەرمایەداری.
لە هەمان کاتدا سەرمایە لە لایەن دام و دەزگایەکەوە کۆنترۆڵکراوەو کە شێوەی پێدراوەو ئاراستەکەی دیاری دەکرێت. پلەیەکی داپراو لە شیکارکردن، هۆ دەهێنێتەوە بۆچی تەنانەت کەپیتاڵیزم لە باشترین پێشبرکێی بەڕێوەبردنی کشتوکاڵی سەرمایەداری سستمی خواردندا ڕۆڵ دەگێرێت.
دەکرێت بەتەواوەتی بۆ مانیفێست کردنی گرنگ و پربایەخی ناکۆکیەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم و لە کۆتایی دا ئەو دوو بەرزترین قۆناغە بۆ شیکارکردن یارمەتیمان دەدەن کە تێبگەین لە گەشەسەندنی پلە دوای پلەی سستمی خواردن بۆ زیاتر لە ٢٠ ساڵی ڕابوردوو یان شتێکی لەو جۆرە.
بۆ لێدانی زەنگی حەقیقەت دەربارەی مەیلی ئێستای پەیوەست بە سیستمی خواردنی سەرمایەداری. کەسێک دەتوانێت بە ئاسانی ژمارەیەکی زۆر بخاتە لستەوە بەڵام تیۆر یارمەتیمان دەدات بۆ گرنگی بارستایی فاکتەرەکان و بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکان لەم شوێنە، بۆ تێگەیشتن لە زۆربەی زۆرلێکردنە گرنگەکان و ڕێکخستنی لەلایەن سستمی خواردنەوە. تا باشتر لە بەڕێوەبردنی ئەم سیستمە تێبگەین ئەوە باشتر دەتوانین ستراتیجیەتی گۆران داپرێژین.

**٨--پرۆژەی سۆشیالیست** : *لەبەشی کۆتایی کتێبەکەتدا پێناسی قۆناغی ئێستای سەرمایەداری دەکەیت لە هەلومەرجی" ئابوری ئاراستەکراوی سەرمایەداری" و پەرە بەمە دەدەیت تا خەباتکردن لەپێناوی ديموكراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، تەندروستی و توانا. ، دەتوانی ڕوونی بکەیتەوە مانای چییەو چۆن؟*

**ڕۆب ئەڵبرتن** کارگەی خواردن هەمیشە پێ دادەگرن لەسەر گەورەکردنەوەی داوای بەرخۆری مۆدرن، بەڵام ئەمە وەهمە.

**یەکەم** وپێش هەموو شتێک لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵک لە دنیادا زۆر هەژارن کە بتوانن هەرچییەک کە دەیانەوێت بیکرن، تەنها دەتوانن شتی هەرزان بکرن.
**دووەم**- ئەوانەی کە پارەیان هەیە لە پرۆسەکردنی خواردن کە ڕێک دەخرێنەوە لە سۆیا، گەنمەشام، چەوری، شەکر، خوێ. ڕووبەڕوو دەبنەوە.
ئەگەر حەساسیەتت بەگلۆی سۆیا هەبێ دەبێ دووربیت لە زۆربەی خواردنە پرۆسەس کراوەکان، لەبەر ئەوەی زۆربەیان سۆیای تێدایە لە بەرهەمهێناندا هەروەها لەیبڵ داواکراو نییە بۆ گلو.
**سێیەم**- بیرو مەبدەئی خواردن زۆر بە فراوانی بڵاو دەبێتەوەو بەهێزە، زۆربەی هەڵبژاردەکانی خواردن، تازە بە قورسی مەرجی لەسەر دانراوە بە خواردنی ژەهراوی.
**چوارەم** نزیکەی هەموو خواردنە نمونەییەکان لە "سوپەرمارکت" ەکان بەرهەمەکانی لەلایەن چەند کەمپانییەکی گەورەوە بەرهەم دەهێنرێت، بۆ نمونە نەستەلە و کرافت.
لەکاتی جەنگی سارددا ئابوری ڕۆژئاوا زۆربەی جار بە خێرایی جیاوازییەکانی دەردەکەوتن. "ئابوری دەوڵەتی سەرمایەداری" کارەکتەری بلۆکی کۆمۆنیستی.
لەگەڵ "بازاڕی ئابوری ئازاد" کارەکتەری بلۆکی سەرمایەداری.
ئەمڕۆ ئابوری سەرمایەداری جیهانی پێویستە بە " ئابوری بەڕێوەبردنی کەمپانێکان" ناوزەد بکرێت، چونکە پێکهاتوون لە کەمپانیە گەورەکان کە لە لایەن ئلێتێکی کەمەوە بەڕێوەدەبرێن و داهاتوی مرۆڤایەتیشیان بەلاوە گرنگ نییە.
بازاڕەکان ئێستا بە شێوەیەکی گەورە پلان دادەنێن بۆ خولقاندنی پێویستییەکان و داواکارییەکان.
قازانجی گەورە وەدەست دێنن تەنانەت لەو کاتانەش کە تێچوی کۆمەڵایەتی زۆر گەورەترە، دیارە "کارکردە دەرەکییەکان کاریگەری لەسەر نرخ نییە" چونکە ئەم پارەیە لەلایەن باجدەر و نەوەی داهاتووەوە دەدرێت. لەکاتێکدا زۆربەی بازارەکان وەکو ئەوەی پیشاندەدرێن لەلایەن ئابوری ناسەکانەوە بەشێوەیەکی گەشبینانە، ئاوا کار ناکەن. ئەم باورە بەشێوەیەکی فراوان کاری لەسەر دەکرێت و پاساوێکە بۆ " بازاری ئازاد "، لەڕاستیدا ئەوە لای ئێمە ڕوونە کە چۆن ئەم بازاری ئازادە بەشوێن هەرچی زیاتر قازانج وەدەست هێنانە لەماوەیەکی کورتدا، ئەمەش لە خۆیدا بارگرانییەکی زیاتر دەخاتە سەرشانی کۆمەڵگە. ئەم بارگرانییەی کۆمەڵگە وەکو قەرزێک دەکەوێتە سەر شانی نەوەی داهاتو وە ئەو باجە دەداتەوە چ لە ڕووی ئاوهەواوە بێت یان دەوروبەر و تەندروستی.
پێویستمان بەوەیە ئەمە بسورێنین، وە پێویستە ئەوە بە پەلە بکەین. پێویستە ئەمە مێشکمان پاک بکاتەوە لە خەیاڵاتی بازاڕی ئازاد، بۆیە دەتوانین دەست پێ بکەین، بە هۆش و ئاگاوە بازاڕی دیموکراسی بەکار بهێنن بۆ بەرەوپێشەوە بردنی مرۆڤ و باشکردنی ژینگە. بە پێی

دیموکراتیزەکردنی بازاڕەکان، هەروەها پێویستمان بە دیموترابیزەکردنی  کۆمپانیاکان و حکومەتەکانە، دیموکراتیزەکردنی  کۆمپانیاکان بەو مانایەی بڕیارەکان و چۆنیەتی کارکردنەکان شەفاف و ڕۆشنبن وە لە ژێر چاودێری خەڵکدابن. یەکەم هەنگاویش بۆ بە دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات دۆزینەوەی ڕێگایەک کە بەر بگرێت لە وەرگرتنی بەرتیڵ لەلایەن دەسەڵاتەوە لە کەمپانیا گەورەکان.

لە بارودۆخی ئێستادا گرنگە بتوانرێت بازاری کار شێوەیەکی دیموکراتیانەی بەسەردا زاڵبکرێت. چونکە هەتا ئێستا ئەو بوارە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی نەبووە، بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت بە گوێرەی پێویستییەکان بواری کار دروستبکرێت. بازاری کار لە ئێستادابە گوێرەی پێویستییەکانی مرۆڤ نییە. دەتوانرێت لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای نوێوە پێویستییە هەنووکەییکەکان دیاری بکرێت و لەوێشەوە توانا مرۆیی و مادییەکان بە شێوەیەکی درووست بخرێتە گڕ. دەبێت کار بۆ هەموو کەسێک دەستەبەر بکرێت کاتێک ئامادەیی کاری هەیە، وەلە ڕێگای فێرکردنەوە تواناکانیشیان ببرێتە سەرەوە.

لە کۆتاییدا لەوانەیە ئەمەیان زەحمەتترینیان بێ، پێویستمان بەوەیە ئەو ڕێگایانە بدۆزینەوە بۆ دووبارە دابەشکرنەوەی سامان لەسەر ئاستی دنیادا لە پێناوی پێشکەوتن و یەکسانی دیموکراتیانەدا بۆ ئەوەی ئازادی مانای خۆی هەبێت. دیموکراتیزەکردنی بازاڕەکان و کۆمپانیاکان و حکومەت، لە دێدگای منەوە "ڕێگا چارەی ناوەڕاست نیە"، وە ئەمە بەلای منەوە باشترین ڕێگایە بۆ پاشەکشە پێکردنی نیو لیبراڵیزم، وە ڕێگایەکیشە لە پێناوی فەراهەم کردنی کۆمەڵایەتی لەبەرانبەر ئەو هەموو قەیرانانەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

---

**ڕۆب ئەلبرتن**  پرۆفیسۆری خانەنشین لە زانکۆی یۆرک لە تۆرنتۆ هەروەها نوسەری پەرتوکی  **گۆڕینی ئابووری: *Economic Transformed*** ، *دۆزینەوەی پرشنگدارێتی مارکس* *Discovering the Brilliance of Marx*  لە (٢٠٠٧)  هەروەها بەشداریکردنی لە بابەتێک بابەتی ئێستا ***تۆماری کۆمەڵایەتی*** ٢٠١٠ *نیشانەکانی  نەخۆشی :*  Morbid Symptoms: *تەندروستی لە ژێر کۆنترۆڵی کەپیتاڵیزم : Health Under Capitalism*

**چاپخانەی پلۆتۆ** - بڵاوکەرەوەی نوسەرە بێلایەنەکانە لە لەندەنی بەریتانیا. لە بەریتانیاش بڵاو دەکرێتەوە لە لایەن چاپی زانکۆی شیکاگۆوە، کۆمپانیایەکی ئەکادیمی دەوڵەتییە بۆ بڵاوکرنەوە، بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ چالاک بوو ، لە ١٩٧٩ ەوە سەربەخۆیە.

**پلوتۆ پرێس** " پلە دوای پلەی سیاسەت و زانستی کۆمەڵایەتی بیری ڕەخنەیی بڵاو دەکاتەوە ، لەگەڵ تەرکیز کردنە سەر لایەنەکانی سیاسەت و کاروبارێک کە دەگوزەرێ. خوێندنە دەوڵەتیەکان. خوێندنەکانی  ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بیردۆزی سیاسی، خوێندنی ڕاگەیاندنەکان، زانیستی مرۆڤ و گەشەسەندنی.

ئەو کارانەی کە بڵاوی کردووەتەوە. فرانز فانون، نوام چۆمسکی، بێڵ هوکس، ئەدوارد سەعید. ئۆگەستۆ بۆڵ. ڤەندانە شڤا. سوزان جۆرج، ئیبان پاپی، نک ڕۆبنس، گرام تورنەر. ئاڵستەر کروک، گابرییەڵ کۆڵکۆ، حەمید داباشی، تۆمی مکەرنی، ئەمەل سەعد غورەیب، سەعید سەلیم شازاد، دەیڤد کرۆنن. جۆن هۆڵوەی، ئەکڵید ساکالۆتۆس، هەروەها جۆناتن کۆک.

**زانکۆی یۆرک** زانکۆی گشتییە بۆ گەڕان و بەدواداچوون لە تۆرۆنتۆ، ئۆنتارئۆ، سێیەمین گەورەترین زانکۆیە لە کەنەدا، نزیکەی٥٣٠٠٠ قوتابی لەخۆ دەگرێت، ٧٠٠٠ فاکڵتی و ستاف، هەروەها٢٩٦٠٠٠ دەرچووی هەیە لە Wikipedia .worldwide.


http://negativegroup.org/item.php?id=191

---------------------------------------------------------------------------------------

سەرچاوە:
http://www.socialistproject.ca/relay/relay29_albritton.pdf

# پاسپۆرتی سۆڤییەتی

**هۆنراوەی** ڤلادمیر مایاکۆڤسکی
لە ئینگلیزییەوە شلێر ڕەشید



با.. ئیتر بە یەکجاری و بۆ هەمیشە کۆتایی بە بیرۆکراسی بێت
ڕێز لە شتی فۆرمەڵ ناگرم
لەوانەیە هەرچی کاری کاغەزی هەیە بچێتە لای شەیتان

تەنها لەبەر ئەم هۆیانە....
کەسێکی موجامیل و بەڕێز بەو ناوەدا  تێدەپەڕێت
بەناو هۆڵ ڕێگە ئاڵۆزەکاندا
پاسپۆرتەکانیان دەدەنە دەستیان، منیش بە هەمان شێوە
پاسپۆرتێکی بەرگ سوور دەدەمە دەستیان
هەندێ لە پاسپۆرتەکان بەناچاری زەردەخەنە دەهێنن
لە کاتێکدا ئەوانی تر وەکو قوڕ هەڵس وکەوتیان لەگەڵ دەکرێت
با..بڵێین  پاسپۆرتەکان، وێنەی شێری بەریتانی لەسەرە
بە ئاگاییەکی تایبەتەوە وەردەگیرێن
پیاوێکی کەتە و زلی عەزەڵات گەورە لە  وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە
ڕێزێکی بێ ئەندازەی لێ ئەگیرێ
پاسپۆرتەکەی لێ وەردەگرن، وەکو ئەوەی کە
پارەیان بە دیاری وەرگرتبێ
پاسپۆرتی پۆڵەندی
وایان لێ دەکا کە لێی ڕابمێنن و لێی ورد ببنەوە
وەکو وردبوونەوەی مەڕ لە داری کرسمس
ئەم شتە هیچ و نامۆیە لە کوێوە هاتووە!
دۆزراوەیەکی جوگرافییە؟
بێ ئەوەی هەوڵ بدەن مێشکیان بخەنە کار
بەتەواوی هەستمردوویانەوە
زۆر بە ساردییەوە پاسپۆرتەکان لە دانمارکییەکان وەردەگرن
هەروەها  لە جۆرەها کەسانی غەریبی تر

ئەوە پاسپۆرتە سورەکەی منە
بەدەستی دەسەڵاتدارانەوە
لە پڕێکدا وەک ئەوەی دەمی سوتابێ
ڕاوەستانێکی ڕەسمی و پڕ لە تاسان
پاسپۆرتەکەی من دەبا
وەکو ئەوەی بڵێی بۆمب، دەمی چەقۆ  یان ئەو جۆرە شتانە بێ
بەوپەڕێ ئاگاییەوە  وەریدەگرێت
وەکو ئەوەی "مار" ێک بێ چەندەها جار پێوەی دابێ
بارهەڵگرێکی فۆرمەڵ چاوەکانی  پرتەپرتییەتی
ئامادەیە بە خۆرایی خزمەتم بکات،
لێکۆڵەرەکە بە سەرسوڕمانەوە تەماشای پۆلیسەکە دەکا
پۆلیسەکە بە چاوی پڕ لە پرسیارو لێکدانەوەوە تەماشای دەکات.
دەزانم زۆر بە توندی بە قامچی لێم دەدرێت و هەڵدەواسرێم
لەلایەن خێڵی جەندرمەکانەوە

تەنها لەبەرئەوەی  ئەم داس و چەکوش ە
لەناو دەستمدایەو تێ دەپەڕێت

با.. ئیتر بە یەکجاری و بۆ هەمیشە کۆتایی بە بیرۆکراسی بێت
ڕێز لە شتی فۆرمەڵ ناگرم
لەوانەیە هەرچی کاری کاغەزی   هەیە بچێتە لای شەیتان
تەنها لەبەر ئەم هۆیانە....
ئەم شتە بچوکە ئازیزە لام
لە ناو پانتۆڵە شل و شاوەکەم دەرم هێناوە
بیخوێنەوەو  ئیرەییم پێ ببە:
بە ڕێکەوت من هاونیشتمانی یەکییەتی  سۆڤییەتم

---

**ڤلادمیر مایکۆڤسکی** ڤلادمیر مایکۆڤسکی شانۆنامەنووس و ئەکتەرو هونەرمەند و شاعیری بەتوانا لە ١٩ی تەمموزی ١٨٩٣ لە گوندێکی بچووکی جۆرجیا لە دایک بووە. ڤلادیمیهر مایکۆڤسکی بە یەکێک لە داهێنەرانی نێوەندی  شیعری سۆڤیەتی دەناسرێت.
 یەکێک بووە لە ناسراوترین نوێنەرانی ئایندەخوازی سۆڤیەت، تا ئاستێکی باڵا رۆیشتووە لە پەردەهەڵماڵین لەڕووی بیروراکانی ئایدیالیستەکان و بیرۆکەی ڕۆمانسییەتی شیعرو شاعیران.
 زمانی شەقامی پێ باشتربوو.
 لەکاتی شۆرشی ڕووسیادا، زۆربەی شیعرەکانی داوای پشتگیری بوو لە بەلشەفیکەکان.لە لایەن بەرپرسە کۆمۆنیستەکانەوە ڕێزی بەدەست هێنا.
 لە ١٩٣٠ لەگەڵ ڕەخنەگران کەوتە کێشەوە، بێ هیوابوو لە خۆشەویستی و سیاسەت. بەدەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

بە پریاری ستالین بڵاوکردنەوەی کارەکانی مایکۆڤسکی تاوان بوو.
لە نێوەندی ئەوانەی کە ستایشی شاعیریان دەکرد. لە ١٩٢٩ شیعری "**پاسپۆرتی سۆڤیەتی**" نوسی، نمونەیەکی سادەی ریتمی مایکۆڤسکی یە.
بە شێوەی خوێندنەوەی گێرانەوەو ستایڵی بەرزو بەهێزو جەماوەری ناسراوە.

مایکۆڤسکی زیاتر لە بیست کۆشیعرو پێنج شانۆنامەو دوو کتێبی لێکۆڵینەوەو نوسینی چاپ وبڵاو کرووەتەوە،
دواجار لە ١٤ی نیسانی ١٩٣٠ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و لە مۆسکۆی پایتەختی سۆڤیەت ی جاران بەخاک سپێردرا.

--------------------------------------------------------------------------------

سەرچاوە
http://www.passportmagazine.ru/article/1205/

# شۆڕشی ئۆکتۆبەرو ڕزگاری ژنان

لە ئینگلیزییەوە شلێر ڕەشید
٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

شۆڕشی سۆشیالیستی لە ڕوسیا و ئەوەی کە بەدوایدا هات لە پێکهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت، بە ڕابەرایەتی هاورێ لینین و پارتی بەلشەفیک، کە دوایی ناوی نرا پارتی کۆمیونیستی یەکیەتی سۆڤیەت بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەدنیای نیشاندا کە **شۆڕشی سۆشیالیستی تاکە ڕێگەیە بۆ ڕزگاری ژنان.**
ئەو سیاسەتانە یەکەم دەوڵەتی سۆشیالیستیان دامەزراند لە جیهانداو جێبەجێیانکرد، ژنان ومناڵان سودمەندترین کەس بوون تیایدا.

ئەو ژنانەی کە بەیەکسانی بەشداربوون لە بزووتنەوەی شۆڕشگێری کە کۆتایی بە دەسەڵاتی قەیسەر هێنا. دوایش حکومەتێکی کاتی دەسەڵاتی گرتەدەست هۆکارێکی گەورەبوو بۆ گۆران.
وەکو لینین گوتی **"پرۆلیتاریا ناتوانێت ئازادی تەواو بەدەست بهێنێت بەبێ بەدەستهێنانی ئازادی تەواوی ژنان"**
ژنان لە یەکیەتی سۆڤیەت نزیکبوونەوە لێی.

لەیادی سەدساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، چوار لایەن لەبەرچاوەدەگرین لە ئەزمون ودەستکەوتەکانی سۆڤیەت لەخەباتی جۆراوجۆر بۆ ڕزگاری ژنان.
١- چوارچێوەی کاری یاسایی
٢- گۆڕانی مادی، رۆڵی ژنان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیداو هەوڵ وتێکۆشان بۆ چارەسەرکردنی دابەشکردنی کار بە پێی ڕەگەزی نێرومی.
٣- خێزان و یاسای خێزان
٤- ڕۆڵی پارت و رۆڵی ژنان لەناو پارتی دا.

## سەنتراڵکردنی گرێبەست

چیای نایەکسانی لە ڕوسیا لەکاتی شۆڕشدا گەلێ بەرزبوو.
لەڕاستیدا لە سەدا ٨٥ ی دانیشتوان پشتیان بە کشتوکاڵ بەستبوو کە لەلایەن خاوەن ملْکەکان وکۆلاک ەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو. چینی کرێکار بەشێکی کەمبوون بەراورد بە سەرژمێری دانیشتوان. لەناو کارگە گەورەکاندا چرکرابوونەوە لەهەل ومەرجی کاری ترسناکدا ١٣-١٤ کاتژمێر کارکردنی رۆژانە بەبێ هەبوونی سودمەندی
(سودمەندی: benefits مەبەستی هەبوونی داوو دەرمان وچارەسەری نەخۆشی و دەم ودان و بیمەی بێکاری و مۆڵەتی دایکایەتی و پشوو... بە خۆرایی. وەرگێر).
یەک لەسێی ی کرێکاران ژن بوون، نیوئەوەندەی هەقدەستی پیاوانیان وەردەگرت، کە ئەو هەقدەستە بۆ خۆی زۆر نزم بوو. یاسای کار بۆ ژنان بوونی نەبوو. ڕێژەی ژنانی خوێندەوار تەنها ١٧

لە سەدابوو. ڕێژەی تەمەنی ناوەندی ژیان بۆ ژنان ٣٤ساڵ بوو. زۆربەی زۆری ژنان جوتیارو کرێکاری لادێ بوون کە مافی یاسایی زەوییان نەبوو.
خێزانی باوکسالاری patriarchal یەکەیەکی سەرەکی بوو بۆ بەرهەمهێنان.
کاولکارییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بوو بەهۆی نەبوونییەکی گەورە لە ناو وڵاتدا.
دوای جەنگ، یاسای نوێی کرێکاران ڕووبەڕووی گەمارۆیەکی خراپی ئابوری بووەوە لەلایەن دەوڵەتی ئیمپریالییەوە.
دووساڵ جەنگی سیڤیڵ بە ڕابەرایەتی شۆرشگێران دژ بە مڵکدارەکان و سەرمایەداران و هێزەکانی لایەنگرانی قەیسەری توندوتیژ خەسارەتیکی قورسیان بەجێهێشت. یەکسەر دوای ئەوە دوو وشکەساڵی بەدوای خۆیدا هێنا کە بوو بەهۆی لاوازی زەوی لادێکان. لەسایەی ئەو باکگراوندە لە جەنگ و کاولکاری.
بەلشەفیکەکان لەژێر ڕابەرایەتی لینین هەموو هەنگاوێکی شۆرشگێرانەیان گرتەبەر بۆ ڕزگاری ژن لە کۆیلایەتی.

## لەناوبردنی چوارچێوەی یاسای نایەکسانی

لە شەش مانگی یەکەمی شۆرشدا  هەموو ئەو یاسایانەی کە هەبوون لەناوبران، یاسای دادپەروەری  جەندەری ژنان جێی گرتەوە.
یەکەم کاری شوراکان نەهێشتنی زەوی مڵکدارەکان و دابەشکردنی بەسەر جوتیاری لادێکاندا بوو.
لینین مافی هەبوونی زەوی دا بەژنان و واژۆی کرد بۆ ئەوەی ژنان یەکسان بن لە هەبوونی زەوی وزار. ئەوە دەستکەوتێکی کەم نەبوو. لە ١١ی نۆڤەمبەر بە فیعلی ڕۆژی دوای شۆرش، ماوەی کاتی کاری ڕۆژانە بە هەشت کاتژمێر دیاریکرا.، شەوکاری ژنان قەدەغەکرا. لە ١٤ی نۆڤەمبەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی خرایە دەستورەوە، تیایدا بۆ یەکەمجار لە جیهاندا سودمەندبوونی ژنان لە مافی لایەنی کەمی شەش هەفتە مۆڵەتی دایکایەتی ڕاگەیاند.
مافی وەرگرتنی مۆڵەت لە کاتی سوری مانگانەدا بۆ کەسێک کە ئارەزووی بێ مۆڵەت وەربگرێت.
لە ١٩١٨ سودمەندی: benefits  دایکایەتی فراوانتر بوو, دڵنیابوون لەوەی کە دایک بۆ هەموو سێ کاتژمێر جارێک.کاتی مۆڵەتی شیردان بە کۆرپەکەی موچەی پێبدرێت. بڕیاردرا لایەنی کەمی کرێی یەکسان بەرانبەر کاری یەکسان بدرێت بە ژنان.
 یەکیەتی سۆڤیەت یەکەم وڵات بوو لە دنیادا چوارچێوەی یاسای زەوی و کاری داهێنا بۆ ژنان، دوای چەندەها دەیە، حکومەتی سەرمایەداری ناچارکرا ئەو یاسایە تێپەڕێنێت  لەژێر پاڵەپەستۆی شەڕی چینایەتی لەلایەن خەڵک خۆیانەوە کە سۆڤیەت نمونەیەکی ئیلهامبەخش بوو.

لە جوڵای ١٩١٨ یەکەم دەستوری ڕژێمی سۆشیالیستی پشتی پێبەسترا، یەکەم وڵات بوو لە دنیادا مافی یەکسانی دا بە ژن وپیاو بۆ دەنگدان. بەبێ مەرجی موڵکایەتی و ڕادەی خوێندەواری. لەهەموو مەیدانەکاندا مافی یەکسان درا بە ژنان. لە ڕوسیا مافی دەنگدان لەلایەن ژنانەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دەیەیەک لەپێش ژنانی بەریتانیاوە.
شوێنی لەدایکبونی چالاکوانان بوو بۆمافی  ژنان لە پێش وڵاتەیەکگرتووکانی ئەمریکاوە کە تیایدا ژنان مافی دەنگدانیان نەبوو تاکو ١٩٢٠.

فرمانی بڵاوکردنەوەی نەهێشتنی نەخوێندەواری جێگەی گرنگیپێدان بوو. دروشمی گرنگی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە هند **"each one teach one " تاکەکەسێک تاکە کەسێک**

**ڤێربکات** "دەیەیەک پێشتر لە ڕوسیای سۆشیالیستی  وەکو یاسا پشتی پێبەسترابوو. لەدیسەمبەری١٩١٩ بیست ساڵ دواتر لە ١٩٣٩ لە ڕوسیا بە شێوەیەکی گشتی کۆتایی بە نەخویندەواری ژنان هات.

ئەم پێوانانە ڕادیکاڵترین پێوانەبوون لەیاسای خێزاندا، لەم وڵاتە سۆشیالیستییەدا یاسای باوکسالاری و یاسای خێزان کۆتایی پیهێنرا، پێش چەندەها دەیە لە بەرگری ژنانی فمنستی ڕۆژئاوا بۆ نەهێشتنی پیاوسالاری لەناو خێزاندا. وردەکارییەکانی لەبەشی دواترە.
لە پێداچونەوە بەو دەستکەوتانەدا لینین وتی: **نە تاکە پارتێکی دیموکراتی لە جیهانداو تەنانەت نە پێشکەوتوترین کۆماری بۆرجوازی لە چەندەها دەیەدا ئەوەی نەکردووە سەد ئەوەندەی کەلەیەکەم ساڵی دەسەڵاتماندا کردمان.**

**"بەڕاستی ئەو یاسایەمان تێکشکاند کە ژنی لە پێگەیەکی نایەکساندا دانابوو"**
ئەوە یەکەم هەنگاوی گەورەبوو، دامەزراندنی چوارچێوەی یاسای یەکسان و یاسایی.

**چارەسەرکردنی نایەکسانی و جیاکردنەوەی کرێکار لەڕووی ڕەگەزی  نێرومێ وە**

تیۆری مارکسی بۆ ئازادی ژن هەڵگری ئەوەیە، دابەشبونی لەڕووی ڕەگەزەوە
(بەرهەمهێنانی ڕەگەزی بەشەری و ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان) کاتێک چارەسەردەکرێت کە ژنان پێبەپێ یەکسانبن لەگەڵ پیاوان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی. نەهێشتنی خێزان وەکو یەکەی بنچینەیی بەرهەمهێنان، کاتێک کە بەرپرسیارییەکانی بەرهەمهێنان دابەش دەکرێت. ژنان ئازاد دەبن لە جیبەجێکردنی ئەرکەکانی ناوماڵ.
وەکو **لینین وتی سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو یاسایانە، ڕزگاربوونی ژنان تەنها کاتێک دەست پێدەکات کە خەباتی سەرتاسەری دەستپێدەکات دژی ئەرکە بچوکەکان، ..............**

سروشتی خودی ئابوری سەرمایەداری لەسەربازاڕی سەرمایەداری وەستاوە. ڕووبەڕوو لەگەڵ بەدیهێنانی ئەوپەڕی توانای قازانج کە هەرگیز نایێتە چارەسەری کێشەکان. مەرجی سەرەکی مڵکیەتی گشتی ئامڕازەکان بەرهەمهێنان و هێزی ئابوری پلان بۆدانراو. یەکەم دەوڵەتی کرێکاری پێش هەمووشتێکە بۆ چارەسەری ئەم لایەنە.

کرانەوەی خولی ڕاهێنان، لە قوتابخانە پیشەییەکان و مەشقکردن لەکاتی کاردا بۆ گەشەسەندنی ڕادەی زیرەکی،  لەگەڵ زیادکردنی ژمارەی ژنانی کرێکار کە بنچینەی دەوڵەت بوون لە مێژوودا بۆ بزوتن بەرەو نەهێشتنی هەبوونی دووئەرک "double burden "بەسەر ژنانەوە، کەژیانی ژنانی کرێکار جیا دەکاتەوە. دەوڵەتی سۆشیالیستی دەستیکرد بەکردنەوەی  ژمارەیەکی زۆر لە سەنتەری چاودێری بۆ منالان و کرنەوەی شوێنی جل شۆرین یان جلشۆرگە، ئەنجامەکانی زۆر بەرچاوبوون، لە دەیەی دواتر ملیۆنان ژن تەقلیدی ترادسیۆنیان تێکشکاند. لەکاری قازانجهێندا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا یەکسان لەگەڵ پیاوان. لە هەمان کاتدا ئەرکەکانی ماڵەوە

بەشێوەیەکی گەورە کەمبونەوە .ژن ڕۆلی سەرەکی گێرا لە دروستکردنەوەی ئابوری وڵاتی سۆشیالیستی.

لەسەدا ٣٦ ی ژنانی دەرچوی قوتابخانەکان زۆرایەتییان پێکهێنا لە کارکردن لە بوارەکانی فێرکردن و تەندروستی، ئەندازیاری و پزیشکی و زانست.
کارکردن لە زەوی لادێکان گۆڕا بۆ کاری هەرەوەزی کشتوکاڵی، ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بەشداربوون بە ڕێژەی بیست ملیۆن، بەهەزارانیان کاری ڕابەراتییان دەکرد وەکو بەڕیوەبەرو، جیگری سەرۆک یەکەمجاربوو لەمیژووی جیهاندا لەناو چەند دەیەیەکدا دوای شۆرش، ژن پانتاییەکی یەکسانی داگیرکرد لەهەموو بوارەکان کارکردن و کاری مرۆڤایەتیدا.

## یاسای خێزان

شۆرش گسکی لە هەموو یاساکۆنەکاندا کە دژی ڕەگەزی ژن بوون، یاسایەک جێی گرتەوە کە تیایدا ژنان و پیاوان مافی یەکسانیان هەبوو لە هاوسەرگیری وجیابوونەوەدا، هەروەها دڵنییایی لە پاراستنی مناڵ و نەفەقەپێدانی و مافی یەکسان لە ملکدارییەتی.
ئیلغاکردنەوەی جیاوازی نێوان ئەوەی کە پێی دەڵێن مناڵی شەرعی ومناڵی ناشەرعی، دەوڵەت هەڵگری بەرپرسیارییەتی یاسای چاودیری مناڵ دەگریتە ئەستۆ لەگەڵ دڵنیابوون لە مافی یاسایی لەژێر چاودیری دایک وباوک تاکو تەمەنی ١٨ ساڵی.
یاسا مافی مناڵ لەباربردنی دا بە ژنان. یەکەم وڵات بوو لەدنیادا لەدانی ماف بەتاک لە هەڵبژاردنی سێکس، ئیلغاکردنەوەی یاسای دژی هۆمۆسێکس و هاوڕەگەزبازی و جۆری تر لە چالاکی سێکسی بەڕازیبوونی هەردوولا.

به نزیکبوونەوە لە حکومەتی سۆشیالیستی، لە ١٩٢٣ناميلكەيەکی ڕەسمی بڵاوبوەوە، تییایدا وترا:
"یاسای سۆڤییەتی ئەوە ڕادەگەیەنێت کە دەوڵەت وکۆمەڵگە بە هیچ جۆرێک خۆ هەڵناقورتێنن لە کێشەی سێکسی تاکو ئەو جێیەی کە کەس بریندارنەبێت و لە بەرژەوەندی کەسدا نەبێت.
لەشفرۆشی بە نایاسایی دانەنرا، سەرەڕای ئەوەی کە بەتوندی خەلکیان هان نەدەدا، ئەو ژنانەی کە بازرگانییان پێوە دەکرا دەهێنران بۆ کاری بەرهەمهێن.
لە ١٩٢١ لیژنەی حکومی دژی لەشفرۆشی بوو. ، حکومەت بە نییاز نەبوو بەهیچ جۆرێک خۆی هەڵبقورتێنێت لە بواری پەیوەندییە سێکسییەکان، هەموو ناچارکردنێک دەبێتە هۆی شێواندنی چارەنوسی سێکسی هاونیشتمانی خاوەن ئابوری سەربەخۆ.

بەلشەفیکەکانی سەرەتا، لەوپروایەدابوون کە خێزانی باوکسالاری نەمێنێت، یەکەم یاسای خێزان ڕەنگدانەوەی ئەوەبوو. ئیلتیزامی دەوڵەت بە ئیلغاکردنەوەی خێزانی باوکسالاری تاسانێکی کتوپربوو.
بۆ ڕووبەڕۆبوونەوەی عادەت و تەقالیدی کۆن و گۆڕینی بە نرخی یەکسان، یاسا پشتگیری لێکرد.
توندوتیژی ناوخێزان دەبێتەهۆی گرتنەبەری تاوانی گەورەو ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی. بەراورد بە باروگوزەرانی وڵاتە سەرمایەدارییەکان. توندوتیژی هاوپیشەکان باوو مەترسیدارە. باروگوزەران لە ڕوسیای سۆشیالیستی بە شێوەیەکی ڕێژەیی باشترە. بەڵام لە سیاقی تاقیکرنەوەی یاسای

ئازادو یاسای جیابوونەوەو زوو ئیلغاکرنەوەو هاوسەرگیری تۆمارکرا. وادیارە کە پیاو بەتەواوی
سودمەندبوو.
هەروەها  چەوسانەوەی ژنان لە ڕووی سێکسەوە لە پەیوەندییە کورتەکانداو دوای ئەوە
جێهێشتنی،
زۆر جار جێهێشتنی بە منالّی شیرخۆرەوە بووە بە دیاردەیەکی باو.

بە شیوەیەکی گونجاو یاسا ڕێکخرایەوە،  تۆمارکردن ئیجباری بوو. دڵنییای لە دانی نەفەقە کرا،
یاسای جیابوونەوە کە پێشتر پیاو سودمەندبوو لێی، دوایی زەحمەتتربوو بۆ پیاوان. ئەم گۆرانە
بەشێوەیەکی فراوان ڕەنگیدایەوەو بڵاوبوەوە لە دیبەیتی گشتی دەربارەی خێزان و پەیوەندییە
کەسیەکان، هەروەها بووە هۆی دەرکەوتنی نەرمیی،
تێگەیشتنی باوکایەتی لە وەهمی ئەوەی گوایە گۆرانی باری مادی ئۆتۆماتیکی دەبیتە هۆی
هەرەسهێنانی ئایدیۆلۆژیای بەرزی پیاوان.

لەو ساڵانەی دواییدا بە ڕابەرایەتی هاورێ ستالین، ژنان پێشکەوتنێکی ئابوری مەزنیان بەدەست
هێنا، بەڵام هەوڵەکان جیاوازبوون لە شەڕی نیشتمانی بۆ بەرگری لە یەکیەتی سۆڤیەت دژی
فاشستەکان.
دیسانەوە ژنان پێشەنگ بوون لە جەنگی پالەوانێتی کە هاندەرو ئیلهامبەخشەکەی لە کاری
بێوێنەدا  ستالین بوو.

بەلام لەو کاتەداو بەتایبەت دوای جەنگی جیهانی دووەم، ڕۆڵی خێزان لە دووبارە بنیاتنانەوەی
وڵاتێکی وێرانی دوای جەنگ، شێوەیەکی وەرگرت کە جەختی لەسەر ڕۆڵی دایک دەکرد، ئەرکی
بوو نەوەیەکی نوێ بەرهەمبێنێت.، هەروەها رۆڵی تری ترادسیۆن کە بەتوندی بەرەنگاری کرایەوە
لەلایەن پارتی بەلشەفیکی سەرەتاکانەوە.
مافی لەباربردنی کۆرپەلە لە ١٩٥٥ گەڕایەوە. ڕۆڵی دایک لە بوارە ناوخۆییەکانداجەختی لەسەرکرا.

لە ١٩٤٤ فرمانی خێزان ڕێکخرایەوە،  هەندێ لایەنی گرنگ کە لەساڵەکانی یەکەمدابە ڕێگای
جیاوازدا  هەبوون لەدوای جەنگ و شکستەکانی.
لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ڕەخنەگران لە پرۆژەی سۆشیالیستی ناتوانن نکۆڵی بکەن لە ئەزمونی
سۆشیالیستی کە حەوت دەیە بەردەوام بوو، دەریخست کە  ستراکچەری خێزان و پەیوەندییە
تاکەکەسیەکانی نێوان ژن وپیاو دەکرا  گۆرانکاری تێدابکرێت و هەوڵ بدریت بۆ بەدیهێنانی یەکەم
دەولەتی کرێکاری.

ڕۆڵی هاوبەشی ژنانی پێشەنگی کۆمۆنیست لە ڕزگاری کۆمەڵایەتی

پارتی کۆمۆنیست بەشێکی جیای کردەوە بۆ مەشقی ژنان لەسەر سیاسەتی پراکتیکی، ئەو بەشە ناوی نرا سهینەدێڵ Zhenotdel بە هاندەری ڕاستەوخۆی لینین دامەزرا. کاری یەکجار مەزنی ئەنجامدا. مەشقکردنی ژنان لە کارەکەدا لە کاتی شۆڕش دا، ئەندامانی پارتی ژنان تەنها ١٠ لە سەدابوون. لە نێوەندی سهینەدێڵZhenotde

گەیشتە ملیۆنان ژن، ڕۆژنامەی تایبەت ڕێکخرا بۆ ژنانی کۆمۆنیست و ژنانی کرێکار لە پێناوی مەشقی ئایدیۆلۆژیدا. ئەنجامەکانی تابڵێی یارمەتیدەرو پاڵنەربوون بۆ زیاتر نوێنەرایەتی ژن لە هەموو ئاستە هەڵبژێردراوەکاندا. تاکو نزیکەی ٤٠ لەسەدا لە دەیەی یەکەمدا. ئەوە جاریکیتر دەستکەوتیکی مێژوویی بێ وێنەبوو تاکو ئەمڕۆ لە وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا.
لە ١٩٣٠ سهینەدێڵZhenotde ئیلغاکرایەوە گوایە ئەرکەکانی کامڵ بووەو پڕبووەتەوە. پێشتر وا دەردەکەوت کە پڕیارەکانی لە پێشە و کاری زۆری کردووە.

ڕیکۆردی مێژووی بۆ پێشکەوتنی ژنان ئەگەری هەبوو بە هۆی دیدگای بەلشەفیکەکان و ژنان وپیاوان و ئەو ڕۆڵەی ژنانی شۆڕشگێری کۆمۆنیست دەیگێڕێت.
بەهۆی پاڵپشتی لینین ەوە، ژنانی پێشەنگ دەیانتوانی بەوپەڕی پرواوە  ببزوێن و تەحەدای پیاوسالاری بکەن لەناو خێزاندا.

ناوی ئەو ژنە ڕابەرە کۆمۆنیستە پالەوانانەی کە شەوو ڕۆژ کاریان دەکردو خەونیان بە دنیایەکی نوێ وە دەبینی  ئەم ژنانە بوون:
ئەلکساندرا کۆڵۆنتای، ئنسا ئەرماند،  ئین کرۆبسکایا(هاوسەری لینین)، کەی سالمینۆڤا، ماریا ئۆڵیانۆڤا(دایکی لینین). سۆفیا سمیدۆڤیچ، لیبودمیلا ستاڵ، زلاتە لیلیانە، ڕۆزەڵیا زملاچیکا، ئینۆڤا ساسۆڤا، ڤێرا گۆڵۆلڤیا، پۆڵینا ڤی، ئەلکساندرا ئاڵتوکینا، ڤێرا لبدیڤا، زۆری تر. ئەوانە پێشەنگ بوون لەناو حکومەتدا، لەناو سوپای سوردا، لە بواری فێرکردندا، لە بواری یاسادا، لە بەشی پزیشکیدا، لەناو لێژنە جیاوازەکاندا، لە شوراکاندا، لەبواری هات وچوی ئۆتۆمبیلدا بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هاتوچۆ. میژووی تاکەکەسییان ناسراوو نەناسراوبوو. سەرەڕای هەبوونی دوا ئەرشیفیان لەخەبات لە دامەزراندنی یەکەم وڵاتی سۆشیالیستی.

لەم سەد ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، لە ڕابوردوی ڕژێمی سۆشیالیستی بە ڕوسیاشەوە، کە لەلایەن سەرمایەدارییەوە دەستی بەسەردا گیرا،  دیراسەیەکە لە ناکۆکی و گەڕانەوەی هەموو نایەکسانییە کۆنەکان.
تازەترین سەرژمێری ئەوە نیشان دەدات کە ژنان لە خراپترین شێوە لە هەموو دنیادا بە ڕوسیاشەوە.
زۆر سەرکەوتن و سەرنەکەوتن هەبوو، دەستکەوتی گەورە هەبوو هەروەها شکست، لە پێناو ڕزگارکردنی ژناندا.
لە نێوەندی ٧٥ ساڵی ژیانی یەکیەتی سۆڤیەتدا، بەڵام لەو ساڵانەدا جێگیربوو،
هەنگاوی گەورە نرا بەرەو بەدیهێنانی هیوای ئازادی کۆمەڵایەتی بۆ ژن
لە چوارچێوەی سۆشیالیستیدا نەبێ بەدی نایا.

-----------------------------------------------------------------------------------

سەرچاوە:

http://peoplesdemocracy.in/2016/1106_pd/october-revolution-and-womens-emancipation

# تکتی بەخت

## کورتە چیرۆک - ئەنتۆن پاڤلۆڤ چیخۆڤ

له ئینگلیزییەوە شاێر ڕەشید

**ئیڤان دمترچ** پیاوێک بوو لە چینی مامناوەند، ساڵانە بەموچەیەکی دوانزەهەزاری لەگەڵ خێزانەکەیدا دەژیاو

زۆر ڕازیبوو بەوەی کە هەیبوو. دوای نانی ئێوارە لەسەر قەنەفەکە دانیشتوو دەستیکرد بەخوێندنەوەی ڕۆژنامە. ژنەکەی بەدەم کۆکردنەوەی سەرمێزەکەوە وتی بیرم چوو سەیری ڕۆژنامەی ئەمڕۆ بکەم سەیرێکی بکە بزانە تکتەکانی تێدا نییە"
**ئیڤان دمترچ** وتی بەڵێ باش، بەڵام تکتەکەی تۆ بەسەرنەچووە؟"
"نا" سێشەممە وەرمگرت.
ژمارەکە چەندە؟"
ڕیزبەندییەکەی ٩٤٩٩ یە، ژمارەکەش ٢٦
"باشە... سەیردەکەین... ٩٤٩٩ هەروەها ٢٦
**ئیڤان دمترچ** پرِوای بە تکتی بەخت نەبوو بەڵام پرِیاریدا تەماشای لستی ژمارە براوەکان بکات، هیچی بۆ نەکرا، ڕۆژنامەکەی لەبەردەمبوو پەنجەی بردە خوارەوە بۆ سەر ژمارەکان، یەکسەر وەکو ئەوەی کە گاڵتەبێت، نەیتوانی پروا بەچاوەکانی بکات. بەتوندی ڕۆژنامەکەی دا بەسەرڕانەکانیدا، بێئەوەی بزانێت ژمارەی تکتەکە چەندە، وەکو ئەوەی کە ئاوی سارد کرابی بەسەریدا، لە هەناویدا هەستی بەساردییەک کرد.
بەڵێ، بەڵی بەڕاستی لێرەیە!"
ژمارەی تکتەکەش؟"
بەڵێ! ژمارەی تکتەکەشی لێیە، بەڵام هەڵوەستەیەکی کرد... ڕاوەستە! نا،
لەڕیزی دووەمە لەسەرەوە، خەڵاتەکە ٧٥ هەزارە، ئەوە پارە نییە، بەڵکو هێزو سەرمایەیە!
لەچرکەیەکدا دەبوو تەماشای لستەکە بکات. چی دەبووئەگەر بەڕاستی بمانبردایەتەوە؟"
**ژن ومێردەکە** دەستیانکرد بەپێکەنین و بەبێدەنگی تەماشای یەکترییان دەکرد.
ئەگەری بردنەوە توشی تاسانی کردبوون! نەیاندەتوانی بڵێن خەونیان نەبینیوە، ئەوەی هەردووکیان پێویستیان بوو٧٥ هەزاربوو. چی پێ بکرِن، بۆ کوێ بچن، تەنها بیریان لە ٩٤٩٩ و ٧٥ هەزار دەکردەوەو هیچیتر.
نەیاندەتوانی بیر لە بەختیاری بکەنەوە.
**ئیڤان دمترچ**، کاغەزەکەی بەدەستەوەبوو، چەندجارێک لەم سوچ دەچوو بۆ ئەو سوچ، خەیاڵ دەیبردەوە،
ئەگەر بیبەینەوە ژیانێکی نوێمان دەبێت، وەرچەرخانێک دەبێت.
تکتەکە هی تۆیە، بەڵام ئەگەر هی من بووایە، پێش هەموو شتێک ٢٥هەزام ئەدا بە مڵک وخانووبەرە، دەهەزارم
ئەدا بە مەسرەفی خێرا، ناوماڵی تازە، سەفەر، دانەوەی قەرز، چل هەزارەکەی ترم لە بانک دادەنا و قازانجم لێ وەردەگرت، ژنەکەی دانیشتبوو دەستی لەسەرکۆشی دانابوو وتی بەڵێ مڵک وخانوبەرە شتێکی باشە
لەشوێنێک لە ناوچەکانی تولا و ئۆریەڵ ... لەشوێنی یەکەم پێویستمان بە ڤیلای هاوینە نابێت، هەمیشە مڵک وخانوبەرە داهاتێک بەرهەمدێنێت."
وێنەگەلێکی قەرەباڵغی بەخەیاڵدا هات، میهرەبانترو شاعیرانەتر وەک لەپێشا، لەهەموو ئەو وێنانەدا، کەخۆی دەبینی بەتەندروستییەکی باشەوە، خواردنی باش، هەستێکی گەرم، تەنانەت دوای خواردنی شۆربایەکی هاوینەی ساردی وەکو بەفر، لەکەنار ڕووبارێک پاڵبکەوێت یان لەباخێک لەژێر داری لیمۆ...
کچ وکوڕە مناڵەکانی بە سکەخشکێ بەرەولای بێن، لمەکە هەڵکۆڵن یان لەناو گیایەکە خاڵخاڵۆکە بگرن.

بیری لە هیچ نەدەکردەوە، هەستی دەکرد پێویستی بەوەیە ئەمڕۆ بەیانی یان ڕۆژی دواتر بچێت بۆ نوسینگە، یان هەوڵبدات بێدەنگ پاڵبکەوێت، بچێت بۆ کێڵگەو مەڵۆنانەوە یان، بۆ ناودارستانەکە بۆ گەڕان بە دوای قارچکدا، یان تەماشای جوتیارەکان بکات چۆن بەتۆڕەکانیان ماسی دەگرن. پاش خۆرئاوابون بەخاولی و سابونەوە بچێت بۆ گەرماو، لەکاتی دەستبەتاڵیدا خۆی ڕووت بکاتەوەو دەست بە سینگە ڕووتەکەیدا بهێنێت، بچێتەناو ئاوەکەوەو وردە وردە کەفاوەکە تەڵخی بکات.
ماسییە بچوکەکان هاتووچۆبکەن سەریان نوقمی ژێر گیایە سەوزەکان بکەن. دوای خۆشۆرین چا و قەیماغی لولکراو بخوا، بۆئێوارەکەشی پیاسەیەک بکات، یان لەگەڵ هاوسێکاندا کات بەسەربەرێت.
ژنەکەی بەدەم خەیاڵاتەوە وتی: بەڵێ باش دەبێت ئەگەر خانووبەرە بکڕیت" دەمووچاوی گەواهی ئەوەیان دەدا کە سیحری لێکرابێت.
**ئیڤان دمترچ** وێنای خۆی دەکرد لە گەڵ پایزو باران و ئێوارە ساردەکانی، هەروەها هاوینی سەین مارتینز. لەو وەرزەدا پیاسەیەکی درێژبکات بەرەو باخەکەو کەناری ڕووبارەکە تاکو تەواو ساردی دەکات. دوایی کوپێکی گەورە ڤۆدکا هەلقورێنێت، دوایی قارچکێکی سوێر بخوات، دواتریش خەیاری سوێرکراو بخوات، پاشان کوپێکی تر بخواتەوە. مناڵەکان بەڕاکردن لەباخی لای چێشتخانەکەوە بێن و گێزەرو توور بێنن و بۆنی زەوییەکی تازەی لێبێت. دواییش لەسەر قەنەفە پاڵبداتەوە .... بە چەند لاپەڕەیەکی گۆڤاری ئیلۆسترەیتد دەموچاوی خۆی داپۆشێت، دوگمەکانی قەمیسەکەی بکاتەوەو سەرخەوێک بشکێنێ.
هاوینی سەین مارتینز ئاووهەوایەکی تاریکی هەیە، شەوو ڕۆژ باران دەبارێت. بایەکی ساردو شێداری هەیە، دارە ڕووتەکان دەخاتە گریان. سەگەکان وئەسپەکان هەموو تەڕدەبن، شوێنێک نابێ بۆ ڕۆیشتن. خەڵک ناتوانن بۆ چەندان ڕۆژ پێکەوە بڕۆن، دەبێت خەڵک بچنە سەروخواری ژوورەکە. بێهیوا لەپەنجەرەی خۆڵەمێشیی ڕەشبینییەوە!
**ئیڤان دمترچ** وەستاو تەماشای ژنەکەی کردو وتی **ماشا** خۆت دەزانی دەبێت بچینە دەرەوەی وڵات. بیری دەکردەوە دەبێ لەکۆتایی پایزدا چەند خۆش بێت بچین بۆ شوێنێکی وەکو خوارووی فەڕەنسا..ئیتاڵیا..بۆ هند.
ژنەکەی وتی بەدڵنیاییەوە دەبێ بچم بۆ وڵاتانی دەرەوە "بەڵام تەماشای ژمارەکە بکە!"
"سەبرکە! سەبرکە!...."

بەدەوری ژوورەکەدا دەسورایەوە، بەردەوامبوو لە بیرکردنەوە.
چی دەبوو ئەگەر بەڕاستی ژنەکەی سەفەری وڵاتانی دەرەوەی بکردایە؟ باشترە بەتەنها بڕوات. لەناو کۆمەڵگەیەکی ڕووناکدا، ئەو ژنانەی ئێستاکە گوێ بەهیچ نادەن، بیر لە هیچ ناکەنەوەو لەگەشتەکانیان باسی هیچ ناکەن جگەلەمناڵەکانیان. هەناسەیەکی هەڵکێشا، لەگەڵ هەرچرکەیەکدا دەلەرزی. **ئیڤان دمترچ** دەیهێنایە پێشچاو کەژنەکەی لەناو شەمەنەفەرە، بەکۆمەڵێک جانتاو سەبەتەوە. هەناسەی بۆ شتێک هەڵدەکێشا، گلەیی ئەوەی دەکرد کە شەمەنەفەرەکە توشی سەرئێشەی کردووە، لە وێستگەکان پارەیەکی زۆری سەرفکردووە بۆ ئاوی گەرم و نان و کەرە، نانی ئێوارە ناخوات.
وەکو باسیکرد ئیرەیی پێ دەبرد بۆ هەموو شتێک، لەگەڵ تەماشاکردنێکی ژنەکەی " تکتی بەختەکە بۆ ئەوە نەک من، لەگەڵ ئەوەشدا بەکاری بهێنێت بۆ چوون بۆ دەرەوەی وڵات. لەوێ چی دەوێت؟
دەبێ لەناو ئوتێلەکە دەرگا لەسەرخۆی دابخات، نەهێڵێت لەناو چاوانی دەرچم...دەزانم!"

هەروەها بۆیەکەمجار لەژیانیدا مێشکی لەناو ڕاستییەکاندا ئارام دەگرێت، ژنەکەی بەتەمەندا چووە، تێربووە، بۆنی چێشتی لێدێت.
کاتێک هێشتا گەنج بوو، تەڕبوو، لەوانەبوو هاوسەرگیری بکاتەوە.
بەدڵنیاییەوە، هەموو ئەوانە دەنگەدەنگێکی سەخیفە، ئیڤان لەوپەڕوایەدابوو، بەڵام بۆ دەبێت ژنەکەی بچێتەدەرەوەی وڵات، بەوچوونەدەرەوەیە چی دەکات؟ لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە هەر دەشڕوات..
دەتوانم بیهێنمە پێشچاو، لەڕاستیدا هەمووی هی ئەوە ئەگەر وابێ ناپۆلی یان کڵەی لەڕێگەم دەبن.
دەبی وەکو ژنێکی ئاسایی پشتی پێببەستم، هەر کە پارەکەی وەرگرت قفڵی لێدەدات، خەریکی پەیوەندییەکەی خۆی دەبێت، ڕقی لەهەموو شتێکی من دەبێتەوە.
**ئیڤان دمترچ** بیری لە پەیوەندییەکانی دەکردەوە، ئەو هەموو خۆشک وبرا نەگبەتانەی، پورو مامەکانی هەر کە ببیستن کە بردوومانەتەوە هەموو بە سکەخشکێ دێن وەکو سواڵکەر دەست دەکەن بە گریان و دەنوسێن پێمانەوە،
دوایش بە زەردەخەنەی چەورو مونافیقانە.
خەڵکی نەگبەت هەرچییەکیان بدەیتێ، داوای زیاتر دەکەن، ئەگەر نەیاندەیتێ جوێنت پێ دەدەن و هیوای بەدبەختیت بۆ دەخوازن.
**ئیڤان دمترچ** پەیوەندییە تایبەتەکانی بیر دەهاتەوە، دەمووچاویان کەلە ڕابوردودا بەشێوەیەکی نیوەیی سەیریان دەکرد، دژی ئەو تورەییەی کەلە دلێدا بوو.
ژنەکەم هیچ دەربارەی ماڵ وسامان نازانێ، ئەو ڕەزیلە ئەگەر بیباتەوە ١٠٠ ڕۆبڵم دەداتێ. ئەوەی کە دەمێنێتەوە قفڵ و کلیلی لێ دەدات. ئەمجارەیان بەبێ زەردەخەنەو بە ڕقەوە سەیری ژنەکەی کرد، ئەویش بەڕق و قینەوە تەماشای کردەوە، ئەو خەونی تایبەتی خۆی هەبوو، پلانی تایبەتی هەبوو. تیارامانی تایبەتی هەبوو. بەتەواوی دەیزانی خەونی مێردەکەی چییە، دەیزانی کێ یەکەم کەس دەبێت دەست بەسەر تەواوی دەستکەوتەکەدا دەگریت.
زۆر باش دەبێت  ئەگەر خەون بە ماڵی خەڵکێکی ترەوە ببینێ.
ئەو گوزارشەی لەچاوەکانیدا بوو بوێریی نەبوو!"
**ئیڤان** دمترچ ڕوانینەکانی ژنەکەی دەزانی، دیسانەوە ڕق لەناو سنگییەوە دەستیپێکردەوە، بۆئەوەی بێزاری بکات بەپەلە تەماشای کردو سەرەڕای ئەوەی کە براوەکان لە لاپەڕەی چواربوو لە ڕۆژنامەکە.
ڕیزبەندییەکە ٩٤٩٩ بوو ژمارەکە ٤٦ بوو نەک ٢٦
ڕق وهیوا پێکەوە ونبوون و
یەکسەر لە ژورەکەی بە دەرکەوت.

ژوورەکانیان بچوک و تاریک ونزم بوو.

ئەو نانی ئێوارەیەی کە دەیانخوارد باش نەبوو لەسەر هەناویان قورس بوو، ئێوارەکانیان درێژو تاقەتپڕوکێن بوو.
**ئیڤان دمترچ** بەبێزارییەوە گوتی: " شەیتان بە لەعنەتبێت، ئەمە یانی چی؟ چۆن پێت دابنێی پارچە کاغەزێک دەکەوێتە ژێر پێتەوە. لەوە ناچێت ئەم ماڵە هەرگیز گسک بدرێت! ناچار دەبیت بە ئاسانی لە ماڵ بچیتەدەرەوە.

ئەم نەفرەتییە ڕۆحی دەرکردووم!
وا باشە پڕۆم و خۆم بە داری ئەسپینەکەدا هەڵبواسم!"

---

تولا و ئۆریەڵ : دوو ناوچەن لە ڕووسیا




Russian Empire : Gubernias 1882

سەین مارتینز دوورگەیەکە لە نزیک کوبا
ناپۆلی شارێکە لە ئیتاڵیا
کلەن شارێکە لە مۆسکۆ Klin




---

سەرچاوە:

http://classicshorts.com/stories/lottery.html

# پرسەی شین Funeral Blues

پرسەی شین ( مەبەستی ڕەنگی شین) ە ، ڕەنگی شین واتە دڵتەنگی
شیعری وایستن هییو ئۆدن W H Auden's
لە ئینگلیزییەوە شلێر ڕەشید

هەموو کاتژمێرەکان بووەستێنن، تەلەفۆنەکان بپرن
ڕێ لە وەڕینی سەگەکان بگرن  بە ئێسکی تەڕەوە
پیانۆکان بێدەنگ بکەن لەگەڵ بێدەنگی تەپڵەکان
تابوتەکەی بهێنن و لە شیوەنگێرەکان گەڕێن با بێن

لێگەڕێن با فڕۆکەکان شیوەن بکەن لە سەرەوە
بەناڕێکی بە ئاسماندا بخولێنەوە، پەیامی " ئەو مرد"
قردێلەگەلێک لە قوماشی کرێپ بکەن بە گەردنی سپی کۆترەکاندا

ئەو باکورم بوو، باشورم بوو، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوام بوو
کارەکانی ڕۆژانی هەفتەم و پشوی یەکشەمان م بوو
نیوەڕۆو نیوەشەوم، قسەو گۆرانیم
وامزانی خۆشەویستی بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. بەڵام هەڵە بووم

ئێستا ئەستێرەکان نەویستراون، وەلایان نێن
مانگ بپێچنەوە خۆر داگرنە خوارەوە
ئۆقیانوسەکان ڕامالن، دارستانەکان گسک دەن

# سمنارەکەی "جۆن کلارک"

شلێر ڕەشید
June 05,2017

" دەنگەکان" لە درێژەی کارو چالاکیەکانیدا ڕۆژی یەکشەمە ٤ی جون، ٢٠١٧
کاتژمێر 2:00-5:00ی پاش نیوەڕۆ لە ئیست یۆرک سڤک سەنتەر لە تۆرۆنتۆ سمینارێکی ڕێکخست بۆ "جۆن کلارک " سۆشەڵست و چالاکوان وئەندامی Ontario Coalition Against Poverty "OCAP"
هاوپەیمانی ئۆنتاریۆ لە دژی هەژاری .
بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە لایەنگرانی سۆشەڵست و دنیایەکی باشترو ئەندامانی سۆشەڵست ئاکشن.

"ڕەها نەوزاد" بەڕێوەبەری کۆرەکە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردو بە پرسیارێک کۆرەکەی دەستپێکرد:

کێ لە ئێوە ڕۆژێک لە ڕۆژانی دەستیکردووە بەگیرفانیداو هەندێ وردەی دەرهێنابێ و دابێتی بەو کەسە بێخانەولانانەی کە لەسەرشەقامەکان و بەردەم چێشتخانەکان و قاوەخانەکان بەماتی و غەمگینییەوە دانیشتوون و ڕۆژ ئەژمێرن؟

"ڕەها" وتی: پیش ئەوەی ئێوە وەڵام بدەنەوە، وەڵامی خۆم بۆ پرسیارەکەم ئەمەیە:
لەڕاسیتدا من خۆم پێشتر هەمیشە دوودڵ بووم لەوەی یارەمەتییان بدەم یان نا!
چونکە هەمیشە کۆمەڵگە واتێگەیاندراوە کە ئەوانە تاوانی خۆیانە کە بێخانەولانەن، چونکە ئەوانە خەریکی مادەی هۆشبەرن و خۆیان تەمەڵن و بەدوای کاردا ناگەڕێن.

بەڵام ڕۆژێکیان لە قاوەخانەیەک دانیشتم قاپێ سوپ م خواردو دەرچوومە دەرەوە
بینیم کورێکی گەنج لەبەردەم قاوەخانەکە وەستابوو، یەکێ بوو لە بێخانەولانەکان.
تەماشایەکیم کردو دەستمکرد بە گیرفانمداو چی وردە هەبوو خستمە ناو چنگییەوە، زۆر سوپاسی کردم.
لێم پرسی ناوت چییە؟ بۆ لێرە وەستاوی؟ بۆ ماڵت نییە؟
کورە گەنجەکە وتی، دڵخۆشم کە ئەمە یەکەمجارە کەسێک پرسیارم لێ دەکات ناوم چییە؟ بۆ چی لێرەم؟
وتی من قوتابی زانکۆ بووم، دایک و باوکم لێک جیابوونەوە منیش بێ خانەولانە مامەوەو نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم.
پێم وت: دڵنیابە هەر وا نا بیت، هیوادارم بگەڕێیتەوە سەر خوێندنەکەت و درێژەی پێ بدەیت و ژیانت بگۆڕێت.
کورە گەنجەکەم جێهێشت.
لە دڵی خۆمدا وتم نابێت هەروا بە خۆرایی بڕیاری خراپ بەسەرخەڵکی بێ خانەو لانەدا بدەین، خۆ ئەوە ویستی خۆی نییە گەیشتووە بەو حاڵە.
پێویستە ئێمەش حیسابی ئینسانیان بۆ بکەین، لێیان نەترسین، بچینە پیشەوە
قسەیان لەگەڵ بکەین، بزانین چیرۆکی ژیانیان چییە، ژیانیان بە چیدا تێپەڕیوە،
پێویستە لەسەر دەوڵەت ئاوریان لێبداتەوە شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین بکات، دایانمەزرینێت لەسەرکار.

پاشان جۆن کڵارک باسەکەی دەستپێکرد.

جۆن کڵارک باسی لە هۆیە ڕیشەییەکانی هەژاری و ڕۆڵی " OCAP" کرد،
باسی ئەوەی کرد کە چۆن ٤٠٠٠ کەسی بێخانەولانە لە شەڵتەرەکاندا ڕۆژە پڕ لە نەهامەتییەکانیان بەسەر دەبەن،
لەساڵی پارەوە نزیکەی ١٠٠ حاڵەتی مردنی مەئساوی ڕوویداوە لەسەر شەقامەکانی تۆرۆنتۆ، ئەوە زیاترین ژمارەیە تاکو ئێستا تۆمار کرابێت لەم شارە.
ڕوونی کردەوە کە چۆن لە وڵاتێکی پڕسامانی وەکو کەنەدا مەئساتی لەم جۆرە ڕوو دەدات.
باسی کاری ڕاستەوخۆی "OCAP" ی کرد، بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە دەوڵەت و پۆلیس ساڵانێکە بەڕێگای جۆراو جۆر بەرگرییان لێدەکات.

جۆن کڵارک داوا لە هەموو کرێکاران دەکات کە دەست لە کاربکشێننەوەو بڕژێنە سەرشەقام و مانبگرن و خۆپێشاندان بکەن و ناڕەزایەتی دەربڕن و ڕازی نەبن بەو مەئساتە.
ئەوە تەنها چارەیە کە وەکو چەك بەکاری بهێنن دژ بە سیستمی چەوسێنەری سەرمایەداری.

لە درێژەی باسەکەدا بێری وەیزلیدەر سەرۆکی سۆشەڵست ئاکشن تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە تەنها ڕێگە چارە بۆ ڕزگاربوون لەو مەینەتییە و کۆتاییهێنان بە هەژاری و بێخانەولانەیی "شۆڕش" ە، ئەوەش لە ڕێگەی هەنگاونانی کۆمەڵگە بەرەو سۆشەڵیزم.
بۆ بەئەنجامگەیاندی ئەو هەنگاوەش دوو ڕێگە پێشمەرجن.

١- پێویستە لەسەر چینی کرێکار ڕازی نەبێت بەو حاڵە پرمەینەتییەی کە تێیدان، پێویستە بڕژێنەسەرشەقام و ناڕەزایەتی ڕابگەیەنن.
٢- پێشەوایانی شۆڕش لەناو سەندیکاکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی تر بەرنامەیەک داڕێژن بۆ گۆڕانی بنچینەیی لەکۆمەڵگە.

ئەمە مەسەلەیەکی خێرخوازی نییە، بەڵکو تێکۆشانە لەپێناو یەکسانی و شۆڕشە دژی بارۆدۆخێکی پەسەندنەکراوبۆ مرۆڤایەتی و ئەو بارو دۆخەی کە تێی کەوتووە.

هەروەها "بێری" داوای لە ئامادەبوان کرد کە پەیوەست بن بە سۆشەڵست ئاکشن وە لەپێاوی پێکهێنانی پارتێکی بەهێزویپتەودا.

داوای سۆشەڵست ئاکشن لە ئێستادا ئەوەیە کە "جۆن تێری" پارێزگاری تۆرۆنتۆ کاری دەستبەجێ بکات بۆ زیادکردنی شەڵتەرەکان لە تۆرۆنتۆ.
دروستکردنی شوێنی حەوانەوە بۆ هەمووان.
دابینکردنی پشتگیری دەستبەجێ بۆ ئەوکەسانەی کە کێشەی تەندروستییان هەیە

بەسە بێخانەولانەیی و مردن.

دوا بەدوای ئەوە چەند کەسێک لە ئامادەبووان چەند پرسیارێکیان ئاراستەی "جۆن کڵارک" کردو وەڵامیان درایەوە.

لە کۆتاییدا "ڕەها" باسێکی لەسەر ڕابەری کۆمۆنیستی کۆری " جۆن هوانگ" کرد کە چۆن تەنها خۆی دەستکرد بە مانگرتن دژ بە سیستمی خوێندن لە کۆریا و دوای ئەوە هەزاران کەسی تر پەیوەست بوون پیوەی و ڕژانە سەر شەقام.

لە کۆتاییدا "ڕەها" سوپاسی ئامادەبووانی کرد بۆ ئامادەبوونیان لە سمینارەکە و

وتی ئێمە هەموو پێکەوەو بە یەکگرتوویی  دەتوانین بگەین بە ئامانجەکانمان.
--------------------------------------------------------------------------------

## جیاوازی نێوان کلتورو سیستم لە کەنەدا

شلێر ڕەشید

کاتێک کەسێ ئەپرسێت کەنەدا چۆنە؟ زۆر کەس ئەڵێن بەهەشتە
ئەگەر بڵێیت چۆن؟ ئەڵێن سروشتێکی زۆر جوانی هەیە،  جوانی پارکەکان وسەوزایی و ئاوو مراوی جوان و باڵندەی جوان و نەورەسەکان بەسەر دەریاکانەوە، ژەنینی مۆسیقا لە ناو بازاڕەکان و مۆڵەکان و چێشتخانەی جوان و دیمەنی جوان ی خانووەکان و بینا بەرزە جوانەکان.
ئەگەر بڵێی ئەی سیستمی کەنەدا چۆنە؟  کەسانێک هەنە بیست ساڵ زیاترە لەم کەنەدایەن ئەڵێنن: بەشەرەف لە سیستمی ئیشتراکی شدا، واتە سۆشیالیستی دا خەڵک وەکو ئێمە خۆش ناژێت، کەسانێک نوقمی ناو گەندەڵین و هەستیشی پێناکەن، بە خۆشیان دەڵێن ئێمە کەسانی بە ئاگاین.

ئەم خەراباتە کە هۆشیارییە
لە مەستی گەڵێک سەرخۆشترە

سیستمی کەنەدا سەرمایەدارییە، سامانداره‌کان توانیویانە بەو سامانە زۆرەی کە کەڵەکەیان کردووە لە ڕێگەی چەوسانەوەی کرێکارانەوە"مەبەستم لە کرێکاران تەنها کرێکاری بیناسازی و ڕێگەوبان و کرێکاری ناو کارگەکان و ... نییە، هەر تاکێکی کۆمەڵگە کە هێزی کاری خۆی دەفرۆشێت کرێکارە، بە فەرمانبەرو مامۆستاو شۆفێرو... "
دەستیان بەسەر شوێنە گشتییەکاندا گرتووە، وەکو قوتابخانە تایبەتەکان و دایەنگەو باخچەی ساوایان وکلینک وکۆگاوبازاڕەکان و کۆلیج و فەرمانگەکانی تەئمین ی ئۆتۆمبیل و ماڵ و

گازستەیشن و....

## ١-گەندەڵی

گەندەڵی باڵی کێشاوە بەسەر زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، کەنەدا ش  یەکێکە لەو وڵاتانە، کاربەدەستان تاکو کەس و کارو برادەرو خزم و دراوسێی خۆیان وەستابێ.. کار بە کەسانی تر نادەن.
بۆ نمونە لە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان سیاسەت و جێبەجێکردن policy and procedure: هەیە کە پێویستە لەسەر ئەو بنەمایە کارمەند دابمەزرێندرێت، بەڵام ئەو بنەمایە تەنها مەرەکەبی سەرکاغەزە،  چەند خاڵێک لەوەی کە لەو بنەمایەدا هاتووە، نابێ ڕەگەزپەرستی هەبێ، ئەوبێ ئەو کەسە خاوەن ئەزمون بێت، سێڤێیەکی باش ی هەبێ، لە کاتی چاوپێکەوتنی بۆ دامەزراندنی ئەبێ بەتەواوی گوزارش لە خۆی بکات خۆی دەرخات کە خاوەنی چ زانیاری و ئەزمونێکەو....

## ٢-پۆلیس

دەزگایەکی سەرکوتکەرە،
پێویستە پۆلیس دەرچوی کۆلێج بێت یەکێک لەو وانانەی کە دەیخوێنن سایکۆلۆجیە، بەڵام هیچ حیسابێک بۆ سایکۆلۆجی هیچ تاکێک ناکەن، کە تاکێک سەرپێچی کرد دەتوانن کەسایەتی تاکەکان وردبکەن و تێیانهەڵدەن و تەنانەت بشیان کوژن.
جولای ٢٧ ،٢٠١٣  پۆلیس ی تۆرۆنتۆ ٩ گوللەی نا بە هەرزەکاریکی ١٧ ساڵی بێتاوانەوەو یەکسەرو لەوشوێنە دڵیان لەلێدان خست، بە مردوویش کارەبایان لێدا بزانن مردووە یان نا، دوای ئەوە وێرایان لێی بچنە پێشەوە (سەرچاوە :
(https://en.wikipedia.org/wiki/Death_of_Sammy_Yatim
ئەوەی ناوی مۆراڵ بێت لای پۆلیس نییە، بە مایکرۆسکۆبیش بگەڕێی و بیانپشکنی  ڕوحی مرۆڤایەتی نادۆزیتەوە لە ناویاندا، کەسانی دۆڕاوو بەجێماوی ناو کۆمەڵگەن.
هەرزەکار هەیە بۆ خوێندن هاتووە لە وڵاتانی ترەوە International Student  جارێ لە سیستەمەکە تێنەگەیشتووە " چۆن تێبگا پۆلیسی گەمژە؟!" خۆت ئەوەنە وریای؟!  دائیەگرنە خوارەوە لە پاس و کاتژمێریک ڕائیەگرن و دوای ئەخەن لە چونە قوتابخانە و بە تکتێکی  $500.00

غەرامەی ئەکەن و ڕۆژێکیشی بۆ دیاری ئەکەن کە بچێت بۆ دادگاو لێکۆڵینەوە، دەروون و کەسایەتی ئەو کەسە ورد ئەکەن و

ئەو وڵاتەشی لەپێشچاو ئەخەن. ئەبێتە ناخۆشترین بیرەوەری لە ژیانیداو ڕۆژانە کە چاوەڕێی پاس ئەکا، ئەو بیرەوەرییە تاڵە دووبارە ئەبێتەوە لە خەیاڵیداو بۆ هەتاهەتایە لەکۆڵ میشکی نابێتەوەو دەیان جاریش ئەو باسە ئەگێڕێتەوە بۆ هاورێ و کەسانی تر.

## ٣-دین

دین ئەڵترناتیڤی سەرمایەدارییە، تا دین باڵا دەست بێ کۆمەڵگە بەرەو گەمژەیی دەچێت، گەمژەیی کۆمەڵگە ئەبێتە هۆی باڵادەستی سەرمایەداری
ژمارەی مزگەوتی موسڵمانەکان و تەمپلێ سریلانکی و هندۆسەکان و سینەگۆک ی جولەکەکان

و پەرستگەی بودایەکان و... لە زیاد بووندایە، بالا پۆشی لە زیاد بووندایە لە نێوەندی خەڵکانی پاکستانی و بەنگلادشی و سۆماڵی و ....
ئەم پەرستگایانە بوونەتە بزنس ئەو گەمژانەی کە دەچن بۆ ئەو شوێنانە بە پارە دەچنە ژوورەوە خواپەرستی، لە ئێستاوە پارە ئەدەن بۆ ئەوەی ئەو بەهەشتەی کە خەونی پێوە ئەبینن مسۆگەربێ، ئەگەر ئەمە گەندەڵی نەبێ، ئیتر هیچ مانایایەک بۆ گەندەڵی نامێنێتەوە.
موسڵمانەکان زۆر هەوڵی ئەوە دەدەن کە دین تێکەڵی مەنهەجی قوتابخانە بکەن، توانیان ئەوە بەدەست بهێنن کە قوتابی وانەکەی بەجێبهێڵێت و بچێت نوێژ بکات لە ژووری تایبەت کە تەرخان کراوە بۆ نوێژکردن لە ناو قوتابخانەدا.

ساڵی پار بڕیار درا بەشێک زیاد بکرێت بۆ وانەی تەندروستی بۆ پۆلەکانی سەرەتایی ئەو بەشەش زانیاری بوو لە سەر ئەندامی زاووزێ و ئەرکەکانی
هەموو دیندارەکان مانیانگرت دژبەوە، هەموو لەبەر دەرگای بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان هات وهاوار و شیرە شیڕیان بوو، ئەو بڕیارە چەند ساڵیک بوو درابوو بەڵام نەچووبووە پرۆسەی جێبەجێکردنەوە.

## ٤-هەڵبژاردنەکان

لێرە زۆربەی خەڵک مەرایی کەرو ماستاوچین بۆ دەسەلاتداران و بەرپرسان، هەر لە هەڵس وکەوت و خۆنزمکردنەوەو پێکەنین و موجامەلەی بێماناوە تا دەگاتە دیاری پێشکەشکردن، ئەوەش ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوان بۆ گەیشتن بەو شوێنەی کە دەیانەوێ، زۆربەی خەڵک سوپاس گوزارن بەوەی هەرچی جۆرە کارێکیان دەست بکەوێت، خەڵکانی فلپینی و سریلانکی ڕازین بە کردنی هەموو جۆرەکارێک و بە کەمترین کرێ. هەرگیز نەک هەرناڕەزایەتییەک دەرناپڕن بەڵکو مەراییش دەکەن بۆ ئەوەی لەسەرکارەکەیان بیانهێڵنەوە.
چوارساڵ جارێک کەکاتی هەڵبژاردن دێت، نۆبەی دەسەلاتدارانە مەرایی بکەن و سواڵی دەنگدان بکەن، ماڵ بە ماڵ ئەگەڕێن و خۆیان دەناسێنن و دەڵین دەنگ بە من بدە، من ئەو شتانەتان بۆ فەراهەم دەکەم کە دەتانەوێت.
کە هەڵبژاردنیش دەکرێت تەنها گۆرینی دەموچاوەکانە، دەنا هەمان گەندەڵی بەردەوامە و خراپتریش بۆ نمونە:

وەزارەتی هاتووچۆ ـ M inistry of transportation کارێک ناکات کە لە خزمەتی هاوولاتیاندا بێت، ژمارەی دانیشتوان لە زیادبووندایە، ساڵانە بە هەزاران پەناهەندە ڕوو دەکەنە کەنەداو نیشتەجیی کەنەدا ئەبن و ئەبنە هاونیشتمانی کەنەدی بەڵام ژمارەی پاس زیاد ناکات تا دێت پاسەکان وەکو قەفەزی مریشکی لێدێت، خەڵک هەموو بە تەنیشت یەکەوە ئەنوسێن بەیەکەوە بەشێکی زۆریشی بە پێوە ڕائەوەستن. نرخی بلیتی هاتووچۆش ساڵ بەساڵ ڕوو لەسەرە.
لە لایەکی ترەوە ژمارەی ئۆتۆمبیل لە زیادبووندایە، ماڵ هەیە چوار ئۆتۆمیلی هەیە، هەر تاکە کەسێک و ئۆتۆمبیلێک، ئەوەش درێژەدان بە گەندەڵییەکی تری سەرمایەداری لە جیاتی زیادکردنی ژمارەی پاسەکان و کەمکردنەوەی ئۆتۆمبیلە تاکەکەسییەکان،
بە زیادبوونی پاس ئەو جیاوازییە چینایەتییەش کەمدەبێتەوە کەسانی پلە بەرزونزم، قوتابی و مامۆستا، فەرمانبەرێکی ناو فەرمانگەو کرێکارێکی شەقام پاککەرەوە یەک جۆر ئامرازی هاتووچۆ بەکار دەهێنن و هەڵی ئەوەیان ئەبێت بە تەنیشت یەکەوە دابنیشن و کەس خۆی لە کەس بە

زیاتر یان کەمتر نەزانێت، هەلی دروستبوونی هاورێیەتی و هاوخەمی و دەربڕینی ناڕەزایەتی و گفتوگۆ زیاتر دەبێت.

٥-یاسا Law مافی مرۆڤ Human right : عەدالەت :Equity

هەر هەمووی درۆی گەورەیەو لە خزمەتی دەسەڵاتدایە، بۆ نمونە کوشتنی هەرزەکارە ١٧ساڵانەکە کە لە وێکیپیدیا نوسیویانە ١٨ ساڵ
(سەرچاوە : https://en.wikipedia.org/wiki/Death_of_Sammy_Yatim

٦- بۆنەکان

وەکو کرسمس و سەری ساڵ و رۆژی ڤکتۆریا "دایکی کوین ئیلزابێث" و ڕۆژی کەنەدا ڕۆژی کار و ڕۆژی سوپاسگوزاری و ڕۆژی سیڤیک و رۆژی خێزان و ڕۆژی باشی هەینی
ئەوەش ڕێگەیەکی ترە بۆ بردنی ئاراستەی کۆمەڵگە بەرەو گەندەڵی و بەرخۆری سەرفکردنی پارەیەکی زۆر بە کڕینی کۆمەڵێک شتی بێمانا بۆ ئەم بۆنانەو دوایش فڕێدانی، ململانێی نێوان کریارو فرۆشیار، ئەگەر بشڵێیت بۆ دڵخۆش بوونە ڕاست نییە ئەم بۆنانە دڵ خۆشناکەن.
بۆنەیەکی وەکو سەری ساڵ بە حیساب لەگەڵ دۆست و هاورێی و هاوبیرەکانتی، بەڵام هەرهەمووی لەسەر بنەمای درۆ، هەر هەموو دا دەنیشن مێزێک دەگرن، ئەگەر کەمێک درەنگ بگەیت و شوێن نەمابێ بتەوێ لە تەنیشتیان دابنیشی ئەڵێن وەڵا ئەم شوێنە بۆ ئەوماڵەی هاورێمانە،
ئەی پریار نییە ئێمەش هاورێیی یەک بین!
ئەو بۆنانە زۆر بێمانان و هەست بە تەنهایی ئەکەی لە ناو ئەو کەسانە کە پێیان دەڵێی هاورێ و برادەر.

٧-وەرزشگەکان

ئەمەش شوێنێکی ترە بۆ کات کوشتن و گەمژاندنی کۆمەڵگە، بووە بە مۆدێل لە هەموو دنیادا، هەر تاکە کەسێک دەبینی جانتایەکی شوێنی وەرزشگەی بەدەستەوەیەو ڕوو لە وەرزشگە دەکەن و دواییش تێر زبڵ ئەخۆن " خواردنی شەکرو ڕۆن و خوێ".

٨- چێشتخانەکان

حکومەت چاوپۆشی دەکات لە فەراهەمکردنی خۆراکێکی زیانبەخش بە کۆمەڵگە خواردنێک درووستکراو لە خوێ و شیرینی و چەوری بەڕادەیەکی بەرز و دە بارە بەکارهێنانی ڕۆنی سوتاو بۆ سورکردنەوەی پەتاتە.و خۆراکە سورەوەکراوەکانی تری وەکو فەلافلل، کە تاکەکان توشی نەخۆشی شەکرەو پەستانی خوێن و دڵ و سترۆک "جەڵتەی دەماغ" دەکات.
ئەمەش هەوڵێکی ترە بۆ گەمژاندنی کۆمەڵگەو زیاتر دەوڵەمەندکردنی سەرمایەدارەکان.

### ٩- کلینک
گەندەڵییەکی ترە، تەنها بە ناو شوێنێکە بۆ چارەسەر، ئەوەی ناوی چارەسەر بێت لەوێ نییە،
کە دەچیت ئەبێت ٢ کاتژمێر چاوەڕێ بکەیت تاکو گەمژەیەک دەبینی تاکو چارەسەرت بکات، هیچ چارەسەرێکی لا نییە،
ئەگەر نەخۆشیش نەبیت لەوێ لەناو ئەو نەخۆشانە نەخۆش ئەکەویت.
وەزارەتی تەندروستی ساڵانە ڤاکسین یان هەیە بە خۆڕایی و بە ئارەزووی خۆت وەری دەگریت بۆ ئەوەی توشی هەڵامەت نەبیت، ئەوانەی وەری دەگرن پێش هەموو کەسێک توشی هەڵامەت دەبن، مادەیەکە ناتکوژێت، وبێ سودیشە وەکو خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکرێت، ئەوەش گەندەڵییەکی تر.

https://www.youtube.com/watch?v=a0sXCanF5rE
https://www.youtube.com/watch?v=3MRnsS7B-x4

## دەتبینمەوە
شیعری بێڵی هۆڵیدەی
**لە ئینگلیزییەوە** شلێر ڕەشید


September 05, 2015

له هەموو شوێنە دێرینە ئاشناکان
کە دڵم خوازیارییەتی
دەتبینم
هەموو کات وساتێک
لەناو قاوەخانە بچوکەکەی
ناو باخچەی کەنار ڕێگا
لەناو یاری منداڵەکان
داربەرووەکان
له هەموو هاوینێکی خۆشدا
دەتبینم
بیری خۆزگە
له هەموو شتێکی سادەو دڵخۆشکەردا
هەمیشە بەم جۆرە بیرت لێ دەکەمەوە
له هەموو ڕۆژانێکی هاوینی خۆشدا
له هەموو شتێکی ڕووناک و دڵخۆشکەردا
هەموو کاتێک بەم شێوەیە بیرت لی دەکەمەوە
له بەیانیانی خۆرەتاوا
سەرلەنوێ کە شەو دادێ
سەرنجی مانگ دەدەم بەڵام
تۆ دەبینم
هەر کە زەنگەکان لێیاندا
دەتگوت خۆشەویستانم گۆرانی دەڵێن
(پاریس) ئێمەی نوقمی خۆشەویستی کرد
له کۆتایی نیساندا
کێ دەزانێت ئەگەر ئێمە جارێکی تر بەیەک دەگەینەوە
لەگەڵ دەنگی شیرینی زەنگێکی تری بەیانیان
یەکترمان خۆش دەوێتەوە.

# فیلمی خوێنەرەکە The reader

شلێر ڕەشید

<u>تێبینی: تەماشای ئەم فیلمەم کرد، من ناڵێم ئەم فیلمە باشە، هانی کەسیش نادەم تەماشای بکات، من تەنها ئەوەنە ئەڵێم کە تەماشام کردووەو ئەیگێرمەوەو ڕای خۆمی لە بارەوە دەڵێم</u>



ڕۆمانی   ئەم فیلمە لە لایەن پرۆفیسۆری "یاسا و داد" بێرنارد شلنک ی ئەڵمانییەوە نوسراوە،
 لە ١٩٩٥ بڵاوکراوەتەوەو
لە ١٩٩٧ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاو بووەتەوە،  هەڵسوکەوتێکە لەگەڵ ئەو جەنگە سەختەی نەوەکانی ئەڵمانیا بۆ تێگەیشتن لە ڕابوردوی هۆلۆکۆست و لە قوتابخانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەخوێندرێت.

ڕۆمانەکە سێ بەشە، هەر بەشەی لەکات وشوێنێکی جیاوازدایە

**بەشی یەکەم** لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوایە لە ١٩٥٨ دوای جەنگی جیهانی دووەم.
نوسەری ئەم ڕۆمانە دەستت دەگرێت و دەتبات بۆ ئەڵمانیا بۆ ماڵەکەی مایکڵ و تەواوی خێزانەکەیان دایک وباوک و خوشکەکانی، دەتباتە سەر مێزی نانخواردنەکەیان، دەتباتە ناو پاسەکان وناو پۆلی خوێندن وقوتابخانەو مەلەوانگەو ناو پارک و چێشتخانەی گشتی و ماڵەکەی **هانا** و تەنهاییەکەی وکۆڵان و سەرشەقامەکانیان.

وەکو هەمیشەو لە کۆی ڕۆمانە جیهانییەکان و کوردییەکان ئەوەی من بەرچاوم کەوتبێت  ڕۆڵی جوان نادرێت بە ژن، جگە لە ڕۆمانی دایک ی **مەکسیم گۆرکی** کە ڕۆڵێکی قارەمانانەو شۆرشگێرانەی ژن مان نیشان دەدات، پەیوەندییەکی دایکانە لەگەڵ هەموو هاورێیانی پاڤێل ی کوری، بانگکردنی دایکی **پاڤێل** بە دایە لە لایەن هەموو هاورێکانی **پاڤێل** ەوە.
لێرەدا  **کەیت** ژنێکی ٣٦ساڵەو پەیوەندییەکی بەردەوامی سێکسی هەیە لە گەڵ **مایکڵ** ی تەمەن پانزەساڵ، جارێکیان پێکەوە دەچن بۆ چێشتخانەی گشتی نان بخۆن، کارمەندێکی چێشتخانەکە بە **مایکڵ** دەڵێت هیوادارم دایکت خواردنەکەی بە دڵ بێت.

**مایکڵ** لەتەمەنی پانزەساڵیدایەو نەخۆشی هەوکردنی جگەری هەیەو چەند مانگێک لەقوتابخانە دادەبڕیت بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە، لەڕیگەی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لە پاسەکە دادەبەزێت لە نزیک ماڵی **هانا شمز** / کەیت ونسلێت  تەمەنی ٣٦ ساڵە.
**هانا شمز** بەلایدا تێدەپەڕێت دەبینێ کورێکی گەنج  نەخۆشەو دەڕشێتەوە ئەو کورە **مایکڵ** بوو،
**هانا** سەتڵێک ئاو دەهێنێت دەموچاوی **مایکڵ** دەشوات و ئاو دەکات بە شوێنی ڕشانەوەکەداو ئەڵێ ئاگاداری خۆت بە،  **مایکڵ** بەرەو ماڵی خۆیان مل دەنێت و دەڕوات کە ماڵیان لەو نزیکانەیە.

ماوەیەک دوای ئەوە **مایکڵ** چەپکێک گوڵی بۆ دەبات بۆ ئەوەی سوپاسی بکات. گوڵەکە دادەنێت و ئەیەوێ بڕوات ، **هانا** دەڵێت منیش ئەچمە دەرەوە کەمێ چاوەڕێم بکە خۆم ئەگۆرم و پێکەوە ئەچینە خوارەوە،
لەکاتی خۆگۆڕیندا **مایکڵ** بەڕووتی دەیبینێ  سەرنجی ڕادەکێشێت، هانا ش تەماشای مایکڵ دەکات ،تەماشایان یەکانگیر دەبێت **مایکڵ** زۆر شەرمەزار دەبێت بە ڕاکردن دەروات و ماڵەکەی بەجێ دەهێڵێت. بەڵام دوای چەند ڕۆژێک دیسان **مایکڵ** ئەچێتەوە بۆ لای **هانا**.

**هانا** داوای لێ دەکات کە ٢ سەتڵ خەڵوزی بۆ بێنێت لە خوارەوە لە عەمباری خەڵوزەکە.
**مایکڵ** بە خۆیی و ٢ سەتڵی پڕ لە خەڵوزەوە دەچێتە سەرەوە بۆ ماڵەکەی **هانا**،
کە **هانا** ئەیبینێت پێکەنین دەیگرێت ئەڵێ  کورە سەیری خۆت بکە بزانە چیت لە خۆتە کردووە!

هەر هەموو دەمووچاوو جلەکانی بە تۆزو خۆڵی خەڵوزەکە ڕەش بوو بوو،
**هانا** پێی دەڵێت خۆ نابێ بەو شێوەیە بگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە، جلەکانت داکەنە با بیشۆم و خۆشت بچۆ ناو بانیۆکەوە خۆت بشۆو ئەو ڕەشووە لە خۆت بکەوە،
**مایکڵ** یش وا ئەکات، دوای ئەوەی خۆی ئەشوات  **هانا** ش بە ڕووتی خاولێیەکەی بۆ گرتووە بۆ ئەوەی وشکی بکاتەوە،  **هانا سەرنجی** سێکسییانەی دەچێتە سەر **مایکڵ** وکاری سێکسی لەگەڵ ئەنجام دەدات،
دوای ئەوە ئەو هاتوو چۆیەی **مایکڵ** و ئەو کاری سێکس ە دەبێتە کاری ڕۆژانەی هەردووکیان،

**هانا** ژنێکی نەخویندەوار بوو، داوا لە **مایکڵ** دەکات هەموو ڕۆژێک پێش ئەنجامدانی کاری سێکس کتێبی بۆ بخوێنێتەوە بە تایبەت ئەدەبی کلاسیک ی وەکو ئۆدیسە و خانم و سەگەکەی چیخۆف.
سەرەڕای بەرکەوتنی جەستەییان، هێشا هەر هەست دەکەن لە ڕووی سۆزەوە هەر نزیک نین بەهۆی ئەوەی کە **هانا** هەستی بە تاوان دەکرد بەرانبەر بە **مایکڵ** لە ڕووی و جەستەیی و هەڵسوکەوت و قسەی زبرەکانییەوە بەرانبەر بە **مایکڵ.**

بەشی دووەم
ڕۆڵێکی تری ناشیرین کە دراوە بە **کەیت** ی ژن، چاودێر بووە لە کەمپی قڕکردنی جولەکەکان لە ئاوشفیتز لە پۆڵەندا.
دیسانەوە نوسەری ئەم ڕۆمانە لەگەڵ خۆی دەتبات بۆ ناو هۆڵی لێپرسیەوەی تاوانبارو بێتاوانان.
دوای هەشت ساڵ **مایکڵ** یاسا دەخوێنێت و یەکێک دەبێت لەو قوتابیانەی کە  بەشدار دەبێت لە مەحکەمەی تاوانبارانی شەڕ. کۆمەڵێک ژن لە تەمەنەکانی ناوەڕاست چاودێری هێزی ئەمنی کەمپی جولەکەکان بوون لە ئاوشفیتز لە پۆڵەندا، بوون بە هۆی خنکانی ٣٠٠ ژنی جولەکە لە ژووری غازەکە. ئەو تاوانە لە لایەن ژنێک لە ڕزگاربوانی ناو کەمپی ئاوشفیتز نوسرابووەو کرابوو بە کتێبێک دوای ئەوەی کە لە کەمپەکە هەڵهاتبوو بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوژنە بوو بوو بە ئەستێرەیەکی گەواهیدەر لەو مەحکەمەیەدا.

جێگەی تاسان و سەرسوڕمان بوو بۆ **مایکڵ** کە **هانا** یەکێک بووە لەو تاوانبارانە ، گۆڕانێکی کتوپڕ هات بەسەر لایەنی سۆزداری ئاڵۆزی **مایکڵ** دا. هەستی بەتاوان کرد کە تاوانبارێکی بێ بەزەیی خۆش ویستووە. لە هەمان کاتدا بەلایەوە سەیر بوو کە **هانا** قبوڵی تاوانەکەی کردو هەموو تاوانەکەی بەسەر خۆیدا هێنا سەرەڕای هەبوونی بەڵگە کە لە کتیبەکەدا .
**مایکڵ** هەستی کردبوو کە شتێکی شاراوە هەیە لای **هانا** بەڵام بەهۆی نەخوێندەوارییەوە نەیتوانیەوەو نەیویستووە باسی بکات بە هەرچی نرخێک بێت.

لەسەرەتادا **هانا** نکۆڵی لەو تاوانە کرد کە کردبووی،  بەڵام دوایی دانی پێدانا.

**هانا** پێش ئەوەی ژنەکان بکوژێ داوای لێ دەکردن کە کتیبی بۆ بخوێننەوە
**هانا** حوکمی هەتاهەتایی بەسەردادرا لە زیندان.


بەشی سێیەم
لە دوابەشدا نوسەری ئەم ڕۆمانە دەتباتە ناو ئەو بەندیخانەیەی کە **هانا** ی لێ بەندکراوەو بیست ساڵی ژیانی لەوێ بەرسەربردووە.
**مایکڵ** دەیویست لە هەستی **هانا** تێبگات، **مایکڵ** دەستیکرد بە خوێندنەوەی کتێب و تۆمارکردنی لەسەر کاسێت وناردنی بۆ **هانا**، دوای چەند ساڵێک **مایکڵ** ژن دەهێنێ و کچێکی دەبێت و دوایی لە ژنەکەی جیا دەبێتەوە.
**هانا** خۆی فێری خوێندنەوەو نوسین دەکات لە ڕێگەی وەرگردتنی کتێب لە کتێبخانەی بەندیخانەکەوە. ڕستەی کورت کورت بۆ **مایکڵ** دەنوسێت و ئەینێرێت بۆی، نزیک دەبێتەوە لەوەی کە بیست ساڵ تەواوبکات لە بەندیخانە و ئەو کاتە تەواو دەکات کە بەسەریدا سەپابوو،.

**مایکڵ** دەچێت بۆ لای و پێی دەڵێت شوێنێکی بۆ دەگرێت کە لێی بژێت کە نزیکە لە کتێبخانەی گشتییەوە و ئیشیش بۆ ئەدۆزێتەوە، **هانا** هێشتا بەندیخانەی جێنەهێشتبوو، لەناو بەندیخانەکە خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، داخێکی گەورەی بۆ **مایکڵ** بەجێهێشت.
دوایی **مایکڵ** لەڕێی کەسانی ناو بەندیخانەکەوە زانیتی کە **هانا** لەو ماوەییەی زیندانی هەمیشە خەریکی خوێندنەوەی کتێبی کەسانی بەرزی ڕزگاربووانی ئاوشفیتز بووە لەوانە **ئێلی وێزڵ**،
**بریمۆ لەڤی**،
**تادیۆس بۆرۆوسکی**.
**هانا** هەرچی پارەی هەبوو بەخشیبووی بە ڕزگاربووانی ناو ئاوشفیتز. وەسیەتی کردبوو کە **مایکڵ** بیگەیەنێت پێیان.
پاشان **مایکڵ** سەردانی ژنە هەڵاتووەکەی ناو کەمپی ئاوشفیتزی کرد کە لە نیوۆرک دەژیا و نوسەری کتێبێک بوو لەسەر ئاوشفیتز. هێشتا هەر کاریگەری لەدەستدانی کەسانی خێزانەکەی بەسەرەوە بوو کەلە کامپی ئاوشفیتزدا گیانیان لەدەست دابوو.
**مایکڵ** باسی پەیوەندی خۆی **هانا**ی بۆیکردو ئەوپارەیەی کە **هانا** جێیهێشتبو دای بەوژنەنوسەرە ئەو ژنەش بڕیاریدا بیبەخشێت بە کۆمەڵەی خێرخوازی یەهودی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بەناوی "**هانا**"وە، ژنە نوسەرەکە قوتووە بەتاڵەکەی کە پارەکەی تێدابوو بۆخۆی هەڵیگرت لەجیاتی ئەو قوتووەی کە بەمناڵی لێی دزرا لە کەمپەکە، ئەوە ئاماژەیەک بوو بۆ چاودیرە دزەکان کە لییان دزیبوو.
لە کۆتاییدا **مایکڵ** گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا بۆ ئەوەی سەردانی گۆڕەکەی هانا بکات.

سێ ڕۆمان و سێ کورتەنووسین

شلێر ڕەشید

# ڕۆمانی "کوڕە بیجامە خەتخەتەکە"




خوێندنەوەی ئەم پەرتوکە گەشتێکتی پڕلەدڵتەنگیت  پێ دەکات لەگەڵ مناڵێکی نۆ ساڵاندا، کوڕێکی لاواز و بچوک، بچوکتر لە تەمەنی خۆی بەناوی" پرونۆ ".
پرونۆ هەمیشە حەزی بە گەڕان و لێکۆڵینەوە بوو، دەیویست لاسایی گەڕیدەکان بکاتەوە، خەونی  ئەوە بوو لە داهاتوودا ببێ بە گەڕیدەیەکی وەکو "کرستفر کۆڵۆمبس." باوکی لەڕیزی سەربازیدا کاری دەکرد لە ئەڵمانیا -بەرلین. دوای ئەوەی کە پلەی سەربازێتی بەرز کرایەوە بۆ گەورە ئەفسەر کاری قەڵاچۆکردنی جوولەکەکانی پێ سپێردرا .هەر بۆ ئەو مەبەستە دەبوو ماڵیان بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێک بەدووری چەندەها میل دوورتر لەشوێنی پێشویان . بۆلای کەمپی قڕکردنی جوولەکەکان بۆ ناوچەیەک بەناوی" پێکەوە بۆ دەرەوە."
دوای ئەوەی پرونۆی نۆساڵان لەگەڵ خێزانەکەیدا کۆچ دەکەن بۆ ناوچەی"پێکەوە بۆ

دەرەوە "زۆر بێزار دەبێ چونکە لە کەمپی جوولەکەکان و ماڵی ئەوان زیاتر یەک ماڵی تر لەو شوێنە نەبوو، قوتابخانەی لێ نەبوو .هاورێی نەبوو.تەنها ماڵی خۆیانی دەبینی و هیچی تر.

ڕۆژێکیان لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد کەمپەکەی بەرچاوکەوت .بڕیاری دا بەدزییەوە بچێ لەنزیکەوە کەمپەکە ببینێ .کە گەیشتەلای تەلبەندی کەمپەکە چاوی بە کوڕێکی جوولەکەی هاوتەمەنی خۆی کەوت بەناوی" شمۆڵ ."کە لەیەکترییان پرسی ناویان چییە، ناوی هەردووکیان نامۆ بوون بە یەکتر.

شمۆڵ وتی: هەرگیز ئەم ناوەم نەبیستووە، پرونۆ وتی خۆشم نەمبیستووە لەوانەیە هەر من ناوم پرونۆ بێ.

پرونۆ وتی منیش ناوی وەکو ناوی تۆم هەرگیز نەبیستووە، شمۆڵ وتی لەم کەمپەدا بەهەزاران کەس ناویان" شمۆڵ "ە ، خۆزگە منیش وەکو تۆ کەس ناوەکەمی نەبوایە.

پرونۆ ڕۆژی لەدایک بوونی خۆی بە شمۆڵ وت، دوایی لێی پرسی ئەی تۆ ڕۆژی لەدایک بونت کەیە، دەرکەوت هەمان ساڵ و مانگ و ڕۆژی لەدایک بوونیان هەبوو ١٥نیسانی ١٩٣٩

ئەو دوو کوڕە نۆ ساڵانە هەموو ئێوارەیەک یەکتریان دەبینی، پرونۆ دەهات بۆ لای و زۆر حەزی دەکرد بزانێ لەودیو تەلبەندەکەوە لە دیوی شمۆڵ چی هەیە.

دوای ئەوەی ڕۆژێکیان باوکی پرونۆ دەبینێ لەپەنجەرەی ژوورەکەی پرونۆوە کەمپەکە دیارە، بڕیار دەدا ژن و مناڵەکانی بنێرێتەوە بۆ ماڵە کۆنەکەیان.


پرونۆ بە شمۆڵ دەڵێ دێم بۆ دواجار ماڵئاواییت لێ دەکەم، داوا لە شمۆڵ دەکات کە بیجامەی خەت خەتی بۆ بهێنێ لەبەری بکا و بچێتە ژوورەوە بزانێ لەودیو تەلبەندەکەوە چی هەیە .دوو سێ هەفتەش پێشتر پرونۆ ڕشک و ئەسپێ لەسەری دابوو، دەبوو سەری سفر بکا .کە سەری سفر کرد لەگەڵ شمۆڵ شێوەیان لە یەک دەچوو .کە جلەکانیشی لەبەر کرد کەس هەستی پێ نەکرد. کە دەچنە ژوورەوە کەمێ دەڕۆن دەنگی ئاگادار کەرەوەکە دێ بۆ بەندییەکانی کەمپەکە کە ڕێ بکەن و بڕۆن بەرەو ژوورێکی گەورە، لەوێ دەبوو جلەکانیان پێ داکەنن و بە ڕووتی بییان نێرنە ژوورەوە گوایە گەرماوە و دەبێ خۆیان بشۆن، لەوێ گازیان بۆ بەردەدەنەوە و هەر هەموویان دەخنکێن .پرونۆو شمۆڵیش دەست لەناو دەست بەیەکەوە کۆتایی بە ژیانیان دێ، چارەنوسی دوو هاورێی بێ تاوان یەکێکیان نازی و ئەوی تر جوولەکە لەیەک ڕۆژدا لەدایک بوون و لەیەک ڕۆژیشدا بەیەکەوە بێ ماڵئاوایی ژیانیان جێ هێشت .

(لەوانەیە تەلبەندەکان جیامان بکاتەوە بەڵام هیواکان یەکمان دەخاتەوە) *

جۆن بۆینی ڕۆماننووسی ئێرلەندی لە سی نیسانی ساڵی ١٩٧١ لە شاری دوبلن لە وڵاتی ئێرلەندە لەدایک بووە. یەکەم کورتەچیرۆکی لە سەندەی تریبۆن بڵاو

کردۆتەوە. تا ئێستا نۆ ڕۆمان و پێنج ڕۆمانێش بۆ مێردمنداڵان و کۆچیرۆکێکی بڵاو کردۆتەوە. جۆن چەندین خەڵاتی پێدراوە. شایانی وتنە ئەم ڕۆمانە (کورە بیجامە خەتخەتەکە) کراوەتە فیلم.. جۆن بۆین ئێستاش هەر لە دوبلن دەژێ لە ئێرلەندە.

# ڕۆمانی "پڵنگە سپییەکە "





ئەم ڕۆمانە ٣٧٣ لاپەڕەیە، هەزار دانەی لێ چاپ کراوە لە ساڵی ٢٠١٥

لە بڵاو کراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان ە

باڵرام حەلواچی،خزمەتکار، فەیلەسوف، خاوەنکار، بکوژ. ئەو پیاوەی کە ژیانێکی ئاڵۆزو سەختی بەسەربرد. باڵرام کێشەکانی خۆی و چیرۆکی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن سووربوو لەسەر هەوڵدان. بوو بە کەسیکی سەرکەوتوو لە ژیانیدا.خاوەنی هیچ شتێک نەبوو لەژیانیدا زیرەکی نەبێ ،کە تاکو سەر یارمەتیدەر بوو بۆی. زیرەکییەکی لەڕادەبەدەری چاوەڕوان نەکراو کە نکۆڵی لێ ناکرێ. باڵرام فێری ئەوەمان دەکات کە ئاین هێزو شەرەفمەندێتی ناخوڵقێنێ ، هەروەها پارە هەموو کێشەیەک چارەسەر ناکا. بەڵام ڕەوشت بەرزی لەناو گەندەڵیشدا هەر دەدۆزرێتەوە. وە دەتوانی ئەوەی دەتەوێ لەژیانتدا بەدەستی بێنی بە گوێ گرتن لە گفت وگۆی ڕاست. بێ ڕەوشتی و بێ ڕێزییەکەی جێگەی خۆشەویستییەکی قوڵە. ئەمە یەکەم ڕۆمانی ڕاچڵەکێنەری نوسەرەو بووەتە جێگەی مشت و مڕ.

پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە باڵرام حەلواچی یاخود"پڵنگە سپێکە". لە ماوەی حەوت شەودا و لە ژێر تیشکی ڕووناکی کردستاڵێکی پرشنگداردا لەڕێی نامەیەکەوە بۆ سەرۆک وەزیرانی چین چیرۆکی ژیانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. باڵرام لە گوندێک لەناو دڵی تاریکیدا لەدایک بووە. کوڕی پیاوێکی عەرەبانچی بووە، عەرەبانەیەک کە هیچ ئەسپێک یان گیاندارێکی تر ڕاینەکێشاوە، بە هێزی باوکی چۆتە ڕێوە. نەنکی لە قوتابخانەی داپڕاندووەو گیرۆدەی ناو کاری چایخانەی کردووە، لەوێ خەریکی خەڵوز شکاندن و مێز پاککردنەوە بووە. هەڵاتن و خۆڕزگارکردن لەو جۆرە ژیانە تاکە خەونی ئەوبووە. کۆڵی نەدا لە گەڕان بەدوای کاردا تاکو هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسا کە ببێتە شۆفێرو خزمەتکاری ئاشۆک و پێنکی هاوسەری، کە ماڵێکی ساماندرابوون لە لادێیەک لە ڕووناکی. لەناو ئۆتۆمبیلە هۆندا ستێکەی ئەوانەوە بۆ یەکەمجار شاری دەلهی بینی و چاوی بە لەشفرۆشەکان و گەڕەکە هەژارنشینەکان و کتێبفرۆشەکان کەوت و لەناوەندی سیخوڕەکان و گەندەڵچیکان ومارمێلکەو سیسرکەکاندا ژیانی بەسەر برد. لەنێوەندی ئەوەی کە خزمەتکارێکی بەوەفا بێ و ئەوەی کە هەوڵبدا بۆ ژیانێکی باشتر گیری خواردبوو. باڵرام لەناو دڵی هندا بەئاگا هاتبوو فێری شتی نوێ دەبوو، لەکاتیکدا کە شۆفێرەکانی تر سەرقاڵی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی تاوانی هەفتەبوون. بیری لە پلانێک دەکردەوە کە وەکو پڵنگێک قەفەزەکەی بشکێنێ و دەربازبێ، وەکو کەڵەشێرێ لە قەفەزەکەی دەرپەڕێ. بە دڵنیاییەوە هەموو کەسێکی سەرکەوتوو پێویستە سەرچڵی بکاو قوربانی بدا بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. "پڵنگی سپی" ڕۆمانێکە دەربارەی وەرچەرخانێک لە هندستانی تاریکییەوە بۆ هندستانی ڕووناکی و لەژیانی تاریکی لادێ وە بۆ ژیانی ڕووناکی شار و لە شۆفێرەوە بۆ خاوەنکار.

# ڕۆمانی "ئەستێرەکان بژمێرە"




ڕۆمانی ئەستێرەکان بژمێرە ١٩٦ لاپەڕەیە بە کوردی ، لە ١٩٨٩ بڵاو کراوەتەوە، ڕۆمانێکی خەیاڵی مێژووییە لەلایەن ژنە نوسەری ئینگلیز "لویس لۆری" یەوە نوسراوە لە ئەمریکا.
دەربارەی هەڵاتنی خێزانێکی جولەکەیە لەگەڵ چەندان خێزانی تر لە کۆپنهاگن ەوە بۆ سوید، لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم.
ئانماری جۆهنسن ی تەمەن دەساڵان پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکەیە، لەگەڵ خێزانەکەیدا لە کۆپنهاگن دەژین لە ساڵی ١٩٤٣، ئانماری دەبێتە بەشێک لە ڕووداوەکان وبەکاری پڕ مەترسیدا تێدەپەڕێ بۆ ئەوەی ژیانی ئێلین ی جولەکەو باشترین هاورێێی و چەندان جولەکەی تر ڕزگار بکات لە مەترسی گرتن و دوورخستنەوەیان بۆ کەمپ. بەوەی کە ئێلینی بە "لز"ی خوشکی خۆی دانا کاتێ کە پۆلیسەکان هاتن ماڵەکەیان بپشکنن، ملوانکەکەی ئێلینی لە ملی کردەوە کە ئەستێرەیەک هێمای جولەکەیە.
هەروەیا دەستەسڕە دروستکراوەکەی برد بۆ خاڵی هنرک کە دەستەسڕەکە لەخوێنی و شکەوەبووی کەروێشک و هیرۆینی پێوە کرابوو بۆ ئەوەی سەگەکان نەتوانن بۆنی جولەکە هەڵاتووەکان بکەن.
کاتێ کە خاڵە هنرک دەیویست بە نهێنی جولەکەکان بەبەلەم بگوێزێتەوە لە کۆپنهاگن ەوە بۆ سوید.
لز خوشکە گەورەی ئانماری و پیتەری دەستگیرانی "لز" لە ڕیزی بەرگری دانش بوون دژ بە ئەڵمانییە نازییەکان، "لز"لەلاین ئەڵمانیە نازییەکانەوە کوژرا، پیتەری دەستگیرانیشی گیراو لەسێدارە درا لەگەڵ چەندان گەنجی ئازای تر ، هەر لە شوێنی لەسێدارەدانەکە نێژران تەنها ژمارەیان لەسەر گۆرەکانیان دانرا نەک

ناویان.
لویس لۆری له ١٩٩٠خەڵاتی نی یو بێری پێ بەخشرا بۆ ڕۆمانی "ئەستێرەکان بژمێرە" کە یەکێکە لە باشترین ڕۆمانە ئەدەبییەکانی لاوان .

ڕۆمانی ئەستێرەکان بژمێرە لە دونیایی بەرائەتیی منالّەوە دەتباتەوە ناو دونیایی پڕ پلانی گەورەکان وات لێ دەکات و هانت دەدا کە بە جۆرێکی  جیاواز بیر لە ژیان بکەیتەوە، فێری خۆشەویستیت دەکا بەرانبەر بە مرۆڤایەتی بێ گوێدانە جیاوازی دینی و نەتەوەیی.

ئلێلینی تەمەن دەساڵان دەبێتە کارەکتەری سەرەکی لە چیرۆکەکەدا بەو منالّییەی خۆیەوەو لەو دنیا پڕ بەرائەتەی خۆی دا. هەوڵ دەدا ژیانی چەندەها خێزان ڕزگار بکا لە دەست هێرشی نازییەکان بۆ سەر ماڵ و ژیانیان و دوورخستنەوەیان بۆ کەمپ، تەنها گەورەکان نین کە هەڵدەستن بە کاری سیاسی و ڕزگارکردنی گەلێک لە نەتەوەو ئاینێکی جیاواز . وا لەمناڵ دەکات کە لە کاتی تەنگانەدا بەتەنک هاورێکەوەبێ و بەشداری خەمەکانی بێ بە بێ گوێ دانە جیاوازی دین و نەتەوە.
لەم ڕۆمانەدا  مناڵ ژیانە مناڵانەکەی خۆی پراکتس دەکات و لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵێکی چالاک دەبینێ لە بەئەنجام گەیاندنی کاری سیاسی.
پیتەر سیمایەکی بەوەفاو خۆشەویست وماندو نەناس و دیاری ناو ڕۆمانەکەیە شآن بەشانی ئێلین و خیزانەکەی هەوڵی ڕزگار کردنی چەندەها خێزانی جولەکە دەدا کە لە ویژدان زیندوویی وەفاداری و بەتەنگەوەهاتن  زیاتر هیچی تری تێدا نییە بۆی.

ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردنی  مناڵ و فێرکردنی خۆشەویستی و وەفاداری بەرانبەر بە هاورێ بێ گوێ دانە جیاوازی نەتەوەو ئاین. ماڵی ئانماری ماڵێکی شۆرشگێرو بەرگریکار لە زوڵم و زۆر، ماڵێک کە هیوایان دنیایەکی باشترە بۆ مرۆڤایەتی. دنیایەکی دوور لە گرنت و کوشتن و ڕاونان و دەربەدەری.

درۆ لایەنێکی گرنگ و یارمەتیدەرە  لەم ڕۆمانەدا ،بەشێک لە کارەکتەرەکان   پەنا ئەبەنە بەر درۆ  بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان و هاورێکانیان بپارێزن و  ژیان ناچارت دەکا کە درۆ بکەی، درۆی لەو جۆرە دەبێ بکرێ ،لە ژیانماندا. هەریەکە لە ئێمە پێویستمان بەوەیە کە درۆ بکەین بەڵام درۆی جوان و درۆیەک کە ڕەچاوی لایەنی ئەخلاقی بکا و بەهای ژیانی تێدابێ، درۆیەک کاریگەری خراپی نەبێ بۆ سەر کەسە باشەکان کە مەبەستیان چاکە کردنە.

ڕۆمانێکی لەم جۆرە سەفەری ڕووحت پێ دەکا بەناو شاری کۆپنهاگن ی پایتەختی وڵاتی دانیمارک دا، بەناو کۆڵانەکانی و بینینی کرستین شای وڵاتەکەو سیمای خۆشەویست و سادەی "کرستین شا" و گەڕانی بەناو شآردا بەبێ پاسەوان  و بەسەرکردنەوەی دانیشتوانی وڵاتەکەو بەسەرکردنەوەی حاڵ و گوزەرانیان،
بینینی دەریای بەڵتیک وقەڵاکەو کۆشکی پاشاو  دیمەنی دارستان و گەڵاو گوڵ

وگیاو ئەستێرەو ئاسمان، دیمەنی جوانی ڕاکردنی منداڵەکان بەناو دارستان و گژوگیاو سەوزەڵانی و چنینیەوەی گوڵە وشکەوەبووە کێویلەکان و دیمەنی خانووە کۆنە تەپ و تۆز گرتووەکەی خاڵە هنریک و پیاسەکردن بەناو پارکی تایڤۆلی و سوڕانەوەی سەر ئەسپەئاسنینەکانی ناو پارکەکەو دیمەنی یاری ئاگرپژێن ی شەو.

جارێ لەگەڵ ئێلینی تەمەن دەساڵان پێشبڕکێ دەکەی لە ماڵەوە بۆ قوتابخانەو ڕووبەڕووی سەربازەکانی سەر سەرسوچەکە دەبیتەوەو بە دەمووچاوە ترسناکەکانیان ڕات دەگرن و کۆمەڵێ پرسیارت لێ دەکەن. جارێ لەگەڵ پیتەر نێڵسندا لە سێدارە دەدرێیت و ناویشت لە سەر گۆڕەکەت نانوسرێ تەنها ژمارەیەک لە سەر گۆڕەکەت دەنوسرێ. جاری لەگەڵ "لز" ی خۆشەویستی پیتەردا لەڕیزی بەرگریدایت و پۆلیسەکان دەتخەنە ژێر ئۆتۆمبیلەکانیانەوەو دەتکوژن. جارێک لەگەڵ جولەکەکان لە پرسەیەکی درۆدایت بۆ خۆرزگارکردن لە دەست شاڵاوی دڕەندەیی جولەکەکان. جارێک لەگەڵ دایک و باوکی ئێلین ڕووبەڕووی دەمووچاوی دڕندانەی پۆلیسە نازییەکان دەبیتەوە کاتێ کە هەڵ ئەکوتنە سەر ماڵەکەیان بە مەبەستی پشکنین و گەڕان بە دوای جولەکەکاندا.

ڕۆمانی ئەستێرەکان بژمێرە پێت دەڵێ لەخەمی ئازاری مانگایەکدابین کە کاتێ گوانی پڕ لە شیری ئازاری دەدا تەماشاآت دەکاو بە چاوەکانی داوای یارمەتیت لێ دەکا کە گوانی پڕ لەشیری بەتاڵ بکەیت، هەست بە خۆشەویستی ئەو مانگایەش دەکەیت بەرانبەرت کاتێ کە هەست بەو بەتەنگ هاتنەوە دەکا دەمی دەهێنێتە پێشەوە بۆ ئەوەی پێزانینی خۆیت نیشان بدات و ماچت بکا، باسی وەفای سەگ دەکات کە چۆن هەموو ڕۆژێ لەکاتی خۆیدا خاوەنەکەی بەڕێ دەکا بۆ سەر کارو دوایش لەکاتی گەڕانەوەی خاوەنەکەی بەهەمان شێوە چاوەڕێ دەبێ بۆ ئەوەی لە گەڵیدا بەرەو ماڵەوە بگەڕێتەوە.

هەمیشە هەروابووە لە بەئەنجامدانی کاری سیاسی دا "کۆد" هێمایەکە کە بەکارتووە. بۆ نمونە کە باوکی ئانماری بە تەلەفۆن بە خاڵی ئانماری دەڵێ ئانماری و دایکی دێن بۆ لات و کارتۆنێ جگەرەشت بۆ دەهێن، تەنها کارتۆنێک بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی جگەرە نییە بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە ئێلین ی جولەکە و هاوڕێی ئێلین دەربازبکەن و بیبەن بۆ لادێکەیان و لەوێوە بە نهێنی دەربازبێ بۆ سوید.

ئەم ڕۆمانەش وەکو هەر ڕۆمانێکی تر دوو کتێبمان پێ ئەناسێنێ یاخود بیرمان دەهێنیتەوە بۆ ئەوانەمان کە بیستۆمانە. ناساندنی پەرتوکی لەگەڵ بادا ڕۆیشت

ی مارگرێت مچڵ و حیکایەتی خەیاڵیی شاڵ کڵاو سووره بچکۆلە.

لە سەر ئەو بەرگە جوانەی کە بۆ کتێبەکە درووست کراوە تەواوی هێماکانی ناو ڕۆمانەکە کێشراوە
لە ڕەنگی سوروخوێناوی شەڕو ئازارو ڕاونان و گرتنەوە دنیای جەنگ بەرەو دنیایەکی پڕ ئارامی و ئاسوودەیی دنیای دوای جەنگ. لەم ڕۆمانەدا ئەستێرەی داود هێمایەکە بۆ دینی جولەکەو سووەستیکا هێمای نازییە دڕندەکانە، بەلەمەکان هێمان بۆ ڕزگارکردنی جولەکەکان و گەیاندیان لە دانیمارک ەوە بۆ سوید،
دەستەسڕ هێمایەکی تری دیاری ناو ئەم ڕۆمانەیە کە تایبەت درووستکراوە و هیرۆیین و خوێنی وشکەوەبووی کەروێشکی پێوە کراوە، بۆنی خوێنەکە سەرنجی سەگەکان ڕادەکێشێ بۆنی کۆکایین ەکە بۆ ماوەیەکی کاتی هەستی بۆنکردنیان سڕ دەکات و وایان لێ دەکات نەتوانن بۆنی جولەکە شاراوەکان بکەن و بیان دۆزنەوە.
لە لایەکی ترەوە منالان لە دنیای منالانەی خۆیان دان و بە دڵخۆشییەوە لەگەڵ یەک یاری دەکەن و یەکتریان قبوڵە بێ گوێدانە جیاوازی دین و نەتەوە.

تاڵیی ژیانی جولەکەکان لەو سەردەمەدا ، ڕاونان و هەڵاتن و خۆشاردنەوەو گرتن ئەشکەنجەو ولێدان و کوشتن و دەست رێژکردن هاوشێوەی ژیانی تاڵ وپڕ کارەساتی خەڵکی کوردستانە لە ١٩٨٨

# ژێرییەڵ

## شیعری سلڤیا پلات

مت بوون لە تاریکی

پاشان ناتەریب بوونێکی شین و

ڕۆچوونە ناو ڕەهەندەکانەوە.

شێرەمێی خودا

چۆن كەسێک گەورە دەبێت
لەسەر ئەژنۆ بەناو دێراوەكاندا دەچەمێتەوە.

خوشک، درزی كردو تێپەڕی
بەرەوكەوانەی قاوەیی
ناتوانم لەملەوە بیگرم.
چاوی كۆیلەیەک
وەک  قولاب
گیردەبێت لە دەنكە تووەكان.

ڕەشێكی خوێن شیرینی پربەدەم،
سێبەرە.
یان شتێكی تر.

بە هەوادا ڕامدەكێشێ
قژو، ڕانەكانم
شەق، شەق بوونی پاژنەكانم.

گۆدیڤای سپی
من جیاوازی ناكەم
لە نێوان دەستە مردووەكان و توندو تیژی.

من ئێستا
كەفی گەنمم، بریسكەی دەریام
هاواری منالْ.
لە دیوارا دەتوێنەوە.
من
من تیرم.

شەونم کە پەرش دەبێت

خۆ کوشتنە بەرەو سووربوون دەڕوات

چاو، مەنجەڵی سەرئاگردانی بەیانیانە.

---

شیکردنەوەی کورتە شیعری **"ئێرییەڵ"** ی **سلڤیا پلات** لەلایەن **"ولیەم ڤی دەیڤس"** ەوە

شیعری "ئێرییەڵ" وێنای ژنێکی ئەسپسواری ناو لادێیەک دەکات، شیعرەکە بەبزاوتنێکی تەواو لەتاریکیدا دەست پێدەکات، کاتێک ئەسپسوارەکە لەسەر ئەسپەکەی چاوەڕێیە. لەپڕ گۆڕانێکی نا ئاسایی ڕوودەدات. ڕەنگی شینی بەرزاییەکان ومەوداکان دەگۆڕێن، ئەسپسوارەکە "شێرە مێینەی خودایە" هەست دەکات بۆتە بەشێک لە ئەسپەکەی و پەیوەندییەکی توند لێکیان دەئاڵێنێ لە ڕێی پاژنەو ئەژنۆکانەوە. دێراوەکان شەق دەبن لە بەر تیژرەوی و غاردانی ئەسپەکەی ولە پشتیەوە بزردەبن، هێشتا دوورەدەستە لەملی ئەسپەکەی و ناتوانێت ملە ڕەنگ قاوەییەکەی بگرێت.
کاتێک کە ئەسپەکە لێدەخورێت، چیرۆکخوان تەماشای دەنکە تووە ڕەشەکان دەکات چۆن سێبەرێکی ڕەش درووست دەکەن. شتێکی تریش کە سەرنجی ڕادەکێشێ پەرش بوونی قژی بە هەوادا و توونددوتۆڵی ڕان و پاژنەکانی لەکاتی تیژ تێپەڕین ولێخوریندا.
سلڤیا لێرەدا خۆی دەچوێنێت بە **"گۆدیڤا**ی خانم کە بەڕووتی سواری ئەسپەکەی بووە.
لە نێوەندی لێخوریندا دەتوانێت بەبێ بەربەست لە "دەستی مردوو، جوڵەی مردوو دەرچێت ودەربازبێت ، ئەو خۆی وەکو کەفی سەرگەنم، وەکو ڕووناکییەکی پرشنگداری سەر ئۆقیانوس دەبینێت.

هاواری مناڵێک ئاشکرا دەکات، لەودیوی دیوارەوە، بەلام پشتگوێی دەخات. ئێستا ئەسپسوار تیرێکی بەهێزو تیژرەوە، هەروەها شەونمەو "خۆکوژی دەکات"
ئەو بووە بە هەردووکیان....ئەسپەکەو سوارەکە، پاڵ بەخۆیانەوە دەنێت بۆپێشەوە بەرەو ئاسۆ، کە وەک دونیایەکی چاو سووری بەهێز وێنای دەکات.

# شیکردنەوە

ژنێک لەتاریک وڕوونی بەیانیدا ئەسپەکەی بەناو لادێکەدا لێدەخورێت. لەوسەردەمەدا لە ١٩٦٥ ڕووبەڕووی ڕەخنەو پیاهەڵدانش دەبێتەوە.
بەیەکێک لە دەستکەوتە شیعرییە غامزەکان دەژمێردرێت. لەوە زیاتر ئاشکرادەکات کەلە تاریک و ڕوونی بەیانیدا ئەسپسواری بکرێت، بۆ بەسەر بردنی پشووی ڕۆژانە.
دەبێت لەشیعرەکەدا تێبینی ئەوەی کردبێت کە ناونیشانی **"ئێرییەڵ"** ی هەڵبژاردووەو هێناویەتی، دوای ئەوەی کە ناونیشانی **"بابە"** ی ڕەتکردەوە. شیعرەکەی خۆی و وێناسەنتراڵییەکەی خۆی ڕێکدەبێتە نێوەندی بەکارهێنانی وێنایەکی پرشنگدارو زرنگانەوەی سۆزێکی زیندوو. سەرچاوەی

سۆزی میژوویی و ئاماژەی مێژووی ونوسراو، بزاوتی هەستی تەنگەنەفەسی.
ڕەخنەگرەکان لەبارەی شیعرەکەوە دەکەونە گفتوگۆوە، وەکو ئەوەی کە کۆمەڵێک بابەتی جیاوازبێت، لەوانە داهێنانی شیعری سێکسوالتی، یەهودییەت، ڕوحانییەت، خۆکوژی ومردن گەیشتن بەخود، بەدەستهێنانی خود، سۆفیگەری و دەستپێکردن.

ناوی"**ئێرییەڵ**" ئاماژەیە بۆ سێ شتی جیاواز، ئەسپەکەی **سڵڤیا** یان خۆی کە حەزی لە ئەسپسواری بوو.
ڕوحی ئاندرۆجنەس : نێرەموک Androgynous
**ئێرییەڵ** لە نمایشی The tempest "ڕەشەبا"ی شەیکسپیر لەچەرخی کۆندا.
ئەو ڕەخنەگرانەی کە گفتوگۆ لەسەر شانۆگەرییەکەی **شەیکسپیر** دەکەن، مەیلی خوێندنەوەی شیعرەکەیان هەیە بۆ داهێانی شیعری.
"**ئێرییەڵ**" ئەو هێزە لە**شەیکسپیر**دا بەرجەستە دەکات، لەوانەشە بتوانێت مەجازییەت پێک بهێنێت.
بۆ نوسینی شیعر، شاعیر لە تاریکییەوە دەستپێدەکات، بەڵام ، دوای ئەوە دەگۆڕێت بۆ یەکێک لەکۆنترۆڵ و هێز. **سوزان ڤان دین** ی ڕەخنەگر تێبینی ئەوە دەکات، وەرچەرخانی خودی شاعیر لەناوەڕاستی شیعردا ئەوەیە ڕستەی تەواو مانیفیست دەکات. دەبیت بە نێرومێ، ئەسپ و سوار، شاعیروداهێنان، تیرو ئامانج، ئەو تەنها دیلی بزاوتی داهێنان نییە، بەڵکو ئەلتەرناتیڤیشە.
لەپەیوەند بە پێناسێکی تەوراتیی بۆئۆرشەلیم، گومانی تێدا نییە بەرهەمی ئەفسونی **سڵڤیا پڵات** ە وەکو
"شێری خوایی" لەعیبریدا، **سڵڤیا پڵات** لە دێڕی چوارەمدا وەکو خوای شێرەکان خۆی پێناس دەکات، ڕەخنەگرەکان لەشیعرەکانیدا تێبینی دووبارەبوونەوەی ئایدیایان کردووە. ئەسپی بەستووەتەوە بە سۆفیگەری دینییەوە.
لەوە دەچێت ئەسپسواری ڕێگەیەک بێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، **ولیەم ڤی دەیڤس** بەوجۆرە **سڵڤیا پڵات** دەبینێت کە ئارەزووی گەیشتنی بەو ئەزمونە تایبەتەی سۆفیگەری هەیە،

**ولیەم ڤی دەیڤس** وایدادەنێت بێئەزمونییە بۆ خوێنەر سەروای دوا دێر کە "چاو مەنجەڵی سەر ئاگردانی بەیانیان"ە.
بەستنەوەی چالاکی خودییە بە ئەسپسوارییەوە، بەڵگەی هاوبەش بۆ ڕەچەڵەکی عیبری وئازارەکانیان و مەنجەڵی سەر ئاگردان، ڕێگەیەکە بۆ ئاوێزانبوونی هەموو توخمەکان پێکەوە بۆناو بۆتەی هەست.

**سڵڤیا پڵات** مەبەستی نەبوو بۆدانیشتوانی ئۆرشەلیم خۆی ئاشکرابکات، بەڵام وەکو وابەستەبوونێک لەڕێگەی هێزی سەروەری ئاماژەیەک بوو بۆ **گۆدیڤا** لەبابەتی نێرۆمێدا لەسەدەی یانزەدا لە چیرۆکی خەیاڵی **ئەنجلۆ ساکسونی**.

**گۆدیڤا**ی ژنی پاشای ئینگلیز بەڕووتی بەسەر شەقامەکانی شاری کەڤنتری لە ئینگڵەند ئەسپسواریکرد ، لەپێناو لابردنی ئەو زەریبە Tax زۆرەی کە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە خرابووە سەر

خەڵکی هەژاری ئەوشارە. هەستی بە بێزاری دەکرد، بەردەوامبوو لە داواکردنی لابردنی زەریبە، لەکۆتاییدا پاشا وتی ئەگەر تۆ بتوانیت بەڕووتی و بەسەر ئەسپەکەتەوە بەناو شاردا بسوڕێیتەوە، ئەوکاتە منیش دەتوانم ئەو زەریبەیە لابەم، **گۆدیڤا** ڕازیبوو وابکات، واشیکرد. خەڵکی شارەکە ئەوڕۆژە نەهاتنە دەرەوە وەکو ڕێزلێنانێک، بۆ ئەوەی **گۆدیڤا** هەست بە شەرمەزاری جەستەی ڕووتی خۆی نەکات.
بەوجۆرە زەریبە لەسەر خەڵکی هەژاری ئەوشارە لابرا.
وەکو ئاشکرایە **سلڤیا پلات** مێینەیەک بووە لەسەر پشتی ئەسپێک کە نێر بووە.
لەکاتێکدا گریانی منالەکە پشتگوێ دەخات، ڕەتی دەکاتەوە وەکو ژنێکی ترادسیۆن ڕۆلی چاودێریکەر ببینێت.
**"ئێریەڵ"** ەکەی شەیکسپیر کەسێکی نێرەموک ە: Androgynous
"**ئێریەڵ**" ەکەی سلڤیا پلات پەردەلادانێکە لەسەر ژنبونی شاعیر، کە چۆن شاعیری ژن تورەبوونێکی داهێنانی شیعری لەناخیدایە، دوای ئەوە ئیتر ئەو ژن نییە، بەڵکو جەندەرەکەی نێرەموک ە. ئەو ئامانجی ئەوە نییە کە پیاو لەناو ببرێت، بەڵکو لەجیاتی ئەوە دەیەوێت جەندەر دیار نەکرێت.

لەکۆتاییداو لەگفتوگۆیەکی ڕەخنەگرانەدا **مارجری پێرلۆف** Marjorie Perloff دەربارەی ڕوحانییەت، سپیرەتیزم ,spiritism ئانەمزم: animism و ڕاڕاییە، **سلڤیا پلات** بەنوێنەری جۆری شیعری وجودی زیندوو دەژمێرێت کە تەرکیز دەکاتە سەر خود: self خۆی لادەدات لەبابەتی گێڕانەوە: ecstatic : narrative objectivity
**سلڤییا پلات** لەگەڵ مەملەکەتی ئاژەڵ خۆی دەناسێنێت بۆ ئەوەی گوزارش لەخۆی بکات. وەکو ئەوەی کە ساردو بێ ژیان بێت. بە هیوای ئەوە بووە کە ناسنامەی مرۆڤبوونی ون بکات و لەگەڵ هەستی ئاژەڵاندابێت.

**مارجری پیرلۆف** یش ئەم دەستەواژەیە دەخاتە سەر قسەکانی "ژیان لەوپەڕی هێزیدا دەمرێت، بەڵام مردن شتێکی خوازراوەو خواستنێکە. "خۆکوشتن:Suicidal وەرچەرخانێکی کتوپڕە بەرەو هەتاو/چاو "لەناو خۆری بەیانیدا نەک تەنها توندوتیژی بەڵکوسەلماندنی خود وروح ە .خۆکوشتن وەرگرتنەوەی ژیانی هاوبەشی ڕۆژانەیە بۆ ژیانی تاک وخود. دەتوانرێت ئەم لێکدانەوەیە ببەسترێتەوە بە لێکدانەوەی فمنستی و داهێنانەوە.

دوائامانجی سلڤییا پلات پەیوەستکردنی دڵخۆشییەکی کاتی و هەڵسوکەوتێکی نامۆیە، کۆتایی ئاشکراکردنی هەڵسوکەوتی تایبەتی وئارەزووەکانیەتی.

پەراوێز

---------------------------------------------------------------------------------------

**ئێریەڵ:** ناوی ئەسپەکەی سلڤییا پلات ە، هەروەها ناوی کتێبێکی شیعرییەتی، کۆمەڵێک شیعری نایاب لەخۆ دەگرێت، یەکێکە لە کتێبە شیعرییە بەناوبانگەکانی ژنان لەئەمریکا، بە ڕامانێکی قوڵ و خودیی بەراورد بە دیمەن و غموزییەت ناسراوە،
دوای ئەوەی کە سلڤییا خۆی دەکوژێت ئەم بەرهەمە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بڵاو دەکرێتەوە.

**گۆدیڤا:** گۆدیڤای ژنی پاشای ئینگلیز بەڕووتی ئەسپسواریکرد بەسەر شەقامەکانی شاری کەڤنتری لە ئینگڵەند لەپێناو ڕزگارکرندی هەژاران لەژێر باری زەریبەیەکی قورس کە پاشا سەپاندبووی بەسەریاندا.----

**بابە:** ناونیشانی شیعرێکی سلڤیا پلات ە.

سەرچاوە

-------------------------------------------------------------------------------------

https://www.poetryfoundation.org/poems/49001/ariel

# بابە

نایکەی نایکەی
لەوەزیاتر، پێڵاوی ڕەش
وەکو پێ لەناوی ژیام
سی ساڵ داماوو ڕەنگ زەرد
نەموێراوە هەناسە بدەم، یاخود بپژمم

بابە دەبوو بتکوژم
پێش ئەوەی کاتم هەبێ، مردی
جانتایەک پڕ لەخوا
قورس وەکو مەڕمەڕ
پەیکەرێکی ترسناک و تۆقێنەرو گەورە
پەنجەیەکی پێی خۆڵەمێشی
گەورەو چەسپاوبوو وەکو "فرسکۆ سیڵ[1]

سەرت بۆناو ئۆقیانوسی نامۆ
لەوێ سەوزی بەسەردا ڕژا، وەکو لۆبیا بە بەسەر شیندا
نزیک لە ئاوەکانی نەوزت[2]ی جوان

---

[1] **فرسکۆ سیڵ:** a Frisco seal ئاماژەیە بۆ پەیکەری پیاوێکی ترسناک لە فرانسیسکۆ کە پەنجەیەکی پێی خۆڵەمێشییە، بۆهۆی نەخۆشییەکەوە.

[2] **- نەوزت** Nauset : ڕووبارێکە لە ئەمریکا

دەپاڕامەوە بۆ ئەوەی تۆ بێیتەوە

بەزمانی ئەڵمانی، لەشارێکی پۆڵەند
بە زرێپۆش پان کرابووەوە
ئامێرەکان شەڕ، شەڕ، شەڕ
بەڵام ناوی شارەکە ناوێکی باوە
هاوڕێیەکی پۆڵەندیم
دەڵێت

دەرزەنێک یان دوو ناوی هەیە
نەمتوانی پێت بڵێم لەکوێ
پێت،ڕەگت داناوە
هەرگیز نەمتوانی لەگەڵت بدوێم
زمانم گیر دەبوو لەنێوان شەویلاگەم

بەند دەبوو لەناو دڕکەزی
من، من، من، من
نامتوانی بدوێم
وامدەزانی هەموو ئەڵمانییەکان تۆن و
زمانەکەش ئاپرووبەرە

ئامێرێک، ئامێرێک
دەنگێکی نەشاز

جولەکەیەک دەبەن بۆ داکاو ، بێڵسن، ئاوشڤیتز[3]
وەکو جولەکە دەستم بە گفتوگۆکرد
لەوپڕوایەدام، لەوانەیە جولەکەبم
وابزانم جولەکەم

بەفری ترۆڵ"[4]
بیرەیەکی ڕوونی ڤییەنا

[3] - **ئاوشڤیتز:** Auschwitz کەمپی جولەکەکان بوو، لەخواروی پۆڵەند، سێ کەمپ بوو لەناو یەک بەندیخانەدا، بەندییەکان کرێکاری کۆیلەبوون، لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەم، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ڕۆمانی "کوڕە بیجامە خەتخەتەکە" جۆن بۆین، وەرگێڕانی شلێر ڕەشید.

[4] - **Tyrol** ترۆڵ ویلایەتێکی فیدراڵییە لە خۆرئاوای نەمسا

ڕاستی وپاک نین
لەگەڵ باووباپیرە قەرەجەکانم و بەختە سەیرەکەم
کارتەکانی بەختم، کارتەکانی بەختم
بەپێی ئەو کارتانەبێ بەشێکم لە جولەکە

هەمیشە لێت ترساوم
لەبەرقسەی بێمانا
سمێڵە ڕێکەکەت "وەکو سمێڵی هیتلەر"
چاوە ئارییەکانت شینی درەوشاوە بوون
پیاوی زرێپۆش، پیاوی زرێپۆش، تۆی
خوا نەبوو، بەڵکو "سوەستیکا"[5] یەک

زۆر ڕەش بوو
ئەوەنە ڕەش بوو هیچ ئاسمانێک نەیدەبینی
هەموو ژنێک عاشقی فاشستێکە
دڵڕەقانە، پوتەکە بۆسەر دەموچاوی
دڵێکی ڕەق وەکو دڵی تۆ

لەناو ئەو وێنەیەت کە لە لامە
لای تەختە ڕەشەکە وەستاوی
چاڵەکەی چەناگەت لەجیاتی پێت
لە شەیتان کەمترنیت، نا نا
ئەگەر کەمتربوویتایە ڕەشەکە

دڵە سورو جوانەکەمت دوولەتکرد کە گازت لێگرت
دەساڵان بووم کە تۆیان ناشت
بیست ساڵان بووم، هەوڵمدا بمرم
بۆ ئەوەی بگەڕیمەوە، بگەڕیمەوە، بگەڕیمەوە،لات
وامزانی تەنانەت ئێسکەکانیش دەمرن

لەناو کیسەیەک دەریانهێنام بە سەمغ پێکەوەیان لکاندم
دوایی زانیم دەبێ چیبکەم

---

[5] - سوەستیکا swastika--هێماکەی هیتلەرە

نمونەیەکی وەکو تۆم دروستکرد
پیاوێک ڕەشی پۆشیبوو لە "ماین کامپف"[6] دەچوو

خۆشەویستێک بە "تەختەو بورغو"[7] ی سزادانەوە
وتم وادەکەم، وادەکەم
کەواتە بابە، کۆتاییم پێهات
تەلەفۆنە ڕەشەکە لە ڕەگەوە کوژاوەتەوە
دەنگەکان ناتوانن وەکو کرم بەناو تەلەفۆنەکەدا تێپەڕن


ئەگەر پیاوێکم کوشت، ئەوە دووم کوشتووە
خوێنمژەکە وتی من ئەوم
ساڵێک خوێنمی خواردەوە
حەوت ساڵ ئەگەر دەتەوێ ڕاستییەکەی بزانیت
بابە، ئێستا دەتوانیت پاڵکەویت

لەناو دڵە قەڵەوو ڕەشەکەت
دارێکی نوک تیژ هەیە
خەڵکی لادێکە هەرگیز خۆشیان نەدەویستی
هەموویان سەما دەکەن و سەرت پان دەکەنەوە
ئەوان لەسەرەتاوە دەیانزانی تۆ بووی
بابە، بابە تۆ زۆڵی
من تەواو.

---

https://www.poetryfoundation.org/poems/48999/daddy-56d22aafa45b2

---

[6] - Meinkampfماین کامپف : واتە تێکۆشآن،ناوی کتێبەکەی هیتلەرە، --

[7] - **"تەختەو بورغو" ی سزادان** rack and the screw ئامێرێک بووە بۆ سزادان بریتیە لە تەختەیەکی لاکێشەیەی، دوو خولخولۆکە لەمسەرو ئەوسەرییەوەیە، قوربانییەکەی لەسەر دادەنێن و هەردوو دەستی بە پەتی بەخولخولۆکەکەوە دەبەسترێ، خولخولۆکەکە دەسوڕێنن ، پەتەکە قۆڵ و باڵی یان ناوقەدی قوربانییەکە لە ڕیشەوە دەردەهێنێت.


شیکردنەوەی شیعری "بابە" ی **سلڤیا پڵات** لەلایەن **ڕۆبەرت فلس** ەوە
Robert phillis

لە کۆتاییدا، لەوڕێگەیە ڕادەمێنم کە شاعیر هەوڵیدا پێیبگات، بۆ ئەوەی خودێکی سەربەخۆبێت
independent self
ئەوەش بیرەوەری کوشتنی باوکییەتی، کوشتنێکی مەجازی metaphorical murder

ئەو بە "نازی" یەک دادەنێت، خۆشی بە جولەکەیەک، جەنگێک لەناو ڕوحی خۆیدا بەرپا دەکات، شیعرێکی ترسناک وپڕ لەڕەشبینییە. بەڕەهایی یەکێکە لە شیعرەکانی دانپیادانان لەزمانی خۆیەوە، لەسەرەتای دەسپێکردنیەوە باوکی بە "پێڵاوی کۆن" دادەنێت کە کچەکەی سێ ساڵ لەناویدا ژیابێت، ئەوە وێنایەکی ڕاستگۆیانەیە. بەپێی نوسینەکانی **فرۆید** ڕاکێشانی سێکسی مانیفێست دەکات. پلەی ئازارەکانی مێشکی سلڤیا پڵات و پشتگیری لەلایەن سەرچاوەکانی ئۆشڤیتز Auschwitz و داخاوDachauو بێلسۆن Belsen سەرچاوەکانی سڵڤیا لەهەر شوێنێک ئەوپیاوانەی کە هەڵواسران و لەسێدارە دراون، ئەوانیش دروشمێکن لەئازار لەزانستی دەروونی یونجیان[8] Yungianو بەدینەهاتووەکان

سڵڤیا دان بەوەدا دەنێت، دوای ئەوەی لە هەوڵی دەربازبوون شکستی هێنا، لەکاتی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن، هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک کرد، ئەویش باوکێکی تربوو، پیاوێکی ڕەشپۆش بوو لە ماین کامپف
Meinkampf دەچوو، خوێنمژی لەڕوحیدابوو، ساڵێک و حەوت ساڵ خوێنمی مژی، ئەگەر دەتەوێت بزانیت( **سڵڤیا پڵات** هاوسەرگیری لەگەڵ **تەدهیوز** ی شاعیرداکرد، حەوت ساڵ هاوسەربوون. کاتێک کەدارێکی نوکتیژ دەکات بەدڵی باوکیدا، لەبیرەوەرییە نەفرەتییەکەی تەنها لەباوکی ڕزگاری نابێت، بەڵکو بەشێوەیەکی
مەجازی metaphoricallyهاوسەرەکەی و هەموو پیاوان دەکوژێت.

"بابە بەتەواوی شیعری ڕەتکردنەوەیە rejection کاتێ دەنوسێت" تەلەفۆنە ڕەشەکە لەڕەگەوە لەکارکەوت"، پشت لەدنیای مۆدرن یش دەکات، ڕەتکردنەوەی خێزان و کۆمەڵگە بەرەو ڕەتکرنەوەی کۆتایی دەبات، ڕەتکردنەوەی خودی خۆی. خۆکوشتنەکەی لەهەموو شوێنێک بڵاوبووەوە، لەشیعرەکانیدا لەناوبردنێکی هێمایە وەکو تەوتەم[9] Totem، لەدەستەواژەکاندا ،سیحری مرۆڤ لەگەڵ مردن لەکەناردایە.

---

[8] Yungian یونجیان مەبەست لە کارڵ یونجیان ە دەروونناسێکی سویسرییە. بزاوتیکی جۆلانەکەرو هێمایە بۆ حاڵەتی دوودڵی

.



[9] Totem:. تەوتەم ئۆبجێکتێکە لەشێوەی باڵدار یاخود ئاژەڵ، کەسە وەهمی و خۆشباوەڕەکان پروایان وایە کە روحی هەیە

**ماچا لویس ڕۆزێنتاڵ** Macha Louis Rosenthal

دەڵێت: ئەگەر بمریت کامڵ دەبیت، ترس لەمردن لەگەڵتدا دەبێت بە پەیوەندییەکی ڕۆمانسی و بەرەو ئەو هەل ومەرجەت دەبات.

**فرۆید** دەڵێت "ئامانجی هەموو ژیان مردن ە"
**سلڤیا پلات** ژیانێکی شاعیرانەی هەبوو، لەدرێژماوەدا شاعیربوون بۆ ئەو، بووبەمردن.
هەردوومەرجەکە لێک جیانابنەوە، ئەوەی لەتوانایدابوو گوتی، خوێنی شیعربوو هیچ وەستانێکی تێدانەبوو.

لەم شیعرەدا پرۆسەی دوورکەوتنەوە لە "باوک" هەوڵی کەسیکە بۆ پاککردنەوەی خود.
لە وێنەی" نمونە"، باوکێکی دروستکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا میتۆدەکەی لە سیحرەوە نزیکترە وەک لەمردن. لەنێوەندی تێکەڵکردنی بەشیعری سۆز، هەوڵدەدات خۆی لێدەربازبکات.

---------------------------------------..........................................................

**ئاندرو سپەیسی Andrew Spacey** دەڵێت شیعری "بابە"ی **سلڤیا پلات** بەیەکێک لە شیعرە زۆر مۆدرنەکان دەژمێردرێت کە تاکو ئێستا نوسرابێت. شیعرێکی سوریاڵی تاریک وهێماییە، هەروەها ئازاربەخشە، هەندێک جار مەجازییە، خۆی بە قوربانییەک دەزانێت بۆ ڕزگاربوون لەدەستی باوکی.
لەزاری **سلڤیا پلات** خۆیەوە لەم شیعرەدا کچێک قسەلەگەڵ کۆمپلێکسی ئەلێکترا Electra complex دەکات، باوکی مردووە بەڵام بەخوای دادەنێت، حاڵەتەکە ئاڵۆزە، لەبەرئەوەی باوکی بەنازی دادەنێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە دایکی جولەکەبێت.

ئەم شیعرە لە١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٤نوسراوە، مانگێک دوای ئەوەی لەگەڵ هەردوومناڵەبچوکەکەی باریانکردووە بۆ لەندەن، ساڵێک دوای ئەوە **سلڤیا** دەمرێت، لەنێوەندی ئەو ماوە پرکێشەیەدا کۆمەڵێک شیعر دەنوسێت.
لەدەرونشیکاریدا psychoanalysis دژە ژن لە کۆمپلێکسی ئۆدیپ[10] Oedipus Complexدا دەبینرێت، کوری دایک وەکو بەربەرەکانیکردنی وزەی سێکسی باوک، هەوڵ دەدات باوک داگیربکات، ئەو ئارەزووە تێکەڵ نەبووە، هەندێکجار بەلایەنی نەگەتیڤ دەچەسپێت و دەسەپێت بەسەر باوک یان دایک دا.

**سلڤیا پلات** دەیویست شیعرەکانی پەیوەندی بەخەڵکەوە هەبێت، بۆخۆی وای دەگوت، بەگشتی هەستدەکەم سەرکەوتنی بەدەستهێنا. سەیری باوکی دەکات وەکو پێڵاوی ڕەش ،پەیکەرێکی گەورە، سوەستیکا، خوێنمژ.
حیکایەتخوانەکە ژنێکی قوربانییە، لەهەندێک شوێن نامۆیانە لەناو پێڵاو، لەناو گوش کۆتایی پێدێت.

[10] کۆمپلێکسی ئۆدیپ Oedipus Complex: زاراوەیەکی کۆنە بۆ کۆمپلێکسی ئۆدیپ مانیفێستی کچی بچوک دەکات

**جودث جۆنس Judith Jones وگونڤر نانس Guinevere A. Nance** دەڵێن:
لەشیعرەکەدا دوورکەوتنەوە لەباوک هەوڵی پاککردنەوەی "خود" ە، وێنای"نمونە" ی باوکێک کە میتۆدی کچەکەی نزیکترە لە سیحر وەک لەکوشتن.

**جۆن ڕۆزینبلاتJon Rosenblatt** دەڵێت بەدڵنیاییەوە "بابە" سمبولی هەڵسوکەوتی باوکە، بەڵام مانای ئەوەنییە باشترین شیعرێت. لەشیعرەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چەوساوەتەوەو وەکو"پێ" ژیاوە، دوایی دنیایەکی ئایدیالیستی دەداتە پاڵ باوک، مەڕمەڕێکی قورسە، کیسەیەکی پڕلەخوایە.
هەروەها دەڵێت **سلڤیا** لە شوێنێک ژیاوە لە پۆڵەند، ئەوبەشە زمانەکەیان ئەڵمانی بووە، دوایی وەکو جولەکەیەک دەبرێت بۆ کەمپی داخاو. ئاوشڤیتس وبێلس، وشەی ئەڵمانی "ئش Ich واتە من" و "وشەی دو du واتە تۆ" تێکەڵ بە وشەی ئینگلیزی دەکات. باوکی پیاوی زرێپۆشە، بەکەسێکی نازی دەزانێت کە خوێنی دەخواتەوە، پیاوێکی باوکسالارە.

**پۆڵ برەسڵن Paul Breslin** دەڵێت"بابە" گێڕانەوەی "خود"ە، ژیاننامەی"خود"ە
autobiographical
وەکو **غاستلی** وپەنجەیەکی خۆڵەمێشی و فریسکۆی زەبەلاح وەسفی باوکی دەکات.

**جۆرج ستاینەرGeorge Steiner** دەڵێت: سلڤیا پلات لە١٩٣٢لەبۆستن لەدایک بووە، لەداییک وباوکێکی ئەڵمانی ونەمساوی، هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەسوپای گرتووخانەوە نەبووە، شتێکی یەهودی لە باکگراوندیدا نییە، بەڵام دوا شیعری مەزنترین شیعرە، هاوبەشە لەگەڵ ئەوانەی کە ئازاردراون و بەکۆمەڵ کوژراون. لەدێڕێکدا سلڤیا دەڵێت:
ئامێرێک ئامێرێک ژێک دەگوێزێتەوە بۆ ئاوشڤیتز بۆناو شەمەنەفەری مردن. پریشکی ئەو کۆمەڵکوژییە بەر ئەویش دەکەوێت.
لەکتێبی"مردن هونەرە"دا دەڵێت: "بابە" یەکێکە لەو شیعرە دەگمەنانەی نزیک دەدبێتەوە لە ترسی کۆتایی، شیعرەکە هونەرییە وەکو تابلۆکانی پیکاسۆ Picasso's،لە هاوارەکانی پیکاسۆ، بەرگەی ترسناکییەکی گەورەی گرتووە، ناتوانێت بەرگری بکات. ئەمەش بەڵگەی تووانای شیعرییەتی، دانی حەقیقەتێکی هەمیشەییە بەخەیاڵ.

**پیتەرئۆر Peter Orr** بەپێی دەروونشیکاری فرۆید لەچەند قۆناغێکی گەشەیدا لەحاڵەتی خۆشەویستیدایە لەگەڵ دایک وباوک. کچ واخۆی دەردەخات کە ڕقی لەباوکییەتی، لەشیعری "بابە" دەیچوێنێت بە مەڕمەڕی گەورەوترسناک، لێرەدا هەڵوێستە دوولایەنییەکەی ئاشکرا دەبێت. دوایی دەیبەستێتەوە بەجوانی دەریا. هەستی ترس وخۆشەویستی دووشتی ناکۆکن، بۆ ئەوەی خۆی لێ ڕزگاربکات، بیرەوەرییەکانی لەناو دەبات.

---------------------------------------------------------------------------------

https://www.gradesaver.com/sylvia-plath-poems/study-guide/summary-ariel

# یاداشتی مردووخۆرەکان

شلێر ڕەشید
٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

ئاناتۆڵ دارۆڤ یەکێک بوو لە مردووخۆرەکان، لە یاداشتێکی خۆیدا باسی هێرشی نازییەکان بۆ سەر وڵاتی ڕووسیا دەگێڕێتەوە لە ساڵ ١٩٣٩ لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا .

شاری پترۆگراد یەکێکە لە شارەکانی ڕووسیا  ڕووبەڕووی جەنگ دەبێتەوەو توشی قەیرانی ئابووری دەبێت.
سێ ساڵ پێش هێرشی ئەڵمانیا، ڕووسیا خۆی ئامادە کردبوو بۆ ئەو هێرشە و ئەو جەنگە، زەخیرەیان هەڵگرتبوو بۆ کاتی جەنگ، بەڵام زەخیرە کۆتایی پێهات، ئەو بەرهەمانەی کە هەیانبوو لە پەتاتەو نیسک خۆیان چاندبوویان کۆتایی پێهات.
سەرژمێری خواردن کرا بۆ چوارملیۆن کەس هەزار تەن گەنم مابوو، ڕۆژانە ئەگەر نیوکیلۆنان بدرایە بەهەر نەفەرێک، ئەو پرە گەنمە بەشی دوانزە ڕۆژی دەکرد. خەڵک توشی برسیتیەکی ڕادەبەدەرهات، لە برسا دەمردن.

خەڵک دەستیکرد بە خواردنی گۆشتی حەرامکراو، کەرو سەگ و پشیلەیان دەخوارد، مشک لە شارەکەدا نەما هەمووی خورا.

پاشان خەڵک دەستیکرد بە مردووخواردن، سەرەتا مردووخواردن شەرم بوو، دوایی بە ئاشکراو لەبەرچاوی یەکتر دەگەڕان بۆ لاشەی قەلەو. دار نەما بۆ سوتاندن، خەڵک گۆشتیان بە کاڵی دەخوارد.

نازییەکان بە فڕۆکە نانی ژەهراوویان بەردایەوە بۆ خەڵک، خەڵک لە ناچاریدا دەیانخوارد، دوایی دەمردن. هەندێ کەس هەر بۆ مەبەست ئەیانخوارد بۆ ئەوەی بمرن و ڕزگاربن لەدەست برسییەتی.

بەریتانیا و فەڕەنسا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لە ساڵێ ١٩١٥ یارمەتی ڕووسیایاندا ئەو کاتە سیستمی ڕووسیا سەرمایەداری بوو بەڵام لە جەنگی جیهانی دووەمدا لە ١٩٣٩ سیستمی ڕووسیا سۆشیالیستی بوو.
ساڵی ١٩٤١-_-١٩٤٢ شەقامەکانی پترۆگراد مردووڕێژکرابوون، ڕۆژی پانزەهەزار کەس دەمرد لەسەرماو لەبرساو لەبەر نەخۆشی، سەدهەزار لاشەی مردوو کەوتبوو، دوای ئەوە ژمارەی مردووەکان گەیشتە هەشتسەد هەزار، دارنەما، خەڵک دەرگاوپەنجەرەکانیان دەسووتاند بۆ ئەوەی خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە.

ئاناتۆڵ دەڵێت لە دەزگاری ڕۆژنامەنوسی کارم دەکرد کتێبخانەیەکی گەورەم هەبوو لە کتێب و ڕۆژنامەوگۆڤار لەسەرما دەمپێچایە پێیەکانمەوەوخۆمم پێدائەپۆشی.
برادەرێکم وتی چۆن دەستمان بە پەتاتەوە نەگرت تاکو تەواو بوو، ڕۆژێک دێ گۆشتی مردووش نامێنێ بیخۆین، کارەباش نییە بۆ ئەوەی بیخەینیە سەلاجەوە، ڕۆژێک دێ داخی بۆ ئەخۆین خەڵک لە خانە ساردەکان چاڵیان هەڵدەکەندو مردوویان دەشاردەوە بۆ کاتی پێویست.

لە جەنگی جیهانی دووەم زۆربەی شارەکانی ئەوروپا دووچاری نەبوونی خواردن بوون
لە لینینگراد کەس لەبرسا نەمرد.
دەوڵەت ئاگای لەمردووخواردن بوو بەڵام بەڕەسمی ڕێگەی نەدابوو، جگە لە لاشەی مردوو هیچ شتێکیتر نەبوو خەڵک بیخۆن، حکومەت ڕێگەی لەوە نەگرت، کە نان نەما پەیوەندی نێوان خەڵک و ژیان پچرا. هیچ هیوایەک بە ژیان نەما.

مردوو خواردن خەڵکی گێژکردبوو، بێئاگا بەشەقامەکاندا دەسوڕانەوە، ژەهری بتومایین لەناو گۆشتی مردوودا هەیە و توشی ئەو حاڵەتەی کردبوون.
پێویست ناکا باسی پیسی شەقام وکۆڵانەکانی ناو شار بکەین
دایکەکان مناڵەکانیان لە پەنجەرەکانەوە فڕێ دەدایە سەرشەقام، سێ ملیۆن مردوو لەسەر شەقامەکان کەوتبوو، پێنجسەد هەزارکەس مابووەوە.

ژاپۆن کەوتە دژایەتی ئەمریکا، لە ئەمریکاو بەریتانیای دا، هەرچەند دوو دەوڵەتی هاوپەیمانیش بوون، ژاپۆن ئەگەر واینەکردایە، دەبووە دراوسێی ئەڵمانیای بەهێز..لەشکری ئەڵمان شکا، ئەڵمانیا لەڕوسیا کشایەوە
ڕێگە کرایەوە خواردن گەیشتە شار، نانەواخانەکان کرانەوە هەموو کەسێک نانی وەردەگرت.
سێ ساڵی مردووخواردن شێوەی خەڵکی گۆڕیبوو، شێتی وماندویتی و نەخۆشی بە ڕووخساری

خەڵکەوە دیاربوو.
خەڵکی هەرهەموو بەبێ جیاوازی کەوتنە پاککردنەوەی شارەکە.

# لەنەرد کۆون Leonard Cohen

**شاێر ڕەشید**

لە ٢١ی سپتەمبەری ١٩٣٤ لە پرۆڤانسی کەبەک/ مۆنتریال لە ناوچەیەکی ئینگلیزی زمان لە خێزانێکی جولەکە لە کەنەدا لەدایک بووە لە ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ لە لۆس ئەنجلس، کالیفۆرنییا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تەمەنی ٨٢ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان و هاورێکانی و گوێگران وخوێنەرانی کرد.
سەربە خێزانێک بووە لە چینی مام ناوەندی ، دایکی کچی تالمودیک ی نوسەر بووە. کۆون لە خێزانێکی بە ئەسڵ پۆڵەندی بووە کۆچیان کردووە بۆ کەنەدا. لە ١٩٤٨ لە قوتابخانەی ناوەندی وانەی مۆسیقای خوێندووە ئامێری گیتاری ژەنیوە.و شیعرەکانی "گارسییا لۆرکا" ی بەلاوە گرنگ بووە. لە ١٩٥١ چووەتە دانشگای مگێڵ بووە بە سەرۆکی یەکیەتی دیبەیتەکان و لە پێشبڕکێی شیعردا لە شیعری "چۆلەکەکان" و
"یاداشتەکان دەربارەی جوتیارێک" ،سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

کاریگەری "ولیەم بۆتلەر"ی مامۆستای زانستە سیاسیەکانی لەسەربووە لە زانکۆی مگێل، بۆتڵەر مامۆستاو هاورێی بووە. کۆون کاریگەر بووە بە واڵت وایتمان و فەدریکا گارسیا لۆرکا و هنری میلەر. کۆون دوای دەرچوونی لە زانکۆ یاسای خوێندووە لە زانکۆی مگێڵ، هەروەها لە زانکۆی کۆڵەمبیا وانە گشتییەکانی خوێندووە، کۆون ئەزمونی دەرچوونی خۆی وەسف دەکا بە

" عاتیفەی بێ جەستە، خۆشەویستی و نەگەیشتن بە لوتکە"
لە ئەنجامی ئەمە لە ١٩٥٧ نیۆرک بەجێ دەهێڵێ و دەگەڕێتەوە بۆ مۆنتریاڵ و لە جۆرەها کاری نامۆ کار دەکات، فەوکەسی کردووەتە سەر نوسینی ڕۆمان و شیعر،
ڕۆبەرت ویڤەری ڕەخنەگر دانی بەوەدا ناوە کە لەوانەیە کۆون باشترین شاعیری لاوی ئینگلیز بێت لە کەنەدا لە کاتی ئیستادا.

بابەتەکانی لەسەر دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتییە بەتایبەت دوا ئەلبومی لەسەر"دیمۆکراسی"ە، دان بە کێشە سیاسیەکاندا دەنێت و هەروەها بە هیوای چاکسازییە. "لە جەنگەوە بۆ دژ بە پشێوی"، " لە قیژەی ئۆتۆمبیلەکانی فریاکەوتن ی شەوو ڕۆژ"، "ئاگری بێ ماڵ"، (خۆڵەمێشی "گەی: هۆمۆسێکسوەڵ" ەکان)/ دیمۆکراسی بەرەو usدێت، "تاوەرێک لە گۆرانی", " دەولەمەندەکان لە ژووری خەوی هەژارەکان جێی خۆیان دەکەنەوە"
"نیشتیمانەکان دەبینم هەڵدەستنەوەو دەکەون، بەڵام خۆشەویستی تاکە فاکتەرە بۆ مانەوە لە ژیان"
"دەنگم دەبیستی"
جەنگ بابەتی هەمیشەییە لە کارەکانی کۆون،

ئەکادیمیای شاعیرانی ئەمریکی بە شێوەیەکی فراوان تێبینی ئەوەیاندا کە کۆهن لە پیگەیەکی بەرزدایە لە گۆرانی و مۆسیقای ڕۆک و ئاوازدانان ونوسینی شیعری گۆرانی و ڕۆمان نوسین کارەکانی دەربارەی دین و سیاسەت و گۆشەگیری و سیکس و پەیوەندی تاکەکەسی بوو.

لە ساڵی ٢٠١١ خەڵاتی شازادە ئاستوریاسی ئەدەبی و گڵن گۆڵدی پێ بەخشرا، کۆهن کەسێکی سەرکەوتوو بوو لە تێکەڵکردنی شیعرو خەیاڵ ومۆسیقا، بەو تێکەڵکردنە مۆسیقایەکی نامۆی بەرهەم دەهێنا، شیعرو گۆرانییە هەڵبژاردەکانی لە ١٩٩٣ بڵاوکرایەوە. کە زیاتر لە ٢٠٠ شیعرو چەندەها هەڵبژاردە لە ڕۆمانەکانی و نزیکەی ٦٠ شیعری لیریک، هەندێ کەس پێیان وابوو کە لەنەرد کۆون لە پێناوی مۆسیقادا وازی لە ئەدەب هێناوە ، هەوادارانی کۆون بەردەوام باوەشیان واڵابووە وەکو ئەوەی کە پیاوی ڕێنیسانس ە و لەسنورێکی هونەرێکی مەودا درێژدایە.

یەکەم ئەلبومی گۆرانی کۆون لە ١٩٦٧ بڵاو کرایەوە. گۆرانییەکانی "لە ژوورەوە" و" باڵندەی سەر تەلەکان"ی بەدوادا هات لە ١٩٦٩. گۆرانییەکانی "ڕق و خۆشەیستی "١٩٧١، "تۆماری پیاوی ژنەکان" ١٩٧٧.
لە ١٩٧٩ بە گۆرانی تەقلیدییەوە گەڕایەوە، دەنگە مۆسیقیەکەی تێکەڵ بە دەنگی جاز کردبوو لەگەڵ کاریگەری گۆرانی ڕۆژهەڵاتی و دەریای سپی ناوەڕاست لە ١٩٨٤ گۆرانی "هێلەلویا" ی وت، هەروەها گۆرانی من پیاوی تۆم لە١٩٨٨. لەچوارساڵی کۆتاییی ژیانیدا سێ ئەلبومی بەرهەمهێنا. لە ١٩٩٢ گۆرانی بۆ داهاتوو دانا وشەکانی ڕەشبینی بوون ئاماژەی بۆ تێکەولێکە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەکرد.

کۆون لە ٢٠٠١ بە دە گۆرانی نوێوە گەڕایەوە بۆ ناو مۆسیقا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا لە کەنەدا و ئەوروپا. یانزەهەمین ئەلبومی "ئازیزم هەذەر" لە ٢٠٠٤. لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٨ و ٢٠١٠ سێ ئەلبومی بەرهەمهێنا لە چوارساڵی کۆتایی ژیانیدا، دوا بەرهەمی ٣ هەفتە پێش مردنی بوو.

---

سەرچاوە:
https://en.wikipedia.org/wiki/Leonard_Cohen

# گۆرانییەکی ڵەنەرد کۆون

لە ئینگلیزییەوە شلێر ڕەشید

سەمام پێبکە لە گەڵ سوتانی "کەمان" دا
سەمام پێبکە لە نێوەندی ترس دا تاکو ئەو کاتەی سەلامەت دەبم
بەرزم بکەوە وەکو لقی زەیتون و ببە بە کۆتری ماڵەکەم
سەمام پێبکە تاکو کۆتایی خۆشەویستی
سەمام پێبکە تاکو کۆتایی خۆشەویستی
ئاه.. لێم گەڕێ با جوانیت ببینم کاتێ کە گەواهیدەران ڕۆیشتن
لێم گەڕێ با هەست بە جوڵەکانت بکەم وەکو ئەوەی کە لە بابل دەیکەن
لەسەرخۆ سنورەکەیم نیشان بدە
سەمام پێبکە تاکو کۆتایی خۆشەویستی
سەمام پێبکە تاکو کۆتایی خۆشەویستی
سەمام پێبکە تاکو زەماوەند، بەردەوام بە، سەمام پێبکە
سەمام پێبکە ، بە گەرمی و بەدرێژی
ئێمە هەردووکمان لەژێر خۆشەویستیماندا سەرکەوتوین
سەمام پێبکە تاکو کۆتایی خۆشەویستی
سەمام پێبکە تاکو کۆتایی خۆشەویستی
سەمام پێبکە بۆ ئەو مناڵانەی کە داوا دەکەن لەدایک بن
سەمام پێبکە لە نێوەندی پەردەکانەوە کە ماچەکانمان دیار بوون
ئێستا چادرێک هەڵدە بۆ پەناگە، سەرەڕای پچڕانی دەزوو
سەمام پێبکە تاکو کۆتایی خۆشەویستی
سەمام بۆبکە لە نێوەندی ترس دا تاکو ئەو کاتەی سەلامەت دەبم
دەستم لێدە بە دەستی ڕووتی یان بە دەستکێشەوە

سەمام پێبکە تاکو کۆتایی خۆشەویستی
سەمام پێبکە تاکو کۆتایی خۆشەویستی
سەمام پێبکە تاکو کۆتایی خۆشەویستی

# لە ڕۆژی جیهانی کتێبدا

پێویستە نوسین لە پێناوی گۆڕاندا بێت بەرەو ژیانێکی باشتر، باشتر لەوەی کە هەیە

**شاێر ڕەشید**
**٢٣ی ئەپرڵ ٢٠١٧**

ئەدەب ئاوێنەی ڕووداوەکانی ژیانە، ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویان داوە یان ڕوو دەدەن، هەروەها ڕێگەیەکە بۆ دوورکەوتنەوە لە دڵەڕاوکێی ژیان و لەو کەسانەی کە تووشی دڵەڕاوکێت دەکەن.
کۆمەڵێک شتی زۆر هەیە کە دەتوانیت لە ڕێی خوێندنەوەی ئەدەبەوە فێریان بیت.
لەوانەیە هونەرو مێژوو بێت، دەشیتوانێت ڕاستەوخۆئاوێنەی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە بێت. ئەو ئەدەبەی کە بە شێوەیەکی تەواو نوسراوەو وەسفێکی ڕوون دەخاتە ڕوو لەو ڕووداوانەی کە ڕوویانداوەو مرۆڤ دەتوانێت لێیانەوە فێر بێت. ئەدەب هەلی ئەوە دەڕەخسێنێت کە چاوبخشێنێت بە چۆنیەتی ژیانی جۆراوجۆردا، هەروەها هەلێکە بۆ خوێنەر بۆ تاوێک دوورکەوتنەوە لە جنجاڵی ناخۆشی ژیان، بۆ ئەوانەی کە ژیانێکی ئاسودەیان نییە، ئەو ژیانە نییە کە خۆیان خوازیارین و خەوی پێوە دەبینن. دنیای ئەدەب دنیای گفتوگۆیە لەگەڵ خود، خوێندنەوە ڕاتئەکێشێت بۆ ناو دنیای خەیاڵ و بیرکرنەوە، هەروەها هانت دەدات کە بەچاوی ڕەخنەوە بڕوانیتە بابەتەکان و بیریان لێبکەیتەوە، بەتایبەت کە دەچێتە خانەی گفتوگۆو شیکاروهەڵسەنگاندنەوە.

تایبەتمەندییەکانی چەرخی ڕینیسانس چییە؟
بەوە ناسراوە کە مەیلی بەلای بابەتی ئینسانی و غەیرە دینییەوەیە، چەرخی ڕێنیسانس گۆڕانێکی ڕیشەیی بەخۆوە بینی دوور لە ئاڵۆزی و ئایدیای ناو کەنیسەکان. "هاملێت" ی شەیکسپیر نمونەی ململانێی فەلسەفەی عیلمانییە لەگەڵ بابەتەکانی تاکگەرایی و مردن و ئەخلاق.
سەردەمی فەلسەفەو مێژوو کە ناسراوە بە چەرخی ڕێنیسانس لە ئیتالیا دەستیپێکرد لە سەدەی چواردە بە تەواوی لە ئەوروپادا بڵاو بووەوە، بوو بە لەدایکبوونێکی نوێی سکۆلاری داهێنەر، نوسەرانی وەکو شەیکسپیر و جۆن مڵتن و پیترارتچ بابەتەکانیان لەبابەتی ڕێنانسی تاکەکەسی بوون. لە "بەهەشتی ونبو"ی مڵتن بابەتەکانی دین بە شێوەیەکی ڕەخنەیی دەردەکەون، نەک وەکو پێویستییەک.
ئەدەبی مۆدرن تەرکیز دەکاتە سەر خود و هەستی ناوەوە کە ناکۆکە لەگەڵ تواناى دونیاى ڕۆمانسیدا.

ئەدەبی نوێگەری لە ١٩١٠ دەستیپێکرد، بەردەوام بوو تاکو ١٩٦٠، بەشێوەیەکی بەرچاو بەهۆی جیهانگیری: گلۆبالزەیشن و دروستبوونی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی، ئەم لایەنانە لە کۆمەڵگەدا کەوتنە بەرمەترسی داهاتووی بەشەرییەت چونکە تێهەڵکێش بوو لەگەڵ هەردوو جەنگی جیهانیدا، دنیا پێگەیەکی ساردترو ترسناکتری بەخۆوە گرت. ئەوەش ئیلهامبەخش بوو زیاتر ڕەنگی دایەوە لە ئەدەبدا.

خوێندنەوە هێزی تەرکیزکرنت بەهێزدەکات و چالاکی بە مێشک دەکات و دەبیتە هۆی زیادکردنی بیری شیکارکاری و دانی خۆشییەکی بە خۆرایی بە مێشک و جەستە، پێویستە نوسین و خوێندنەوە پەیامێکی ئینسانی بگەیەنێت و لەو ئەزمونی گەڕانەدا فێری جۆرەها شت ببیت لە جۆرەها لایەنی جیاجیاوە.

لەنێوەندی خوێندنەوەدا بەنێو شتگەلێکی نوێدا تێدەپەڕیت ، زانیاری نوێت دەست دەکەوێت، ڕێگەیەکی نوێ فێر دەبیت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و زیاتر تێگەیشتن لە دنیا بە شێوەیەکی جیاواز، خوێندنەوەی کتێبی باش دروستکردنی پەیژەیەکی پتەوو بەهێزە بۆ سەرکەوتن بەرەو سەرەوەو گەیشتن بە ئامانجەکانت.

وەرگێرانیش لە ڕووی گرنگییەوە هیچی کەمتر نییە لە نوسین ، بەڵام ئەبێت لە وەرگێرانیشدا ئامانجێک هەبێت، ئەو بابەتەی کە وەری دەگێڕیت پێویستە پەیامێکی ئینسانی بگەیەنێت، ڕۆڵی ژن وپیاوی تێکۆشەری تێدا بەرجەستە بێت کە بە ڕوح جەنگابن یان بجەنگن بۆ داکۆکی لە ئازادی و یەکسانی  ومرۆڤایەتی دوور لە هەر بەرژەوەندییەکی تاکەکەسی، دوور لە دەرخستنی ڕۆڵی زەلیلی دایکان و کچان و گریان و پاڕانەوە، ڕۆڵی کچ و ژن قارەمانانە دەربکەوێت وەکو ژنانی گەریلای  ئەمڕۆ.
ڕۆڵی ژن و میهرەبانییەکانیان نیشان بدرێت، وەکو مامۆستای فێرکەرو دکتۆری چارەسەرکەر و نوسەری بەخشندەی زانست نیشان بدرێت. گرنگە بزانین دەست بۆ کام کتێب ببەین بۆ وەرگێران، جگە لەوەی کە کتێب سود بەخشە لە هەمان کاتدا کتێب هەیە کاتت بە فیرۆ ئەدات و زیان بەخشەو فریودەرە، توشی لادانت دەکات و دەبێتە هۆی گەوجاندنی کۆمەڵگە، پێویستە خۆمان دووربگرین لە خوێندنەوە وەرگێڕانی ئەو جۆرە کتێبانە.

پێوێستە نوسین لە پێناوی گۆڕاندا بیت بەرەو ژیانێکی باشتر، باشتر لەوەی کە هەیە.

---------------------------------------------------------------------------------

وەرگێران

http://diyako.yageyziman.com/2016/03/04/%D9%88%DB%95%D8%B1%DA%AF%DB%8E%DA%95%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D8%A8%D8%A7%D8%B4

# وێنەکە

May 04,2017
Xom

وتی
لە وێنە
نوێکەمدا
پیر بوومە
بێ ئەوەی بە خۆم
بزانم لە پڕێکدا
وتم نا زۆر گەنج و گەنجانەیە
وتی
چۆن
وتم نازانم
وتی ئەزانی و پێم ناڵێی
بێدەنگ بووم و هیچم نەوت
من ئەوم پشتگوێ نەخست، نا
لەوانەیە وابزانێ پشتگوێم خستووە
ئەو کەسێکی دڵ شکاوە
ئەوە سروشتی من نییە دڵە شکاوەکان ورد بکەم

لە دڵی
خۆمدا وتم
لەو وێنەیەتدا ئەڵێی
سەیری من ئەکەیت
وێنەیەک بەگشتی زۆر جوان
خەمێکی زۆر قوڵ لەناو چاوەکانتدایە
زەردەخەنەش ناتوانێ ئەو خەمە بیشارێتەوە
لەژێر زەردەخەنەکەشتەوە ئەو خەمە بە کاڵی دیارە
لە ناو ئەو خەمەشدا بەرائەتێکی قوڵ هەیە وەسف ناکرێت
من و تۆ لەیەک ئەچین
خۆمان نا
خەمەکانمان

# جێندەر (GENDER)

نە **مارکس** و نە ئەنگڵس بە ڕاشکاوی باسی جێندەریان نەکردووە بەو شێوەیەی کە لەلایەن زانستی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنەوە خراوەتەڕوو، بەدیاریکراوی تەفسیرکردنی ئەو جیاوازییەی نێوان ژن و پیاو کە سەرچاوەکەی کۆمەڵگەیە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە سرووشت داویەتی لە جیاوازی توخمدا.
لەگەڵ ئەوەشدا هەندی لە کارەکان لە تەفسیرکردنی پێکهێنانی کۆمەڵایەتیی جێندەردا وەکو بەشداریکردنێکی کۆمەڵایەتی دەبینرێن.

مارکس و ئەنگڵس و زۆرێك لە مارکسییە کلاسیکی و ترادسیۆنییەکان وەکو "پرسی ژن" قسەی لەسەر دەکەن. بە شێوەیەکی هاوبەش زانیارییە کۆمەڵایەتییەکانی بۆرژوازی، نوێنەرایەتیی تاک لایان بەشێوەیەکی ڕەها نێرینەیە.

لای مارکس نێرینە، کرێکاری کرێگرتەیە.

هەندێ جار ئەمە شاراوەیە، بۆ نمونە، لە گریمانەی هەموو ئەوانەی بەبێ گەشتن بە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان دەبێت هێزی کاری خۆیان بفرۆشن لەبەرامبەر کرێدا. ئەمە ئەو ڕاستییە پشتگوێدەخات کە ئەوەی کاری ماڵەوە دەکات و کارەکانی ئەوەی تر هەڵدەسوڕێنێت کرێکارە، کەچی وەکو کرێکار نایەتە ژماردن، ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی بەشێک نییە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان.
تاکو ئەو جێیەی کە مارکس دوو سیفەتی بەکارهێناوە بۆ پێناسەکردنی چینی کرێکار، بۆیە جێگا و ڕێگای ژنانێک کە پشتبەستوون بەسەرچاوەی مادیی کەسانی تر بە ناڕۆشنی دەمێنێتەوە.

لە شوێنانی تر بە ئاشکرا کاری پیاوانە ئیبراز دەکرێت و زەقدەکرێتەوە، بەم جۆرە بەهای هێزی کار دیاریدەکرێت، نەک تەنها لە ڕێی کاتی پێویستی کرێکارەوە، بەڵکو لە ڕێی بردنەڕێوەی خێزانەکەشیەوە، هەروەها کاتێک ژنەکەی، یان منداڵەکانی بەکاردەهێنرێن ئەوا بەهای هێزی کارەکەی دابەشدەبێت بەسەر خێزانەکەیدا. بەوجۆرە هێزی کاری خۆشی کەم دەبێتەوە.

(سەرمایە١. بەشی١٥. لقی٣ "ئا ").

لەکۆتاییدا ژنان و منداڵانی لە خێزانی پرۆلیتاریا وەکو ئەندامی زیادە سەیردەکرێت بە لەبەر چاوگرتنی جیاوازیی نێر و مێ.

مارکس تێبینی ئەوە دەکات کە لەگەڵ سەرهەڵدانی هاڕەهاڕی مەکینەکاندا ڕێگەدراوە بە ژنان و منالان بۆ ئەوەی کاربکەن سەرەڕای کەمتواناییان. لەڕاستیدا هەوڵدان بۆ ملکەچکردنی توانا و کارامەیی سرووشتیانەی ژنان وەکو هێزی کاری ئامادە بۆ سەرمایەداران، بۆ خۆی دەبێتە هۆکاری فشار لەسەر حەقدەستی کرێکارانی پیاو.

کەواتە بەپێی ئەم هاوکێشـەیە ئەمە لە خۆیدا کێشـەیە، بۆیە مارکس خۆی تەرخانکرد بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە کەوا چۆن بەشێک لە کرێکاران ژنن، بەڵکو دەبێت ئەو پرسیارە پێچەوانە بکرێتەوە، بۆچی زۆربەی ئەوانەی کاردەکەن لە هێزی کاری پیاوانن و جێگا و ڕێگای ژنان وەک هێزێکی فشار ( بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگەدا) قسـەی لەسـەر کراوە لە پەیوەند بە پیاوەوە.

مارکس واوەتر لە باسـەکەی ڕۆیشـتووە و هەندێ گریمانەی زیاترمان دەداتێ دەربارەی تواناو ڕۆڵی خواسـتە سرووشـتییەکانی ژنان و پیاوان، و زیاتر لەسـەر ئەو بنەمایە وەسـتاوە ئایدیای ڤکتۆریا[11]: Victorian Idea کە پیاو بە نانهێنەری ماڵ دەزانێت، و ژنیش پشـتبەسـتووە بە پیاو لە ڕووی مادییەوە بۆ بەخێوکردنی مناڵەکانی لە ماڵەوە وەک ئەوەی هەمیشـە ئایدیای ڤیکتۆریایی کردوویەتی. بەهەمان شێوە ڕەخنەی هەبوو لەو مینتاڵیتییەی کە بەشێوەیەکی فراوان لە ناو کۆمەڵگەدا باو بوو و ئایدیای ڤیکتۆریاشی تێپەڕاندبوو کە کاری ژنانیان لە گەڵ پیاواندا بە نەشیاو دەزانی. بەڕۆشـنی پێداگریی دەکرد لەسـەر کاری پێکەوەیی ڕەگەزەکان بە تەمەنە جیاوازەکانەوە، چونکە سـەرچاوەیەکە بۆ ڕزگاریی مرۆڤ، دیارە ڕزگاریی یەکجارەکی لە ژێر سایەی بۆرژوازییدا نایەتەدی، بەڵام دامەزراندنی ژنان لە ناوەندەکانی کاردا جێگا و ڕێگایەکی تر دەدات بە ژنان و دەبێتە هۆکاری چاکبوونی باری گوزەرانیان و پەیوەندیی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە.
(هەمان سـەرچاوە، بەشـی٩).

لەوانەیە ڕەنگدانەوەی جیاواز هەبێت لە چۆنیەتیی تایبەتمەندیی ژیانیان، وادەردەکەوێت کە ئەنگڵس ئامادەیی زیاتری تێدابووبێت وەک لە مارکس، لە نێوەندی مۆراڵی ڕۆژانەیدا دەبیینی ڕۆڵی پیاوان و ژنان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دامەزراو و ڕێکە. بە هەرحاڵ هەرهەموو پاڵنەرەکەی ئەنگڵس لە کتێبی (ڕەچەڵەکی خێزان و موڵکایەتیی تایبەت و دەوڵەتدا) بە پێی سێکس دابەش کراوە و بەکارهێنراوە بۆ باسـکردن لەوەی بۆچی پیاو پەرەی بە موڵکایەتیی تایبەتی دا لە ئامرازی بەرهەمهێناندا. دوای ئەوەی پیاوان بە هیوای ئەوە بوون بە میراتی بایۆلۆژیی ناسراودا تێپەڕن. مافی دایک پێشێل کرا، مافی دایک لەسـەر ئەوە ڕێکخراوە هاوسـەرگیری لەگەڵ کەسێک بکات و بەزۆر ماڵی بکات و لە قەفەزی بخا: ئەوە دامەزراوێک بوو بەلای ئەنگڵسـەوە. ڕووخانی جیهانی دنیای ژنان بوو.(ڕەچەڵەکی خێزان، بەشـی ٢ لقی ٣).

<u>ڕوانگە و دیدی مارکسـی بڵاوکرابەوە لەڕووی ئەگەری کارکردی کرێی هەقدەسـت بۆ ژنان، نەک تەنها دامەزراویان دەکات لەسـەرکارو لەسینیی ڕۆڵی یەکسان لەگەڵ پیاوان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی دا. بەڵکو ئازادیان دەکا لە کاری ماڵەوە.</u> بەهەرحاڵ " بۆ هێنانی هەموو ڕەگەزی مێینە بۆ ناو کارگەی گشـتی" لەسـەر ئەوە بەندە کە موڵکدارێتیی تایبەت هەڵبوەشێنرێتەوە، هەروەها بۆ ئەمە " کە پەیوەندییەکانی خێزان لەسـەر بنەمای موڵکدارێتیی تایبەتی دامەزراوە دەبێت

---

[11] ڤیکتۆریا کاتی حوکمڕانی ڤکتۆریای شاژن بوو لە بەریتانیا، لە بەشـی دووەمی سـەدەی بیسـتەم، ئەو کاتە بەریتانیا بەهێزترین دەوڵەت بوو لە جیهاندا. بە کاتی ڤیکتۆریا ناسراوە بەبۆنەی شۆڕشـی پیشـەسازییەوەو دەستکەوتی گەورە و نیشانەی چاکسازیی گشـتی لە وڵاتەکەدا.
زەمەنی ڤیکتۆریا ژمارەکی زۆر ئەدیب و بیرمەندی بەرهەمهێنا لەوانە (ڕۆبەرت براوننج، چارلز دکنز، رۆدیارد کبلنگ، جۆن سـتیوارت میل ڕۆبەرت. لویس سـتیفنسـن، ئەلفرێد لورد تینیسۆن)

هەڵبوەشێتەوە"
(هەمان سەرچاوە. بەشی ٤).

بەو جۆرە مارکس و ئەنگڵس  هەردووکیان وەکو دەبینرێن سەرقاڵ بوون بە تەفسیرکردنی ڕۆڵی جێندەرەوە، تەنانەت ئەگەر سەنتراڵیش نەبووبێت.

بەڵام بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەمە هەردووکیان گریمانەیەکی سرووشتخوازییان پێدا، لەوەش واوەتر دیدی ئەوان کەمێک سەنتراڵی دەدات بە تێکۆشانی ژنان. بەشێوەیەکیش کاری شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریا بە کاری پیاوان دەبینرا، هەروەهاڕزگاریی ژنان وەک کێشەیەکی بنەڕەتی سەیر نەدەکرا و پەیوەستکرابوو بە سیستەمی سەرمایەدارییەوە، لەگەڵ هاتنی سۆسیالیزمدا ئەو پرسە کۆتایی پێدێت.

بێبڵ، لینین، زتکین، ترۆتسکی کاری زۆرتریان لەو بارەوە کرد و چوارچێوەیەکی سیاسییان بۆ داڕشت، وەکو داخوازییەک داوای مافی موڵکدارێتیی بۆ ژنانی خاوەن مێرد، ڕێگرتن لە بەکارهێنانی توندوتیژیی بەرامبەریان، مافی جیابوونەوە، بەڵام لەناو هەمان سەرەتاییترین چوارچێوەی پرسی ژندا مانەوە،
 پرسی مانەوەی ژن لەو چینانەدا لاوەکی بوو.

زیندووکردنەوەی فیمینیزم لە ١٩٦٠، بە شێوەیەکی سەرەتایی گرنگی جێندەری نوێکردەوە، فیمینزمی مارکسی خۆی جیاکردەوە لە جۆرەکانی تری فیمینیزم بە پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە بەشەکانی جێندەر دەبێت لە چوارچێوەی ماتریاڵیزمدا تەفسیربکرێت، چونکە تاکو ئێستا لە چوار چێوەی پەیوەندییەکانی سەرمایەدارییدا باسی لێوە کراوە. بۆیە دەبێت وەکو سەرخان--Superstructure مامەڵەی لەگەڵدابکرێت.

لەگەڵ ڕۆڵی ژن و پیاو لە خێزاندا و جیاکاریی ڕەگەزییش، لە دانی کرێی کرێکار، هەردووکیان وەکو کارکردی لاوەکیی ئایدیۆلۆژیی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری: Capitalist Production Relations.  دەبینرێت.

لەناو خێزاندا، دیبەیتی ناوخۆی کرێکاری:Domestic Labour Debateهەوڵێک بوو بۆ جووڵە بۆ ئەودیوی ئەم پرسە و دیاریکردن و تەفسیرکردنی بەشەکانی جێندەر لەسەر بنەمایەکی مادی، ئەمەش لەگەڵ پەیوەندییەکانی کاری کرێکاری ماڵەوە ئەنجامدرا، هەروەها پێگەی  ژنانی دەرخست لە چوونە ناو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە، بەهەرحاڵ لەکاتێکدا کە دیبەیتەکە لە نیشاندانی ئەوەی کە خێزان لایەک بوو لە بەرهەمهێنانی مادی، لە پێشخستنی هەر شیکارکردنێک سەرنەکەوتوو بوو. بە تەنها کرابوو بۆ کۆنسێپتی مارکسی کە هەیە و لەودایە.

دانی کرێ بە کرێکاری ژنی هاوسەر دار کە بەلای سەرمایەدارییەوە وەک سوپای یەدەگ سەیردەکران بەتایبەت لەو کاتانەی کە کرێکاری پیاو کەم دەبوو، یان وەک فشارێک بۆ ڕاگرتنی کرێی کرێکاران لە خوارەوە. دەکرێت ژنان بەم شێوەیە کاربکەن، کرێی کەم و کاری کاتی، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی پشتیان بە کرێکەیان نەدەبەست. لەگەڵ ئەوەشدا سەرباری جەنگی

جیهانیی دووەم و جێگۆڕکێی تاکەکان لە ڕێژە:ratesدا.
ژنانی خاوەن هاوسەر لەهێزی کاردا ئەگەری ئەوەیان بۆ نەمایەوە لەجیاتیی پیاو بەکاربهێنرێن و پاشان فڕێ بدرێنە ناو بێکەڵکییەوە. (کۆنسێپتی مارکسی بۆ شیکارکردنی جیاوازی جەندەری لەکاردا (١٩٧٩ برۆگڵ)).

بۆچوونەکانی تر هەوڵی فراوانکردنەوەی پەیوەندییە سێکسواڵێتیەکانیاندا، ئەوەش بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕەگی مێژوویی چەوسانەوەی ژنان لە پێش شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە هەبووە.
بۆیە بەگشتی (١٩٧٤ مچڵ) بۆئەوەی لەچەوسانەوەی ژن تێبگات پشتی بە میتۆدی دەروونشیکاریی مارکس بەست، چەمکی "باوکسالاریی" بەکارهێنا بۆناساندن و بردنی توخمی نامێژوویی بۆ ئەوەی بەپێی مێژوو باسبکرێت. ساڵی ١٩٧٥ڕۆبن پێشنیاریکرد جێندەر بە شێوەیەکی سیستەماتیك پرواتێتە پیاوسالاری لەلایەن لێکچوونی بەشێک بەو ڕیگەیەی کە دەبینرێت وەکو شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری.
(ئایزنشتاین ١٩٧٩) ناوینا کۆمەڵگەی هاوچەرخ:called contemporary society،
سەرمایەداریی باوکسالاری: "capitalist patriarchy" "هارتمان ١٩٧٩ " باسی پەیوەندیی باوکسالاری و سەرمایە دەکات. دیبەیتێکی فراوان کرا دەربارەی ئەوەی کە چۆن پەیوەندیی نێوان سەرخان و ژێرخان دەبێت تیۆری بکرێتەوە(ئایزنستاین ١٩٧٩، سەرجنت ١٩٨١). فیمینیزمی مارکسی ئەو کاتە زیاتر وەکو ڕەخنەگرێکی سەرەتایی بوو، و بە کەمترین شێوە خۆی دەبینیەوە لە پرسێکی دیاریکراودا لەسەر تیۆری مارکسی پروات.
درێژ کردنەوەی مارکسیزمی تەقلیدی بەشێوەیەکی تایبەت ماتریالیزم، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە هەموو شتێک بە پەیوەندییەکانی جێندەریشەوە دەبێت لەسەر بنەماکانی پەیوەندیی کار و سەرمایە لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

(١٩٨٨ بێررت) پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کەوا پرۆسەی چەوسانەوەی ژنان بە مسۆگەری بەشێکە لە سەرمایەداری و جیاناکرێتەوە، و پێویستە وەکو مێژوویەکی چاوەڕوانکراو تەماشای بکرێت. نەک هیچ ناوەڕۆکێکی تر، ئەمە پێویستییەکانی کار و سەرمایەیە.
لەو کاتەوەی زۆر فیمینیستی مارکسی بەتایبەت ئەوانەی کە پێشتر لەناو چوارچێوەی ئاڵتۆسێرییدان[12] کاریانکردووە. هەروەها کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بونیادگەری و دوورکەوتنەوەیان لە مارکسیزم و ڕەتکردنەوەی هەوڵەکانی پێشتریان بۆ تەفسیرکردنی جێندەر و دابەشکردن و چەوسانەوەی ژنان و کاری ماڵ. ئەم تێڕوانینەشیان بەوە پاساو دەدایەوە کە دەکرێت مارکسیزم

[12] ئاڵتۆسێر ئەندام بوو سەرەڕای ئەوەی هەندێ جار بە توندی ڕەخنەی لە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی هەبوو بۆ ماوەیەکی زۆر ، بیانوی بۆ دەهێنایەوە دژ بەو هەڕەشانەی کە دەیبینی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تییۆری مارکسی.

لەلایەن فیمینیستەکانەوە کورتبکرێتەوە بۆ جێندەر و زۆرتر لەو چوار چێوەیەدا بگونجێنرێت لەجیاتیی ئەوەی هەوڵی جدیتر بدرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پرسە.. هەرچۆنێك بێت لەکاتێکدا ئەم ڕەخنەیە لەوانەیە هەندێ شەرعیەتی هەبێت. مانای ئەوە نییە پرسی ژن بەردەوام نابێت. لەجیاتیی ئەوەی وەکو دۆران تەماشابکرێت. چارەسەرکردنی ئەم بابەتە بە شێوەی یەکجارەکی تاکو ئێستاش بۆ مارکسیزم گرنگە.

- سەرچاوە:

فەرهەنگی کۆنسێپتی مارکسی- چاپی دووەم- بەسەرپەرشتی تۆم بۆتمۆر
لۆرەنس هەرس- ڤکتۆر گۆردن کیرنەن - ڕەڵف میلباند
لاپەڕە ٢١٤، ٢١٥، ٢١٦
https://gruppegrundrisse.files.wordpress.com/2012/06/bottomore-a-dictionary-of-


پەرتوکی " پێی چەپم" لە نوسینی کرستی براون
کرستی براون منداڵێکی کەم ئەندامی جەستەیی و زمانیش، سەر بەخیزانێکی تابڵێی دەستکورت و خاوەنی کۆمەڵیک منال.
خاوەن دایکێکی یەکجار میهرەبان و کۆڵنەدەر لە خزمەتی خێزانەکەی و ماڵ و منالەکەی، دایکێک کە خۆی بەڕێوەبەری ماڵ بوو..
کرستی ئەنێرنە لای مامۆستای تایبەت فێری خوێندنی ئەکەن و رۆژانە پراکتس ی جوڵەی جەستەیی پێ ئەکەن، ڕادێ کەمێ ملی بجوڵێنیت. فێری وێنەکێشآن ئەبێت
باوکی ئەمرێت
کرستی ئەبێتە نان هاوەری خێزان، تابلۆکانی ئەفرۆشرێن، بەو پارەیە ئەتوانن بژین
کتێبێک لەسەرژیانی خۆی ئەنوسێت بە ناوی "پێی چەپم"
لە کۆتایی دا مامۆستایەکی خۆی خۆش ئەوێت بەڵام ئەویانی بۆ نابی
مامۆستای دووەمی خۆش ئەوێت و هاوسەرگیری ئەکەن.

ئینسایکلۆپیدیا ی دژی چاکسازی لەسەر هێڵی ئینتەرنێت

---

گرووپی ئۆکتۆبەر- مارکسی لینینی

# ئازادی ژن  لە دیدی  کۆمۆنیستییەوە




**یەکەمجار وەکو نامیلکە بڵاو بوەوە:**   لە ١٩٧٧
**ئامادەکردن و پێداچوونەوە:** پۆڵ سابا
**مافی بڵاو کردنەوە:**  ئەم کارە لە بواری گشتی لە ژێر ناوی   Creative Commons Common Deedدەتوانی بە ئازادانە لە بەری بگریتەوەو بڵاوی بکەیتەوە. تکایە کرێدت بدە بە  Encyclopedia of Anti-Revisionismلەسەر تۆری ئینتەرنێت وەکو سەرچاوەیەک لەگەڵ لینکی کارەکە ، هەروەها تێبینێکانی خۆتان بگەیەنن بە ئامادەکار.

## ژن لە سایەی ئیمپریالیزمدا

بابەتی مافی ژن وەکو یەکێک لە فراوانترین پرس بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆی لەسەر کراوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا. لێرە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە زەحمەت دەتوانی گۆڤارێکی نەتەوەیی یان ڕۆژنامەیەک بخوێنیتەوە کە چەندەها بابەتی گفتوگۆی لەخۆی نەگرتبێ دەربارەی دژایەتی و لایەنگری لە مافی ژنان.

لە کاتێکدا "ئازادی ژن" بووەتە بابەتێکی  باو لە نێوەندی چینی دەسەڵاتداردا، کەچی هەل ومەرجی ڕاستقینەی ژیانی  ژنان لە وڵاتە یەکگرتووەکان ڕوو لە خراپییەکی لە ڕادەبەدردایە شانبەشانی ژیانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش.

بۆ نمونە  سەرۆک فۆرد، هەروەها زۆرێک لەسیاسەتمەدارانی تر بە پێویستی دەزانن کە "بەردەوام بن لەسەر ڕیکۆردکردن" دژی بڕیاری دادگای باڵا  بۆ مناڵ لەباربردن، لەکاتێکدا ڕاوێژکاران و کەسانی تری قسەکەر  بە ناوی چینی دەسەڵاتدارەوە دووروویانە  ئەو هەڵوێستە وەردەگرن. بۆ بەرگری لە " مافی ژیان". حکومەت، لە  ڕێگەی نەخۆشخانە و سیستمی چاودێری کۆمەڵایەتییەوە سیاسەتی خۆی زیاد کردووە لە نەزۆکی و برینی سیستمی  چاودێری

کۆمەڵایەتی ، کەمکردنەوەو بڕینی خزمەتگوزاری تەندروستی و پزیشکی ،کەمکردنەوەی خزمەتگوزاری  و چاودێری منداڵان.

ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ زیادبونی ڕەگەزپەرستی، بێکاری، برینی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، هێرشکردنە سەر خێزانەکانیان. زۆر لە ژنان بوون  بە بەشێک لەو بزووتنەوە گەشەسەندووە لە وەلامدانەوە بەشەڕ، دژ بە سیستمی ئیمپریالی. مانگرتنی گرنگی کرێکاران،  وەکو مانگرتنی فەڕەح  لە تەکساس لەوێ ژنانی چیکانە هەستان دژ بە کۆمپانیاکەو پۆلیس و دادگاکان و داوای مافی سەندیکاییان کرد، کرێی گونجاو هەل ومەرجی کارکردن و کۆتایی هێنان بە ڕەگەزپەرستی.
 ئەم مانگرتنەو  مانگرتنی تری لەم شێوەیەو دانانی کەسانی جەنگاوەر نمونە بوون بۆ کرێکارانی تر لە هەموو ولاتان.

 خۆیان رادێنن لەسەر نەریتی جەنگاوەر  بۆ ئازادی مەزن. وەکو هارت توبمان و سۆجونەر تروث، ژنان وەکو پێشەوا دامەزران،  شەڕ لە پێناوی مافی دیموکراتی دژی نەژاد پەرستی ژنان. جۆن لتڵ بوو بە هێمای داواکانی ژنی چەوساوە.

ژنانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەنمونەیەکی ئیلهام بەخش دانران لە لایەن خوشکەکانیانەوە لە هەموو دنیادا. ئەم ئەزمونە سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا لەلایەن بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی لە هندی چینی و ئەفریقا و فەلەستین لە سەر ژنە جەنگاوەرەکان.کە ڕزگاری خەڵکەکەی دەبینین بەباشی گوزارش لەو هەستە کرا  لەلایەن نگین  ذی ترادەوە نوێنەری کۆماری ڤێتنامی دیموکراتی لە کۆنفرانسی ژنان کە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان  UN بەسترا لە برگەیەکدا بەم دێرە تەعبیری لێکرد "ئازاد کردنی ژن  بە شێوەیەکی یەکجارەکی بەندە بە تێکۆشانی سیاسیانەوە  دژ بە کۆلۆنیالیزم و چەوسانەوەی ئیمپریالی و دوژمنکاری".

کۆنفرانسی  UN لە جونی ١٩٧٥ بەسترا ، بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانی لە خەباتی ژنان بۆ بەدەستهێنانی داواکانیان لە هەموو جیهاندا. ئەو کۆنفرانسە کاری کرد بۆ تیشک خستنە سەر ڕێگەو خەباتی ژنان و نیگەرانییە نێودەوڵەتێکان لەو بارەوە، هەروەها بەرای زۆربەی بەشداربووان ئەوە سەلمێندرا کەوا دوو لە گەورەترین هێزی ئیمپریالیستی وەکوو  وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت وەکو سەرەکیترین زاڵم و چەوسێنەری ژیانی هەموو خەڵکی چەوساوە پیشاندران.

کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووکانیش بە ڕوونی دوو ڕێگەی خستەڕوو بۆ ئازادی ژنان، هەروەها لە ڕاستی دا  بوونی دوو بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەیەکیان نوێنەری زۆربەی زۆری جیهانی سێیەم و وڵاتانی تر ئاماژە بوو بۆ هەوڵ وتێکۆشانی ڕاستی  لەگەڵ هەموو خەڵکی چەوساوە بۆ لەناوبردنی ئیمپریالیزم و سیاسەتەکەی و چەوسانەوەی نەتەوەیی ڕەگەزپەرستی دژی ژنان . برسیتی، هەژاری و جەنگ. ئەوەی تریان پێی دەگوترا  بزووتنەوەی ئازادی ژن.  زۆر بەڕوونی نوێنەرایەتی وەفدی  وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەتیان دەکرد.  ئەمانە کاریان لەسەر ئەوەدەکرد کەوا ژنان ڕابێنن بەوەی کەوا ئیمپریالیزم  وەک هێزێکی بەخشندە سەبارەت بە دانی

مافی ژنان بناسرێت. بەردەوام بوونی ئەو دووبزووتنەوەیە لە نوێنەرایەتیکردنی خەبات، ڕێک دوو خەتی تێکۆشانی دەربارەی پرسی ژنان لە هەموو دنیادا هێنایە ئاراوە.
ئەو هێزانە کێن سەرو سیما بەم بزوتنەوانە دەدەن؟ ئەو ستراتیژییە ڕاستە کامەیە دەبێتە هۆی ڕزگار بونیان؟ کێن دۆستان و دوژمنانی خەباتی ژنان؟ ئەم پرسیارانە گەرم و گورترین پرسیارن کە ڕووبەڕووی خەباتی ژنان دەکرێتەوە.

## ژن و ناکۆکی چینایەتی

پرسی ژن پرسیارێکی فەندەمێنتاڵییە، پرسیاری چینی خەباتکەرە. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ژنان بە ژمارەیەکی زۆرەوە بەشێکن لە چینی کرێکارو نەتەوە چەوساوەکان لەگەڵ هەموو گەلە چەوساوەو زوڵم لێکراوەکانی تر ڕووبەڕووی دوژمنانی هاوبەش دەبنەوە. ژنان تەنها بە پەیوەست بوون بە چینی کرێکارو نەتەوە چەوساوەکانەوە ڕووخانی نیزامی سەرمایەداری، کە دەتوانێ ئازادی بەدەست بهێنێ. ئازادی ژن تەنها کارنییە بەڵکو دەبی بەشێکی تەواوکراوبێ لە بەرنامە لە پێناو ڕزگاربوون بۆ چینی کرێکار.
یەکگرتنی ژنانی تێکۆشەر لەگەڵ چینی تێکۆشەر،ئامانجی هاوبەش بۆ ڕووخاندنی سەرمایەداری کەوتۆتە سەر تێگەیشتن لەوەی کە چەوسانەوەی ژنان لەگەڵ دەرکەوتنی موڵکایەتی تایبەتی و کۆمەڵگەی چینایەتی سەری هەڵداوە. دابڕاوە لە کۆنترین کۆمەڵگەی بەرچاوی کۆیلایەتی .
سیستەمێک وەستاوە لەسەر تەرکیزکردن و چەق بەستن لەسەر کۆیلەکان و فۆرمی تری سامان لە دەستی ژمارەیەکی کەم لە پیاوان.
خاوەن کۆیلەکان چینی دەسەڵاتداری یەکەم پێک دەهێنن لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا. وە لە پێناو پاراستنی مڵکەکانیان، بۆیان دەرکەوت کە پێویستە مافی دایک ، یاخود مافی ژنان لە خاوەندارێتی و وەرەسەی ئەوەی کە هەیانە ئیلغا بکرێتەوە. سیستمیکی نوێ دامەزرا بۆ میرات، درێژە بە موڵکایەتی تایبەتی درا لەگەڵ گەیشتنی ویراسەی ئەسڵی پیاو.
لە کاتێکدا ئەم پێشکەوتنەی کۆمەڵگە سەرەتای کۆیلە نەکردنی ژنە. هەروەها هەموو پیشکەوتنەکانی تر لە فیوداڵ ەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری هەل ومەرجی ژیانی مرۆڤایەتییە، وەکو هێزی بەرهەم هێنەر وەکو ئامراز زانین و زانیاری پێشکەوتنی کارگەکان، بەڵام هەموو ئەو شۆڕشانەی کە بوونە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و تێکشکاندنی کۆنەپەرستیی، سیستمی کۆمەڵایەتی نەیتوانی ملیۆنان ژن ڕزگار بکا لە کۆیلایەتی و نەشی کرد. سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە دانانی کەمایەتی خاوەن حوکم لە جێی ئەوی ترو جێهێشتنی زۆربە لە ژنان و پیاوان کە زۆڵملێکراوو کۆیلەبن.
سەرمایەداری مۆنۆپۆڵی یان ئیمپریالیزم لەسەر حوکمکردنی مشتێکی بچوک لە خاوەن بلێۆنێرەکان وەستاوە و بەردەوامی داوە بە نەهێشتنی گەشەکردن و نزمکرنەوەی پلەی ژنان .
بەشێکی زۆر لە سامانی ڕۆکەفیڵەرس، مۆرگانس، هەروەها کەسانی تر لە خێزانی چینی دەسەڵاتدار لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دایمەزراند لە چەوساندنەوەی ژنانی کرێکار لە کارگەکان ، ئەمەیە کە ئیمپریالیزم سودی لێ وەردەگرێ لە ژنانی کرێکاری بێ موچە.
ئیمپریالیستەکان کتێبەکانیان و ئەدەب و تەواوی میدیاو پروپاگەندەی تریان پرکردەوەو بڵاو کردەوە کە ژن عوقدەی نەقس ی هەیە.
لە هەمان کاتدا سەرمایەداری ئەو هەل و مەرجەی بەرز کردووەتەوە بۆ تەواوکردنی ئازادی ژن. پاڵی پێوەناوە بۆ پێشەوە تاکە چینە لە مێژوودا کە دەبێ هەموو مرۆڤایتی ڕزگار بکا. بۆ خۆی خۆی

ئازاد بکا. ئەوە پەیامی مێژوویی چینی کرێکارە لە سەدەی نوێدا.
---------------------------------------------------

هەروەها کەپیتالیزم بۆ یەکەمجار  لە مێژوودا هەزاران ژنی هێنا بۆ ناو کارگەکان.  هێنایانی لە گۆشەگیرییەوە ژمارەیەکی زۆر تەیار، چالاکی سیاسی و ناکۆکی چینایەتی. ملیۆنەها ژن لە کۆمەڵگەی مۆدرندا پێکهێنانی سوپای بەهێز لە جەنگ دژ بە کەپیتالیزم و بزووتنەوە لە پێناوی سۆشیالیزم دا.

# **ژن و سۆشیالیزم**

نمونەیەکی  زیندوو هەیە لەسەر ئازادی ژن لە وا قعێکی دیاریکراوی ژیانی ژن لە وڵاتە سۆشیالیستەکاندا دەتوانرێ بدۆزرێتەوە  ، ئەو وڵاتانەی کە سەرمایەداری تیایدا لەناو برا و چینی کرێکار حوکمی گرتە دەست، کۆماری چینی نەتەوەیی و ئەلبانیا دوو نمونەی باشن.
ماوتسی تۆنگ سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی چین ، یەکێ لە سەرۆکە مەزنەکانی وڵاتی چین دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چین لە ساڵی ١٩٤٩ وتی کات گۆڕا، ئەمڕۆ ژن وپیاو یەکسانن. هەرچی شتێ کە هاورێ پیاوەکانمان بتوانن بیکەن، هاورێ ژنەکانیشمان دەتوانن بیکەن.

لەگەڵ ئەم ئازایەتییەدا لە لایەن دکتاتۆریەتی  پرۆلیتاریاوە  پشتگیری دەکرێ ، ژنان لە وڵاتی چین لە ٢٧ساڵی کورتدا دەستکەوتی مێژووییان بەدەست هێنا ، پێش ئازاد کردنی ولاتی چین. لە ژێر سیستمی سۆشیالیستی دا . زۆر هەنگاو نرا بۆ ئازادکردنی ژنان لە حوکمی مێژوویی (کۆیلەیی ناوخۆ)  هەروەها گۆشەگیری لە ژیانی سیاسی. ژنان بەگەورەترین ژمارەوە لەچاو پێشوو بران بۆ ناو کارگەکان. هەروەها لە شوێنی کاریان کرێی یەکسانیان پێدرا، وە مامەڵە کردن لەگەڵیاندا وەکو هەمان کرێکارانی تر بوو. ژن تەنها لە بواری کارکردندا پێشرەوی نەکرد کە پێشتر بۆی نەڕەخسابو بەڵکو وەکو پێشەوای چینی کرێکار لە زۆربەی  بزووتنەوە سیاسییەکاندا هاتنە پێشەوە.

کارئاسانی بۆ ژنان بۆ کارکردن و بەشداریکردن لە کاری سیاسی وڵاتدا، بوو بە ئەرکێکی گرنگ لە بەرنامەی دەسەڵاتداری شۆشیالیستی چاینەدا. حکومەتی شۆڕشگێر هەستا بە دابین کردنی دایەنگای 24 کاتژمێری بۆ دایکان و باوکانی کرێکار بۆ چاودێری کردنی مناڵەکانیان.  هۆڵی خواردنی گشتی کراوە بۆ کرێکاران و خێزانەکانیان و هەروەها خزمەتی تر.
ئەنجامی ئەم پرۆگرامانە بەردەوامی دا بە پێشکەوتنی  ڕۆڵی پێشەوایەتی ژن لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنەکانی پارتی کۆمۆنیستی چینی و حکومەتی گەل.

سۆشیالیزم لە ئەلبانیا سەلماندی کە نمونەیەکی زیندووە بۆ پێشکەوتنی ژنان، ئەوەش لە ڕێی روخاندنی سیستەمی سەرمایەدارییەوە. پێش  سەرکەوتنی  شۆڕش لە ئەلبانیا، ژن لە ژێر سایەی هەلومەرجی فیوداڵیدا وەکو ملْک  کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکرا. حکومەتی شۆڕش نەک تەنها ژیانی ژنانی گۆڕی  بە هێنانیان بۆ بەرهەمهێنان و ژیانی سیاسی وڵات، هەروەها

هەڵگیرسانی کەمپەینێکی فراوان دژ بە ئایدیاو  پراکتیکی دواکەوتوانە کە ژنانی بەرەودواوە دەگەڕانەوە. کۆمۆنیستی ئەلبانی ڤیتۆکاپۆ سەرۆکی یەکێتی ژنانی ئەلبانیا گوزارشی لە  گرنگی ئازادی ژنان کرد لە درووستکردنی  کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی نوێ ؛

" ئازادی تەواوی ژن نە دیارییەکی خێر خوازانەیە و نە چاکەی توخمێکی بەهێزترە بۆ توخمی بێهێز، بەڵکو پیویستییەکی حەتمیە  بۆ سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم.  لەبەر ئەوە ئینڤیر هاکسا سەرۆکی پارتی کرێکارانی ئەلبانیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە ئەو شۆڕشە دەبێتە کاری ژنان و پیاوان و کۆمەڵ بەگشتی لە ڕێکردن بەرەو کۆمۆنیزم. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە  هیچ کەسێک داوای ئازادی ناکا ئەگەر سەرنەکەوێ لە شەرکردن لەپێناوی ئازادی ئەوانی تر.  یەکەم و پێش هەموو شتێ ژنانی ئەلبانی.

---------------------------------------------------------------

# **فیمنستی بۆرجوازی**

ئەم نمونەیە بۆ ئازادی ڕاستەقینەی ژنان ، ڕێگایەکی داخراوی فیمنیزمی بۆرجوازییە وەک نیعمەتێکی ئیمپریالیزم . فیمینیزمی بۆرجوازی خۆیان کردووە بە" قسەکەری ژنان " ئەوەی پێی دەوترێت " بزوتنەوەی ژنان بۆ یەکسانی" ئەو بزوتنەوەیە ناتوانێت نوێنەرایەتی  بەرژەوەندی گشتی ژنانی چەوساوەو زوڵم لێکراو بکا.
فمنستی بۆرجوازی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کەمایەتیەکی کەم دەکا لە ژنانی پلە بەرز، وەکو بێڵە ئەبزوگ لە کۆنگرەی نەتەوەیی ژنانی سیاسی و گلۆریا ستینم ی  گۆڤاری ئێم ئێس  بە هیوای ئەوەیەی گەورەتین پارچە کێکیان بەرکەوێ، زۆرترین ژنی بانکەکان و سەرۆک کۆمپانیاکان ....هتد. ئەو فمنستانە  ئامادەیی زۆری ئەوەیان  تێدایە  بۆ فرۆشتنی زۆربەی  بەرژەوەندییەکانی ژنان، یان بیدەن بەدەم ئاوەوە لە پێناوی بەدەستهێنانی پلەو پایە یان بەدەستهێنانی کورسییەک لە کۆنگرێس.
هەموارکردنی مافی یەکسانی  دەربری ریفۆرمی یاسای یاسادانانە کە لە ئاکامی خەباتی بەردەوامی ژنانەوە لەسەرتاسەری وڵاتدا بە دی هاتووە، کەچی فمنستی بۆرجوازی تیشک دەخاتەسەر چەند ریفۆرمێک و پێوایە تەنها مەیدان بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسان ڕێگایاساییەکانی قانونی تەشریعە ، بەڵام  هێشتا یاسا مەدەنێکان نەیانتوانیوە زەمینەی یەکسانی بۆ ژنان فەراهەم بکات.

فمنستی بۆرژوازی بەردەوام پێ داگری لەسەرئەوە دەکەن کەوا "قانونە مەدەنێکانی ژنان "وەڵامە بە کێشەی  ژنان.
لە هەمان کاتتدا بەشێک لە فمنیستە بۆرژوازێکان لەژێر پەردەی رادیکاڵیزمدا خۆیان حەشارداوە، کەچی ناوەڕۆکیان هەر هەمان شتە. هەندێ لە فمنستەکان هێرش دەکەنە سەر پیاوان وەکو دوژمنی ژنان دەیانناسێنن، ئەوە لە بیر دەکەن کە بەو کارەیان بەشێکی زۆر لە ژنان دەبنە قوربانی پیاو سالاری و هیچ سودێک بەژنان ناگەیەنێ. فمنستە "ڕادیکاڵ"ەکانی تر هۆمۆسەکسواڵتی جەماوەری ژنان پەرەپێدەدەن ، یان گرتنەبەری رێگای دژە باو  لەشێوەی گروپ و وەستانەوە بەرانبەر ئەوانی تر . ئەم ستایڵە لە بازنەیەکی بچوکدا دەمێنێتەوە زیاتر لەناو چینی ناوەندا.
جەماوەری ژنان ئەو ئەڵتەرناتیڤەیان ڕەت کردەوەو پێیان وایە راکردنە لە واقیع و دژی چوارچێوەکانی

خێزانە وە هیچ چارەسرێکیشی پێ نییە بۆ کێشە بنەڕەتێکان ژنان.

جەماوەری ژنان بۆ یەکگرتن لەگەڵ پیاوان خەباتی دژی سەرمایەداری و سیاسەتی ڕەگەزپەرستی یەکەیان هەڵبژارد. پیاوانێکی زۆریش پەیوەست بوون بە داواکانی ژنانەوە بۆ یەکسانی. دەبێ بەشێکی گرنگ بێ لە داواکانی بزووتنەوەی کرێکاران. زۆر لە کرێکاران ئەزموونی ئەوەیان هەبوو لەگەڵ کۆمپانیاکاندا ، کاتێک خاوەن کۆمپانیاکان پێیان دەوتن " ئەگەر مان بگرن، یان ئەگەر ڕێکخراوبن، ژنان دەهێنن بۆ ئەوەی جێی ئێوە بگرنەوە". کرێی نزم سەپێنرا بەسەر ژنانی کرێکارداو بەپێی جێگاو ڕێگاکەشیان وەکو کرێکاری یەدەگ بەکار دەهێنران . بەکورتی وەکوو مەقاش دژ بە بزوتنەوەی کرێکاری بەکار دەهێنران.
کەمی کرێی کرێکارانی ژن بوو بەهۆی نزمی ئاستی ژیانی خێزانەکرێکارێکان،
یاساکان و سیاسەتەکانی کۆمەکی کۆمەڵایەتی کە هەموو دژبە خێزان بوون ، بوونە مایەی ئەوەی ملیۆنان خێزان لێک جیاببنەوە، بە تایبەت ئەوانەی سەربەنەتەوە زوڵم لێکراوەکان بوون.

یەکگرتنی ژنان و پیاوان لە خەبات دژ بە چەوسانەوەی ژنان و هەر هەموو ئیمپریالیزم.
مانای ئەوەنییە ئەو ئایدیۆلۆژیاو فەرهەنگە باوانەی دەسەڵات کە کاریگەرییان لەسەر ژنان داناوە ، بە هۆکاری جێگاو ڕێگایان بەر ڕیخنە نەدرێن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ژنان ناتوانن ڕۆڵ ببینن بە شێوەی سەربەخۆ یان پێکهێنانی ڕێکخراوی خۆیان وەکو هەر گروپێکی تری چەوساوەو زوڵملێکراو . ژنان ناتوانن پشت ببەستن بە یارمەتی و چاکە، دەبێ خۆیان خۆیان ئازاد بکەن. بەلام گرنگە ئەوە بزانرێ سەرچاوەی چەوسانەوەی ژنان دەکەوێتەسەر چەوسانەوەی مادی لەژێر دەسەڵاتی کەپیتالیزم. هەروەها دەبێتە لەناوبردنی هەمیشەیی و ڕووخانی تەواوی چینەکانی کۆمەڵ.

ڕەتکردنەوەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی فمنستی بۆرجوازی و داوا بەتاڵەکانیان بۆ "یەکسانی" بزووتنەوەی ڕاستی بۆ ڕزگارکردنی ژنان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام بوو لەسەر گەشەسەندن . پەیوەندی کۆمپانیای چیمەنتۆ لەگەڵ پشتگیریکەرەکانیان و بەشداریکردن لە یەکێتی و تێکۆشانی بزووتنەوەی کرێکاران، ژنان، بە تایبەت کەمایەتی ژنان پەیوەندی پتەوی درووستکرد لە نێوان تێکۆشان لە پێناو ڕزگاری گەلانی چەوساوە لە وڵاتە یەکگرتووەکان.

هەردوو بزووتنەوەکە ڕووبەڕووی دوژمنێکی هاوبەش دەبنەوە لە سیستمی ئیمپریالیزمدا.
سەرکەوتنی هەردوو بزووتنەوەکە دەکەوێتە سەر ڕووخانی سیستمەکەو دامەزرانی سۆشیالیزم.
کەمایەتی ژنان ڕووبەڕووی توندترین چەوسانەوە دەبێتەوە لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا.
یارمەتییەک بوو بۆ ژیانەوەی مێژووی ڕاپەرین و خەباتی ژنان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
ئەم پەیامە لە ڕیگەی تێکۆشانی جۆن لتڵ، شرڵ تۆ ، هەروەها دەسی ئێکس ود. گەیاندرا بە ملیۆنان کەس - هەر هەموو ژنە ڕەش پێستەکان قوربانی ڕەگەزپەرستی و هێرشی سێکسی بوون هەستانە سەرپێ بۆ بەرگری لە خۆیان.

لە وەڵام بە فمنستی بۆرجوازی "بۆ کۆتکردنی بزووتنەوەو تەسکردنەوەی "داوای ژنان" دەبێ ئاماژەبێ بەوەی کە چۆن مێژووی خەباتی نیشتمانی لە ئەمریکا لە کۆیلایەتییەوە بەرەو سەرەوە بەستنەوەیەک بوو لە نێوان تێکۆشان لە پێناو ڕزگاری ڕەش پێست و ژنە کەمایەتییەکانی تر بۆ

ئازادی تەواوی خەڵک.
خێزانە کەمایەتیەکان کە بە توندی ئازار دەچێژن بە دەست سیاسەتی دژی خێزانەوە لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە. بەهەمان شێوەش بەردەوام ئەو سیاساتانەی فیمینستە هەڵاتووەکان سەبارەت بە خێزان و منالان وەلا دەنرێت.

# تێکۆشان لە ئاستی جیهاندا

بزوتنەوەی ژنان کاراکتەری راستەقینەی دژ بە ئیمپریالیزمە و دەتوانێ بەرەیەکی فراوان لە زەحمەتکێشان و زوڵم لێکراوان لە ئاستی جیهاندا پێکبهێنێ دژ بە ئیمپریالیزم، بەتایبەتی دوو زلهێزەکە.
هەردوو زلهێزەکە نەک تەنها دوژمنی ژنان بوون لە دنیادا بەڵکو چەوسێنەری گەورەترین ژمارەی نەتەوە بوون لە جیهانی سێیەمدا. ئەمڕۆ ، بەرانبەرکێیی لەنێوان ئەو دوو زلهێزەدا لە ئاستی جیهاندا، زەمینەی شەری جیهانی هێناوەتە پێشەوە کە دەکرێت زۆرترین ژنان ببنە قوربانی تێیدا.

هەردوو زلهێزەکە چالاکانە هەوڵی داپڵۆسینی بزووتنەوەی گەشەسەندنی ژنانیان دەدا.
یەکێک لە سەرەکیترین چەکی پروپاگەندەیان دژ بە ژنان لۆمەکردنیان بوو بە هێنانی منالی زۆر کە دەبێتە مایەی برسێتی، جەنگ، نەخۆشی و هەژاری.
هەردوو نوێنەری ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت هەوڵئ بێئاکامیاندا تێروانینی خۆیان لە کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بسەپێنن سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان. نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وتی" زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان کارەساتی بەشەری دەخولڤێنێ. نوێنەری یەکێتی سۆڤیەتیش وتی"دەبێتە تەوقێکی گەورە بە ملی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانەوە" .
سەیر نییە زیادی دانیشتوان بە شێوەیەکی تایبەت سنوری بۆ دانرا لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، کەهێزی سەرەکی بوون لە وستانەوە دژ بە ئیمپریالیزمی دوژمنکارو زاڵبوونی لە هەموو دنیادا .
لە کۆنفرانسی ژناندا، نوێنەری وڵاتانی جیهانی سێیەم حیکایەتی " زیادبوونی دانیشتوانی "بە درۆ خستەوە و وەکوو خورافە باسیلێکرد.

ئاماژە بەوە کرا کە چۆن ئەو دوو زلهێزە لە جیهاندا سەرچاوەی سروشتیی هەژارترین نەتەوە دەدزن. سیاسەتی ئیمپریالیستیانەیانیان ئاشکرا کرد لەوەی کە چۆن هەقدەستی کۆیلە دەدرێتە کرێکاران لە جیهانی سێهەمدا. سیاسەتی نایەکسانیان لە دانی قەرز لەژێرناوی "یارمەتی".
هەروەها چۆن ئەو دووزلهێزە گوێ بەهاواری یەکپارچەیی ئەو وڵاتە بچوکانە نادەن . پرسیارکرا "چۆن کێشەی ئێمە زیادی دانیشتوانە لە کاتێکدا دەوڵەتێکی جیهانی سێهەم ی وەکو چین زیاد لە ٨٠٠ ملیۆن کەسە، کەچی برسیەتی تێدا نییە؟"
هەردوو زلهێزەکە زەحمەتێکی زۆریان کێشاوە بۆ جیاکردنەوەی تێکۆشان بۆ ئازادی ژن لە جەنگ دژی ئیمپریالیزم. هەوڵدان بۆ سەرکەوتن بەسەر یەکتردا بۆ وێناکردنی خۆیان بە ناوی چاکەکارەکان لە ژنانەوە. لە کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان، نێردراوی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر یەک دووبارەی دەکردەوە.
کە کێشەی ژنان "سیاسی نییە" نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت نەهجێکی تری گرتەبەر بە گوتنی

ئەوەی " هەوڵی جدی ئاسۆیەک دەهێنێ بۆ بەدیهێنانی یەکسانی ژنان. هەردوو نوێنەر ئامانجیان ئەوەیە تکاکانیان متمانە بە ژن بهێنێ کە هەوڵی جدی لە نێوان هێزی گەورەدا هەلومەرجێکی گونجاو دەڕەخسێنێ بۆ بەدیهێنانی یەکسانی ژنان وەکو چاکەیەک ببەخشرێ.

# سۆشیالیزم لە چەند وشەیەکدا

یەکێتی سۆڤیەت، بە تایبەت حەز دەکا بەو جۆرە وێنای خۆی بکا کە " هاورێ"ی ژنانە. لە کاتێکدا یەکێتی سۆڤیەت لە واقعدا یەکەم وڵات بوو لە تاقیکردنەوەی شۆڕشی سۆشیالیستی، بۆرجوازی نوێ دەستیان گرت بەسەر سەرۆکایەتی حکومەتی سۆڤیەت و پارتی کۆمۆنیستدا ، ئەو چاکسازە مۆدرنانەیان بەکارهێنا. بە درێژایی بیست ساڵی ڕابوردو هێزی خۆیان بە کارهێنا بۆ گەڕانەوەی سەرمایەداری.

یەکێ لە نیشانە جیاوازەکانی ئەم دووبارەکردنەوەیە بە کۆیلەکردنی ژنان بوو لە یەکێتی سۆڤیەت کە بۆ نزیکەی٥٠ ساڵ لە ژێر سایەی سۆشیالیزمدا چێژیان لە یەکسانی وەردەگرت.
بڵاوکراوەکانی ئەم دواییەی سۆڤیەت، لەوانەیە بینرابێ، "لە نێوەندی دەیەی یەکەمدا وڵاتەکەمان داوای بەشداری کردنی ژنانی کرد لە بەرهەمهێناندا، بەهەرحاڵ ئەمڕۆ ئەم پێویستییە نییە. لەوەش ئەولاوەتر لە پلەی ئابوری ئێستادا. لەوانەیە زۆر گونجاوبێ ئەگەر لە ژنان گەڕێی ئازادبن لەماڵەوە چاودێری مناڵەکانیان بکەن".

سۆڤیەتی تەحریفی دەیەوێ وەک سەرمایە سود لە ئارەزووی ڕاستەقینەی ژنان وەربگرێ لە پێناوی ئاشتی دا. ئەوان پێشڕەون بۆ پاڵنانی خورافات ی"وەلانانی ئاڵۆزی" و فڕێدانی چەک بەڵام لە ژێر دەمامکێکی پیس لە ئاشتی خوازانەی درۆزنانەدا. فراوانترکردن و کەڵەکە کردنی چەکی ناوکی هێرشکەر و چەکی تەقلیدی ، کە وای کردووە یەکێتی سۆڤیەتی لە سەروی هێزی سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بێت. ئەوە ڕوون و ئاشکرایە دەبێ پەنجە بخرێتە سەر ئەو دۆخەی کە بەڕێوە دەچێ لە جیهاندا بە زیادکردنی مەترسی لە نێوەندی گەشەسەندنی مەترسی جەنگ لەجیاتی ڕێککەوتن. خورافەی ڕێککەوتن بڵاو دەبێتەوە تەنها بۆ داماڵینی چەک لە نەتەوەکانی جیهان لە دنیاداو داپۆشینی تاوانی زلهێزەکان.

سۆڤیەتی سۆشیالیستی ئیمپریالی نوێنەری خۆی هەیە لە ناو وڵاتە یەکگرتووەکاندا. لەشێوەی پارتی کۆمۆنیستی کۆنەپەرستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ڕۆڵی ئەوانە پێی دەگوترێ کۆمۆنیست بۆ چەسپاندنی گرنگی و بەرژەوەندی کاریگەری ئیمپریالیزم لەناو چینی کرێکاراندا. ڕۆڵی پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکی لەناو بزووتنەوەی ژناندا و هەوڵدان بۆ بردنی بەرەو پارێزگاری کردن بۆ پشتگیری لە دوژمنکاری و جەنگ، لستەکانی سۆڤیەتی سۆشیال ئیمپریال هەروەیا بۆ چەسپاندنی چاکسازی و تێکۆشانی هەڵبژاردن وەکو ڕێگەیەک بۆ ئازادی ژنان. ڕێگەیەک کە تەحریفیەکان دەیکەن بۆ چەسپاندنی دیدگای ڕێککەوتن و ناچارکردنی ژنان و گەلانی جیهانی سێیەم بۆ پشت بەستن بە ڕێککەوتنی زلهێزەکان لە پێناو ئازادیدا.

لە ڕێی باسکردن لە ئاشتییەوە، تەحریفیەکان هەوڵیان دا بۆ ترساندنی ژنان کە جەنگ دنیا هەڵدەگێرێتەوە بۆ لەناوچوونی بە ئەتۆم. لە کاتێکدا فرمێسک دەبارێنێ بەسەر ئەو ئەگەرەدا. پارتی کۆمۆنیستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیری تەواویان خستە پشت کۆکردنەوەو کەڵەکەکردنی چەک، پلانی جەنگی یەکێتی سۆڤیەتی دانا.
لە یەک کاتدا تەحریفیەکان ژنانیان ناچارکرد لە دنیاداو لە وڵاتە یەکگرتووەکان کە دژی ئیمپریالیزم تێ نەکۆشن لەترسی ڕوودانی بۆمبی ئەتۆمی و کوشتنی بە کۆمەڵ. نمونەیەکی باش لە سەر خیانەتی پارتی کۆمۆنیستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چالاکیەکانیەتی بۆ ڕۆژی جیهانی ژن. ئەمە پشوی چینی کرێکارە لە لایەن پێشەوای کۆمۆنیستی ئەڵمانی "کلارازتکین" ەوە ناسێندرا، لە یادی تێکۆشانەکانی ژنانی کرێکاری جل وبەرگ لە نیویۆرک . بەپێی مێژوو بوو بە ڕۆژێک بۆ بردنە پێشەوەی تێکۆشانی گرنگی ژنان و گوزارشکردن لە یەکبونی چینی کرێکار دژی ئیمپریالیزم. تەحریفیەکان دوای پشتگوێ خستنی ئەم پشووە بۆ چەندان ساڵ. لە ١٩٧٥ دیسان لە نیویۆرک سەری هەڵدایەوە لەگەڵ بانگەوازکردن بۆ خۆپیشاندان لە ژێر دروشمی " ئاشتی، ئازادی، پێشکەوتن"، کۆمەڵێکیان پێک هێنا لەگەڵ سیاسیە ڕیفۆرمخوازەکانی پارتی دیموکرات. هەروەها لەگەڵ بەشێک لە فمنستی بۆرجوازی لەشێوەیەکی بەرتەسکدا " خەباتکردن نا" بەرنامە دارشتن لە دژی چالاکییە ئیمپریالیستییەکان کە خۆی دەبینییەوە لە دروشمی " ئیمپریالیزم ، ئەوە چوونە سەرەوەی ڕێژەی دانیشتوان نییە دەبێتە هۆکاری برسێتی، بێکاری و نایەکسانی ژنان".

لە ڕۆژی جیهانی ژناندا لە ١٩٧٥ هەروەها دیسان لەم ساڵدا، لە ١٩٧٦ هەبوونی دوو چالاکی ڕۆژی جیهانی ژن ی جیاواز هێنرایە پێشەوە، دوو هێڵی تێکۆشان لە بزووتنەوەی ژنان بە دیاریکراوی و زیادکردنی ژمارەی خەڵک.

ئایا دەکرێ ئازادی ژنان بەدی بهێنری لە ژێر سایەی ئیمپریالیزم، بەبێ ڕێگەی تێکۆشان؟
ئایا لە ڕێگەی چاکسازی و هەڵبژاردنەوە بەدەست دێ؟
یان تێکۆشانی چینایەتی و شۆرش ڕێگەی ئازادییە؟
دەتوانرێ وەڵامی ئەم پرسیارە لە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و پیاوان کە بوون بە بەشێکی چالاکی حەقیقی لە دژی بزووتنەوەی ئیمپریالیستی بۆ ئازادی ژنان بدۆزرێتەوە.

# ڕابەرایەتی کۆمۆنستی پێویستە

ئەو هێزەی کە ڕابەرایەتی بزووتنەوەی ژنان دەکات لە تێکۆشان دژ بە سیستم ی ئیمپریالیستی لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێدا دۆزراوەتەوە. دامەزراوە بۆ تێکۆشان دژ بە خیانەتی پارتی

کۆمۆنیستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ی کۆنەپەرست. لە زۆر مانگرتنی گرنگ و شەڕی تر کە ژن بەشداری تێدا کردووە.
کۆمۆنیستەکان لەوێ بوون بۆ ئاماژە کردن  بە ڕێگەی بەرەو یەکگرتنی چینی کرێکارو دوا ئامانجی سۆشیالیزم. بەڵام تاکو ئەو کاتەی هێزی کۆمۆنیست  بتوانێ ڕێکخراوبێ لە ناو یەک پارتی کۆمۆنیستی یەکگرتوو،ئەو ڕابەرایەتییە پەرشوبڵاوو دیاریکراو دەبێ.
لەبەر ئەوە دەکرێ ئیتر ژنان ڕۆڵێکی  گرنگتر ببینن کە ببنە ئەندامی ڕێکخراوی پارتی کۆمۆنیستی وەکو "ئۆکتۆبەر لیگ-گرووپی ئۆکتۆبەر"  ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی نوێ کە بەم زووانە پێک دێ لە هێزی کۆمۆنیستی ئێستا.

دروستکردنی پارتێکی نوێ بەمانای ئەوە دێ مەزنترین پاڵنان بۆ پێشەوە بۆ تێکۆشانی ژنان، پارتی نوی بەشدارییەکی تەواوی دەبێت لەڕابەرایەتی کردنی ژنانی جەنگاوەر، کە بەشداری دەکەن لە هەموو جۆرە چالاکیەکی کۆمۆنیستی کەلەسەر یەکسانی ژن وپیاو وەستابێ، پارتی تازە کۆمەڵەی تایبەتی دەبێت بۆ چاودێریکردن و کاری ڕاستەوخۆ لەناو جەماوەری ژنانداو بەرنامەی تایبەت بۆ مەشقکردن  بە ژنان لە خوێندنی تیۆری مارکسیست - لینینیست.
نەک تەنها لە ژێر ڕابەرایەتی پارتی کۆمۆنیستی نوێ کە بە ڕاستی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی ملیۆنان کرێکارو خەڵکی چەوساوەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ، ئەوە بە حەقیقی بزووتنەوەیەکە بۆ ئازادی ژنان دەتوانێ بەردەوام  بێ لە گەشەو پێشکەوتن.

# **ژنان و بەرگری**

بزووتنەوە لە پێناو بەدیهێنانی یەکسانی ژن ناتوانێ بەرەوپێش بڕوا بەبێ تێگەیشتنی تەواو لەوەی کە دوژمن کێیە هەروەها بەبێ یەکگرتنی تێکۆشانی ژنان لەگەل چینی کرێکارو گەلانی چەوساوە. بەڵام داواکانمان سنوردار ناکەین تەنها لە پێناو سۆشیالیستی دا.
سیستمی نکۆڵی کردن لە مافی دیموکراتی ژنان یان هەر سیمایەکی تری چەوسانەوەی ژنان لە ژێر سایەی ئیمپریالیزمدا، دەبێ جەنگی لەگەڵدا بکرێ نەک تەنها لەلایەن ژنانەوە بەڵکو لەلایەن هەر هەموو بزووتنەوەی چینی کرێکارەوە. ئەزمەی ئیمپریالیست لەگەڵ مەترسی زیاترکردنی جەنگ. ڕیژەی بێکاری زۆر دە چێتە سەرەوە، چەوسانەوەیەکی چڕی کەمە نەتەوەییەکان کاریگەری تایبەتی هەبوو بەسەر جەماوەری ژنانەوە.
وەرگرتنی بەرنامەی دەست بەجێ بۆ تێکۆشانی پرسی ژن کلیلێکە لەناو بزوتنەوەیەکی گەورەی ئەندامانی ژنانی جەنگاوەر لە بەرگریکردن و بزووتنەوەی پێشکەوتوی تر.

هەروەها بەرزکردنەوەی دروشمی
*یەکسانی ژن بە تەواوەتی،*
*ڕووخانی ئیمپریالیزم،*
*پشتگیری کردنی تێکۆشانەکانی جیهانی سێیەم.*
پرۆگرامی چۆنیەتی تێکۆشان بۆ ژنان ،بەرزکرنەوەی داواکانیان، قسەکردن لە سەر هەموو شتێکی ڕەگەزپەرستی کە ڕووبەڕووی ژنان و چینی کرێکارو خێزانە کەمایەتیەکان دەبێتەوە.

# كۆتایی هێنان به ڕەگەزپەرستی - دەبوو خاوەنکارەکان باجەکەی بدەن !

یەکێک لە کلیلی سیمای چەوسانەوەی ژنان بەکارهێنانیەتی وەکو سوپای یەدەگی کار، بەکارهێنانیان لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە تەنانەت لە کاتی گەشەی ئابوریشدا، بە پێدانی کرێیەکی کەم. زۆربەی حالەتەکان نکۆڵی لێ دەکرا تەنانەت لە سەرەتایترین مافی پارێزگاری کردن لە کرێکاران لە بەدیهێنانی لە ڕێی سندیکاکانەوە.

بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری کاریگەری هەیە بە تایبەت بەسەر ژنانی کرێکارەوە لەسەر کارەکانیان بە بۆنەی شوێنە پیشەسازییە هەڵاتووەکان : " Runaway Shops (ئەو کارگە پێشەسازیانەی کە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە دەگوێزرێنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بۆ خۆدزینەوە لە یاساکانی دەوڵەت و سەندیکاکان) دوکانەکانی شیرنەمەنی داخران.
لەسەرکاردەرکردنی کرێکاران لە هەر هەموو پیشەسازییە سەرەکیەکان بە فیعلی.
دەستکەوتە بەدەست هاتووەکان بەرانبەر بە یەکسانی ژنان لەسەرەتایترین پیشەسازی دا سڕایەوە، دەرکردنی بەکۆمەڵ لەسەرکار. بەرەوپێش چوونی دروستکردنی ئۆتۆمۆبیل نەما.
هەروەها سەندیکا داریکراوەکانی وەکو USWA هەوڵیان دەدا بە قبوڵکردنی پریار و داواکردن لە کرێکاران بە واژۆکردن لەسەر خۆش بوون لە مافی خۆیان و دوورکەوتنەوە لە مانگرتن و خۆپێشاندان لە بەرانبەر ٢٥٠ دۆلار.

ژنانی کرێکار لە هەموو شوێنێک ٦٠% ی کرێی کەمتر لە پیاوانیان دەست دەکەوێ،
ژنە کەمایەتییەکان لایەنی کەمی کرێ یان کەمتریان دەست دەکەوێ. ئەم کەلێنە بە جێگیری زیاد دەکا نەک کەم. ئەو زیادبوونە لە لایەنی کەمی کرێ زۆر کەمترە لەوەی کە داواکراوە. کە لەگەل سەلامەتی و بەهێزی ڕێژەی پاڵە پەستۆی ئیمپریالیزم دا بێ، کە تاکو ئێستاش زۆر دوورە لەو ئاستە گونجاوە.
جیاوازی ڕێژەی ڕەگەزپەرستی لە هەقدەستدا تەنها چینی کرێکاری ژنانی نەگرتۆتەوە.
خوێندنەوەی نوێ نیشانی دەدا ت تەنانەت ژنانی خاوەن پروانامە کەمتر وەردەگرن لە پیاوان لە هەمان پلەی خوێندن یان کەمتر.

داواکاری دژ بە ڕەگەز پەرستی دەبێ داوابێ بۆ کار یان کرێ بۆ باشترین هەقدەست و بزووتنەوەی سەندیکایی بۆ ژنانی کرێکار، دانی بیمەی بێکاری گونجاو بە ژنان. بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی داهاتی پێشووی چەند بووە هەروەها زیادکردن لە جیاتی کەمکردنەوە لە چاودێری کۆمەڵایەتی "وێلفێر" و پرۆگرامی Food Stamp.
(چاودێری حکومییە لە شێوەی بیتاقەیە نەک پارەی "کاش : نەخد" پێش کەش بەو خێزانانە دەکرێ کە داهاتیان کەمە، بۆ ئەوەی خواردنی پێ بکڕن)

پرۆگرامەکەمان دەبێ داوایەک بێ بۆ دوایی هێنان بە هەلومەرجی کارکردنی کۆمەڵێک کرێکار لە Sweat-shop
(ئەو کارگە تەسک و بچوکانەن کە کۆمەڵیک کرێکاری زۆر ئیشی تێدا دەکەن بۆ ماوەیەکی درێژ و

به کرێیەکی زۆر کەم، هیچ هەڵ ومەرجێکی تەندروستی تێدا نییە، بۆ نمونە کارگەی جل وبەرگ دوورین.)

سنوردانان بۆ بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای پارچە بە ئامانجی پالەپەستۆکردن و بەدەستهێنانی قازانجی زۆر لە ژنانی کرێکار. کۆتایی هێنان بە سەرکوتکردن و نەبوونی سیاسەت. ئەگەری ڕێنمایی کردنی هەیە دەبێ بجەنگین بۆ قەرەبووکرنەوەی پێشینەی کاردن " Seniority"
(باری جیاواز بۆ ئەو کرێکارو کارمەندانەی کە بە هۆی بەردەوامی و درێژی خزمەتی کارەوە بە دەستیان هێناوە لەگەڵ هەمان خاوەن کاردا)
بۆ ژنان و کرێکارە کەمایەتیەکان. ئەوە دەبێتە هەنگاوێ بەرەو چاککردنەوەی پێگەی ( ئەوەی دواجار دامەزراوە، یەکەم کەس دەبێ کە دەرکرێ لەسەرکار)
ئەمە دەرگایەکە بۆ ژنان بۆ چوونە ناو هێزی کار ، کارکردێکی قوڵی هەیە بۆ سەر هەردوو چینی کرێکارو بزووتنەوەی ژنان. بەشداری ژنان لە بەرهەمهێان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە"فاکتەر: عامل" ێکی گرنگە لە چالاکی سیاسی و بوژانەوەو گەشەسەندن.
پێویستە داوای ئەوە بکەین کە حکومەت و خاوەنکار حەقی ئەو ڕەگەزپەرستی و نا یەکسانییە بدەن.
کرێکاری پیاو پێویستە یاخی بن لەبەرانبەر هەوڵی ئێستای ئیمپریالیزم بۆ پاڵنانی ژنان بەرەو دواوە بۆ کونجی ماڵەوە.
دەرهێنانی لە ناو کارگە. دەبی ئەمە لە پێناوی یەکسانی ژناندا بکرێ ، درووستکردنی بەرگرییەکی یەکگرتووی چینی کرێکار.
پێوانەی تر لەوانەیە جێگەوشوێنی نایەکسانی ژنان پەرەپێبدا. وەکو
چاککردنی مافی یەکسان: (Equal Rights Amendment (ERA، دەبێ پشتگیری لێ بکرێ. لە هەمان کاتدا هەرچی هەوڵێک لە لایەن خاوەن کارگەوە پێویستە بپارێزرێت، پێویستە یاسا بەرگری لەوە بکا.

## وەستاندنی هێرشی فاشستی

سیمایەکی تری گرنگی کارکردی ئەزمە : Crisis بۆ سەر ژنان نیشانە کرا. زیادکردنی هێرشی فاشستی بۆ سەر ژنان و چینی کرێکار وە تیژترینیان دژ بە خێزانە کەمایەتیەکان. لۆمەکردنی ژنانی هەژار لە بونی " ژمارەیەکی زۆر لە منداڵ". چینی دەسەڵاتدار دەستی دایە هاندان بۆ منداڵ لە باربردن و ڕێگری لە منالّی زۆر ئەوەش لە ڕێی بەکارهێنانی پرینی چاودێری کۆمەڵایەتی ویّلفێر، Welfare،
(پشتگیرییەکە حکومەت بەخشیویەتی بە کەسانی پەک کەوتە لە وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر کۆمپانیای جیاواز پێی هەڵدەستن لەژێر چاودێری پرۆگرامی جۆراوجۆر، بە ناوبانگترینیان یارمەتی منالاّن و Food Stamp
هەڕەشەی پرینیان لێ دەکەن ئەگەر هاوکارییان نەکەن، یان پرینی بەبێ ئەوەی کەسی قوربانی ئاگای لێ بێ.

ئەمە بوو بە هاندەرێک بۆ دەسەڵات لە ژێر ناوی " مافی ژیان" بەفەرمی مافی لە باربردن بە شێوەیەکی سەلامەت بناسێنێ، کە ئەم داواکاری ملیۆنەها ژن بوو،کە ئەوساو ئێستاش داهاتی خێزانەکانیان بەشێوەیەکی رێک و پێک بەشی بەخێوکردنی منالّەکانیان ناکات.

لەگەڵ ئەزمەی ئێستادا . هەوڵدان بۆ سەندنەوەی ئەو مافە دەبێ تەنها مانای ئەوەبێ کەمکردنەوەی توندی و ڕەقی بۆزۆربەی خەڵک هەروەها زیندووکردنەوەی ئەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە لە ڕێگای (لەباربردنە نایاسایەکانەوە).

چینی دەسەڵاتدار پەرەی بە دوو "داهێنەر"ی شەرمنانەی نوێی تر دا. سیستمی چاودێری کۆمەڵایەتی "وێڵفێر"
سیستمی بەخشین. لەسەر داوای ژن، گەڕان و گرتنی باوکی منداڵەکان ئەوە پرۆگرامێکە لە کاڵفۆرنیا، بردنەوەی پرۆگرامی (کاری بێ هەست) ئەوەش پرۆگرامی هێزی کار هەقدەستی کۆیلە، چاودێری کۆمەڵایەتی "وێڵفێر" و بێکارەکان.

لە کاڵفۆرنیا، ئۆهایۆ، نیڤادا و شوێن تری مەجلیسی تەشریعی ویلایەتەکانی تر.

لەشفرۆشی بە یاسایی کراوەتەوە، ئەوەش ئەڵترناتیڤێکی ترە بۆ دەست کەوتنی بژێوی ژیانی خێزانەکانیان. زیادکردنی هەڕەشەی فاشستی ڕەنگی دایەوە لە گەشەسەندنی ڕێکخراوی جۆری فاشیستی وەکو کوکلۆکس کلان، پارتی نازی، کەمپەینی بەرەوسەرەوە بۆ دیپۆرتی ئەو کرێکارانەی کە لە دەرەوە لە دایک بوونە، بە تایبەت بزووتنەوەی گۆشەگیری.

بزووتنەوەی گۆشەگیری هێرشی جەستەیی کردە سەر خێزانە کەمایەتییە ژنەکان، بەڵام ئەو بزووتنەوە فاشیستییە هەڕەشەبوو بۆ سەر تێکڕای ژنان. دەرکردنی کرێکاران و دوورخستنەوەیان بەربەستی سەرەکی بوو لە ڕیی بەرەوپێشەوەچوونی یەکێتی لە جەنگ بۆ کواڵتی فێربوون. دابین کردنی خانوو بۆ ژیانی ستاندارد. لە کاتێکدا ڕابەریکی فاشیستی وەکو بۆستن لویس دی هایکس بە شێوەیەکی تێکدەرانە، نوێنەرایەتی خۆی دەردەخست بۆ بەرژەوەندی کرێکارانی سپی پێست. هەڵوێستیان لە مافی دیموکراتی کەمایەتیەکان، دڵسۆزی خۆیان ئاشکراکرد بۆ مۆنۆپۆڵەکان کە سوودمەند بوون لە ڕەگەزپەرستی.

هایکس زۆر هەوڵی دا بە سەرسامبونی بە " ژنی سپی" "دایکی سپی" خەمی ڕاستی ئەو بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و تاوان و هەڵوەشانەوەی خێزان. هایکس هەوڵی دەدا تەرکیزکردنی تورەیی ژن دژی خەڵکی کەمایەتی لە جیاتی چینی دەسەڵاتدار کە بەرپرسە لە هەموو شت.

ئەوەیە هەڵوێستی هایکس و ئەوانی تری وەکو ئەو دژ بە چینی کرێکار کە بردیانەوە لە بازنەی حوکمرانیدا، نەتەوەی "پرۆمینانر" ی هێنا بۆیان " نەک ئەوەی کە پێی دەڵێن خەم" تێکۆشانی هەموو چینی چەوساوە بۆ مافە دیموکراتیەکانیان.

## **کۆتایی**

بزووتنەوەی ڕاستی بۆ ئازادی ژن بە پەلە گەشە دەکات. تەنها لە ساڵی ڕابوردودا بزووتنەوەیەکی فراوان درووست بوو بۆ ئازادبوونی "جوان لتڵ "ە هەروەها ئازاد کرا. بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە پەرەسەندنداببوو بۆ ئازادی "شرڵ تۆد" و "دەزی ئێکس" و "دس"، لە گەورەترین شارەکانەوە بۆ

بچوکترین شار لە جۆرجیا.
ڕێکخراوی سەرەکی لەم کەمپینەدا بەرەی یەکێتی ژنانی ڕەش پێست بوو لە ١٩٧٥ بۆخۆی پێشکەوتنێکی گەورەوگرنگ بوو. تەرکیزکردنی ئاگاداری بەسەر چەوسانەوەی سیانی ژنانی ڕەش پێست و هەوڵی بەرەوپێش چوونی ژنانی ڕەش وەکو پێشەوای جەنگاوەری چینی کرێکار و ئازادی ڕەش پێست و بزووتنەوەی ژنان.

دامەزراندنی شورای بەرگری نیشتمانی بە مانای ڕێکخراوکردن و ئامادەکردنی سەدان ژنی جەنگاوەر بوو بۆ ناو بزووتنەوەی بەرگری. هەروەها پەرەپێدانی بەرنامەی تێکۆشان کە ڕاستەوخۆ باسی ڕەگەزپەرستی دەکات دژ بە ژنان لە ناو کارگەکان ، کۆمیونیتێکان، وێلفەر و ریزەکانی بێکاری.

خاڵێکی تری پێشکەوتن ئەوە بوو کەوا خەباتکردن بەردەوام بوو لە ئیئتلافی یەکێتی ژنانی کرێکار لە لایەن ژنانی خەباتکارەوە دژ بە ڕەگەز پەرستی لە نێو کارگە و سەندیکاکاندا، وەداواکاری لە سەندیکا بۆ بەرێخستنی خۆپیشاندانی گەورە.

گرنگترینیان هەموو ڕۆژی ژنانی چاک زیاترو زیاتر پەیوەست دەبن بە درووستکردنی پارتی کۆمۆنیست لە نێوەندی ئۆکتۆبەر لیگ و ڕێکخراوی مارکسی لینینی تر. هەروەها ڕێکخراوی کۆمۆنیستی لاوان کە لەم دواییانەدا دۆزرایەوە.

ئەمساڵ و هەموو ساڵێکی دوای ئەوە ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان دەبێتە ئاهەنگی وەکو یادکردنەوەیەک بۆ ژنان و لایەنگرانی تر لە تێکۆشان دژ بە ئیمپریالیزم . ئەم جەژنە داوایە بۆ هەموو چینی کرێکارو خەڵکی پێشکەوتووخواز بۆ جەنگ دژ بە زوڵم و چەوسانەوە بە تایبەت ژنان. هەروەها ئاماژە بەوە دەکری لە لایەنی ئەم تێکۆشانانە کە چۆن چەوسانەوەی ژنان لە ناو سیسستمی ئیمپریالیزمدا ڕەگی داکوتاوە.

ڕێگەی پێشەوە داوای ڕێکخراوو یەکخستن ی زیاتری جەماوەی ژنان دەکات بەستنەوەی تێکۆشانیان لە نزیکەوە لە گەڵ چینی کرێکاردا چەوسانەوەی نەتەوایەتی و ئاپرووبردن و ئاشکراکردنی نهێنی ژنی زائف "داکۆکیکەر" لە نێوەندی سەرکردایەتی ڕاستی پارتی کۆمۆنیست هەروەها لە نێوەندی تاقیکردنەوەی خۆیانەوە لە بەرگریکردن. جیاوازی نێوان بزووتنەوەی ڕاستی ژنان. ئازادکردنی ژنان و پیاداچوونەوەو چاکسازی داوای شەرمنانە بۆ یەکسانی ڕوونترو ڕوونتر بوو بۆ خەڵک.

---

# بۆچی دیوانی شیعری شیرو هەنگوین م وەگێڕا؟ وێنەکانی ناو کتێبەکە چ پەیامێک دەگەیەنن؟

شاێر ڕەشید

Sept 18, 2018

دەربارەی وەرگێرانی کتێبی شیعری شیرو هەنگوین ی کچە کەنەدی بەئەسڵ هندی ڕوپی کۆر ئامانجم لەوەرگێرانی کتێبی شیرو هەنگوین ناساندنی کتێبەکەیە بە خوێنەری کورد لەکوردستان و لێرەش لەکەنەدا و ئەوروپاش منداڵەکانمان ئەم کتێبەیان بەدەستەوەیە و دەیخوێننەوە، بۆ دایک و باوکەکان نەزانن منالەکانیان خەریکی خوێندنەوەی چ جۆرە کتێبێکن بۆچی ئەم کتێبە بووە بە مودێل و زۆر باس دەکرێت و کڕیاری زۆرە، بابزانین باس لەچی دەکات.
من پروام بەوە نییە کە کتێبێک خەلاتی نۆبڵ و مان بوکەروخەڵاتی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی پێبدرێتو....پرفرۆشترین کتێب بێت لەبازاڕدا، ئیتر شایانی ئەوەیە بخوێندرێتەوەو ئەوە کتێبێکی باشەوخزمەت دەکات. چونکە ئەمانەش بەدەر نین لە کاری گەندەڵی. جاری وایە کتێبێک خەڵات وەردەگرێت یەک زەرەش خزمەت بە مرۆڤایەتی ناکات شتێك فێری خوێنەرناکات، تەنها کات کوشتن و مێشک گەندەڵ کردنە، بەبۆنەی ڕیکلامی درۆزنانەی میدیاکانەوە دەبێتە پرفرۆشترین کتێب و بەبۆنەی پاڕانەوەو گریان و خۆبچوککردنەوەو ڕاکێشانی بەزەیی دەزگاکان بۆخۆت و دڵپێسوتان و لەڕێگەی ناسیاوی واستەکردنەوە ئەم خەڵاتانە ئەگەری بەدەستهاتنی هەیە.

لەم وڵاتانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا کتێبێک بنوسە لەسەر ژن کوشتن و ستەمی سێکسی و لێدان لەژنان لەلایەن باوک وبراو مام و خاڵ و....هتد لەسەر هەژاری و ڕەش و ڕووتی و لەبرسا مردن .... باشترین خەڵات دەکرێیت
حوکمڕانەکانی دنیای ئەمریکاو ڕۆژئاوا زۆر دڵخۆش دەبن بەو هەواڵانە دەڵێن ئەها وڵاتی ئێمە چەند سەلامەتە وەرن سەیری کێشەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن خەڵک لە چ مەینەتییەکدا دەژین. کەواتە ئێوە ئەوکەسانەی لە وڵاتەکانی ئەمریکاو ئەوروپا ئەژین سوپاسگوزاربن و دەمتان داخەن و ڕازی بن بەوەی کە هەیەو هەتانە. باسی مانگرتن وخۆپێشاندان مەکەن، لەوەزیاتر چیتیان دەوێ.

هەمیشە میدیاکان وڵاتی سودان و سۆماڵ و ئەریتیریا و... نیشانی خەڵکی دەدەن، ئەو منالانە نیشان دەدەن کە لەبرسا پێستیان بەسەر ئێسکیانەوە وشک بووەتەوەو مێش تێیان ئالاوەو چڵکن و تەپ وتۆزاوی و ڕوو قوت وپێپەتین و فرمێسک بە چاووەکانیاندا دێتەخوارەوە.

کتێبی شیرو هەنگوین و وێنەکانی ناوی شیعرو وێنەی ئیرۆتیک و سێکس نین، بە پێچەوانەوە باسی ئەو مەینەتییانە دەکات کە لەڕووی توندوتیژی سێکسسیەوە ڕووبەڕووی ژن دەبێتەوە، باسی ئەو دیاردانە دەکات کە ژن والێدەکات شەرم بکات لەو حاڵەتانەی بەسەر ژنێتییاندا دێت، جەستە جەستەی ژن خۆیەتی زانیارییەکی دەربارەی نییە. ئێ خۆ ئەو وێنانەی لەناو کتێبەکانی زانیاری و زیندەوەرزانیش هەن وێنەی ڕەحم و ئەندامی زاووزێ و مەمک و چۆنیەتی شیردان وێنەی ئیرۆتیک نین. ئەم جۆرە شیعرو وێنانە بوونیان نییە لەناو خەڵکدا بۆیە سەیرە لەناوخەڵکدا چۆن کتێبی واهەیە، ئەی چۆن وەردەگێردرێت بۆ بۆسەرزمانی کوردی.

خۆ ئەم وڵاتانەش پڕە لەدواکەوتووی بەبۆنەی هەبوونی خەڵکی دواکەوتوو پیادەکردنی هەمان کلتورو سیستمی دواکەوتوی وڵاتی خۆی و ناو خێزانی خۆی. لەم وڵاتانە بە هەزاران ژنە مامۆستای لەچک بەسەر هەیە ئەو کلتورە دواکەوتووەی کەلەژێر لەچکەکەیەتی پێشکەش بە قوتابیان دەکات، لەژێر ناوی وڵاتی فرە کلتوری و ڕێزگرتنی کلتوری جیاجیاو ڕێزی هەموو ئاینێک کەس بۆی نییە بڵێ ئەمە هەڵەیە، کەسیش خۆی ناخاتە ژێر ئەو بەرپرسیارییەوە چونکە دەنگیان لەدەست دەچێت.
چەندین ساڵە هەوڵ دەدرێت بۆ ئەوەی مەنهەجی خوێندنی تەندروستی کەمێک گۆڕانی بەسەرداببێت، کەمێ باسی ڕوونتری تیابێت بۆ قوتابیان و وەڵامی پرسیارەکانی مێشکیان بە تەواوی بداتەوە کە سەریان لێیی سورماوە، کەمێ بە وێنەی زیاترو ڕوونتر نیشانی مناڵی بدات کە چۆن مناڵ دروست دەبێت و چۆن دێتە بەرهەم، دوای چەند ساڵ هەوڵ و کۆبوونەوەو قسەوباس لەسەری توانرا مەنهەجێکی ڕێک دابنرێت بۆ مناڵان، بەڵام دایک وباوکانی وڵاتە موسڵمانەکانی وەکو سۆماڵ وسودان و ئەریتیریا و کەمبۆدیاو چین و ... هەموو مانیان گرت کە ئەو مەنهەجە لابرێت.
هەرچی مامۆستای لەچک بەسەر هەیە مانیانگرت کەلە پۆلدا ئەو وانەیە نەگوترێتەوە، وتیان ئێمە ئامادەنین وانەی لەم جۆرە بەمناڵان بڵێینەوە. سەرەڕای ئەو هەموو مانگرتنە مەنهەجەکە ئامادە بوو کتێبەکە چاپکرا بەڵام
وەزیری کەنەدا Ford Doug **دەگ فۆرد** ی گەمژە ڕەتی کردەوە، بەو ڕەتکردنەوەیە هەزاران دەنگ دەباتەوە، بۆ ئەو دەنگ گرنگە نەک پێشکەوتنی  کۆمەڵگە، بۆ ئەو کۆمەڵگە چەند گەمژەبێ نانی ئەو لە زیاد بووندا دەبێ و پێگەی ئەو بەرزتر دەبێتەوە.

بۆمن ئەم کتێبە بەشێکی گرنگی تێدایە کە شەرم لەجەستەی خۆت نەکەیت خۆت بەکەم نەزانیت لە حاڵەتەکانی ناشیرینی جەستەو ناڕێکی لەش و لارو لەوەی کە جەستیەکی توکنت هەبێ یان لوتێکی زل و قولابیت هەبێ، شەرمنەکەیت ئەگەر جەستەیەکی سپیت نییە، شەرم نەکەیت لەوەی ئەگەر لەشوێنێکی گشتیدا سوری مانگانەت لەناکاو دەستیپێکردو بوو بەهۆی پیسبوونی جلەکانت.

ئەم کتێبە ناڵێ یرۆ جەستەی خۆت ڕووت بکەوەو نیشانی خەڵکی بدە، بەپێچەوانەوە دەڵێ پێت خۆشە چۆن بیت بەوجۆرەبە،
شاعیر لەکتێبی "شیرو هەنگوین" باسی ئەزمونی ستەمی سێکسی خۆی و دایکی وژنانی دەوروبەری خۆی دەکات کە سەدە دوای سەدە دووبارە بووەتەوە لە هەموو دنیادا و بەتایبەت لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
دەڵێت لەگەڵ ئەوکەسە درێژە بەژیان بدە کە خۆشی دەوێیت، ئەگەر ئەو خۆشەویستییە بوونی نەما، باشترە جیابیتەوە، داپڕان باشترین چارەسەرە، بۆخۆتان بخەڵەتێنن یەکترتان خۆش نەوێت وایدەرخەن کە یەکترتان خۆش دەوێت.

بەڕای من بێشەرمیش شتێکی ئاسایی نییە، کەشەرم لەهیچ نەکرێت، زۆر شت هەیە جێگەی شەرم و شەرمەزارییە بەشێوەیەکی گشتی و لە زۆر ڕووەوە.
نیشاندانی هەندێ شوێن لەجەستەی ژن وپیاو جێگەی شەرمەزارییە و کارێکی قێزەونە.
چەپڵەلێدان بۆ ڕژمێکی فاشست و سەرکوتکەر، نمایشکردنی سفرەیەکی پرخواردن لە فەیسبوک وتۆرەکۆمەڵایەتییەکان
بەدەستەوەگرتنی ساندویچێک و قەپ لێدانی لەبەردەم مناڵ و گەورەی برسی، نمایشکردنی ئاڵتون و بەجامخانەکردنی جەستەت. پاڕانەوەو ماستاوکردن و مەرایی بۆ کەسانی تر.

---

# پێشکەشە بەژنانی ئازادیخوازو پێشکەوتنخواز

شلێر ڕەشید
٨ی مارچ ٢٠١٩

٨ی مارس ڕۆژی ڕزگاربوونە لەچەوسانەوەو بەشمەینەتی، ڕۆژی ڕژانە سەرشەقامە، بۆبەدیهێنانی داخوازییە ڕەواو پێشێلکراوەکانی ژنان، ڕۆژی تەقینەوەیە بەڕووی سەرمایەداری مشەخۆرا، هاوارە بەڕووی چەوسێنەراندا، ڕۆژی نایە بەڕووی نوێنەرانی یاساکانی سەرووی ئینسانا، ڕۆژی هاوپشتی ژنانی زەحمەتکێش و بەشمەینەتە.

لەڕۆژی ٨ی مارسی ١٩٠٨ زیاترلە پانزەهەزار ژنی زەحمەتکێش وبەشمەینەتی کارگەی چنینی (نیویۆرک) ڕژانە سەر شەقام و خۆپێشاندانێکی مەزن وپرشکۆیان بەڕێکرد، بۆبەدەستهێانی دنیایەکی باشتر تێکۆشان. داواکانیان کرد بە تۆپەڵێک خوێن و دایان بەناوچاوانی سەرمایەداراناو تۆماری مێژوویانکرد.

لەم ڕۆژەدا ژنان داوای زیادکردنی هەقدەستی کارو پشوودانیانکرد، داوای قەدەغەکردنی کاری منداڵان و ژنانی دووگیانیان کرد. هەرلەم ڕۆژەشدا دروشمی (نان وگوڵ")یان بەرزکردەوە. بەڕێکخراوبوون و هاوپەیمانییان لەگەڵ یەکتر توانییان ٨ی مارس بەرەسمی بەڕۆژی جیهانی ژن بناسێنن.

بەرزوبەڕێز بێت ڕۆژی پرشـکۆی ژنانی ئازادیخوازو پێشـکەوتنخواز

Words by James Oppenheim (1912), music by John Denver

گورانییەک پێشـکەش بەژنان /لەئینگلیزییەوە شـلێر ڕەشـید

# نان و گوڵ

دەڕۆین و ڕێدەکەین ڕێدەکەین
لەناو جوانیی ڕۆژدا
ملیۆنێک چێشـتخانە ڕەش بووەوە
هەزاران بنمیچی کارگە بۆربووەوە
دەسـتمان لەهەموو تێشـکەکان دا
کە هەتاو نهێنییانی درکاند
بۆ ئەوکەسـانەی کە گوێ لە گۆرانییەکانمان دەگرن
نان و گوڵ، نان و گوڵ

دەڕۆین و ڕێدەکەین ڕێدەکەین
ئێمە شـەڕ بۆ پیاوەکانیش دەکەین
دیسـانەوە دەیێنەوە بەدایکیان
نابێ ژیانمان کۆتایی شـیرینیی بێت
لەکاتی لەدایکبونەوە تاکو کۆتایی ژیان
دڵەکان و جەسـەتەکان برسـی بن

نانمان دەوێ بەڵام گوڵیشـمان دەوێت
دەڕۆین و ڕێدەکەین، ڕێدەکەین
بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆژانێکی باشـتر
ڕاپەڕینی  ژنان، واتە ڕاپەڕین بۆ پێشـبڕکێ
بەسـە کاری تاقەتپروکێن و بێکاریی
دەجار شـەکەتی یەکجار پشـوودان
بەڵام بەشـدار دەبێن بۆ شـکۆداربوونی ژیان
نان وگوڵ، نان و گوڵ

https://en.wikipedia.org/wiki/Bread_and_Roses

کوڕە بیجامە خەتخەتەکە

ڕۆمانی جۆن بۆین

وەرگێرانی لە زمانی ئینگلیزییەوە شلێر ڕەشید

خوێندنەوەی ئەم پەرتوکە گەشتێکت پێ دەکات لەگەڵ منالێکی نۆ ساڵاندا، کوڕێکی لاوازو بچوک، بچوکتر لە تەمەنی خۆی بەناوی "برونۆ" وە. برونۆ هەمیشە حەزی بەگەڕان و لێکۆڵینەوە بوو، دەیویست لاسایی گەڕیدەکان بکاتەوە، خەونی ئەوە بوو لە داهاتوودا ببێ بە گەڕیدەیەکی وەکو کرستفر کۆلۆمبس. باوکی لەرێزی سەربازیدا کاری دەکرد لە ئەڵمانیا /بەرلین .دوای ئەوەی کە پلەی سەربازیتی بەرز کرایەوە بۆ گەورە ئەفسەر کاری قەلاچۆکردنی جولەکەکانی پێ سپێررا. هەر بۆ ئەو مەبەستە دەبوو ماڵیان بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێک بەدووری چەندەها میل دوورتر لەشوێنی پێشویان . بۆلای کەمپی قڕکردنی جولەکەکان بۆ ناوچەیەک بەناوی "پێکەوە بۆ دەرەوە".

دوای ئەوەی برونۆی نۆساڵان لەگەڵ خێزانەکەیدا کۆچ دەکەن بۆ ناوچەی"پێکەوە بۆ دەرەوە" زۆر بێزار دەبێ چونکە لە کەمپی جولەکەکان و ماڵی ئەوان زیاتر یەک ماڵی تر لەو شوێنە نەبوو، قوتابخانەی لێ نەبوو. هاوڕێی نەبوو.تەنها ماڵی خۆیانی دەبینی و هیچی تر.

ڕۆژێکیان لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد کەمپەکەی بەرچاوکەوت. بڕیاری دا بەدزییەوە بچێ لەنزیکەوە کەمپەکە ببینێ. کە گەیشتەلای تەلبەندی کەمپەکە چاوی بە کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی کەوت بەناوی "شمۆڵ". کە لەیەکتریان پرسی ناویان چییە، ناوی هەردووکیان نامۆ بوو بە یەکتر.

شمۆڵ وتی هەرگیز ئەم ناوەم نەبیستووە، برونۆ وتی خۆشم نەمبیستووە لەوانەیە هەر من ناوم برونۆ بێ.

برونۆ وتی منیش ناوی وەکو ناوی تۆم هەرگیز نەبیستووە، شمۆڵ وتی لەم کەمپەدا بەهەزاران کەس ناویان "شمۆڵ" ە ، خۆزگە منیش وەکو تۆ کەس ناوەکەمی نەبوایە.

برونۆ ڕۆژی لەدایک بوونی خۆی بە شمۆڵ وت، دوایی لێی پرسی ئەی تۆ ڕۆژی لەدایک بونت کەیە، دەرکەوت هەمان ساڵ و مانگ ورۆژی لەدایک بوونیان هەبوو.

ئەو بوو کوڕە نۆ ساڵانە هەموو ئێوارەیەک یەکتریان دەبینی، برونۆ دەهات بۆ لای و زۆر حەزی دەکرد بزانێ لەودیو تەلبەندەکەوە لە دیوی شمۆڵ چی هەیە.

دوای ئەوەی ڕۆژێکیان باوکی برونۆ دەبینێ لەپەنجەرەی ژوورەکەی برونۆوە کەمپەکە دیارە، بڕیار دەدا ژن و منداڵەکانی بنێرێتەوە بۆ ماڵە کۆنەکەیان.

برونۆ بە شمۆڵ دەڵێ بێم بۆ دواجار ماڵئاواییت لێ دەکەم، داوا لە شمۆڵ دەکات کە بیجامەی خەت خەتی بۆ بهێنێ لەبەری بکاو بچێتە ژوورەوە بزانێ لەودیو تەلبەندەکەوە چی هەیە. دوو سێ هەفتەش پێشتر برونۆ گەنە لەسەری دابوو، دەبوو سەری سفر بکا. کە سەری سفر کرد لەگەڵ شمۆڵ شێوەیان لە یەک دەچوو. کە جلەکانیشی لەبەر کرد ئیتر هەر نەدەناسرایەوە.

کە دەچنە ژوورەوە کەمێ دەڕۆن دەنگی ئاگادار کەرەوەکە دێ بۆ بەندییەکانی کەمپەکە کە ڕێ بکەن و بڕۆن بەرەو ژوورێکی گەورە، لەوێ دەبوو جلەکانیان پێ داکەنن و بە ڕووتی بیبان نێرنە ژوورەوە گوایە گەرماوەو دەبێ خۆیان بشۆن، لەوێ گازیان بۆ بەردەدەنەوەو هەر هەموویان دەخنکێن. برونۆو شمۆلیش دەست لەناو دەست بەیەکەوە کۆتایی بە ژیانیان دێ، چارەنوسی دوو هاوڕێی بێ تاوان یەکێکیان نازی و ئەوی تر جولەکە لەیەک ڕۆژدا لەدایک بوون و لەیەک ڕۆژیشدا بەیەکەوە بێ ماڵئاوایی ژیانیان جێ هێشت.

( لەوانەیە تەلبەندەکان جیامان بکاتەوە بەڵام هیواکان یەکمان دەخاتەوە.)*

* وتەی ناوکەوانەکە لە بەرگی پشت کتێبەکە نووسراوە

# ژێرییەڵ

## لە نوسینی سڵڤیا پڵات

مت بوون لە تاریکی

پاشان ناتەریب بوونێکی شین و
ڕۆچوونە ناو ڕەهەندەکانەوە.

شێرەمێی خودا
چۆن کەسێک گەورە دەبێت
لەسەر ئەژنۆ بەناو دێراوەکاندا دەچەمێتەوە.

خوشک، درزی کردو تێپەڕی
بەرەوکەوانەی قاوەیی
ناتوانم لەملەوە بیگرم.
چاوی کۆیلەیەک
وەک  قولاب
گیردەبێت لە دەنکە تووەکان.

ڕەشێکی خوێن شیرینی پربەدەم،
سێبەرە.
یان شتێکی تر.

بە هەوادا ڕامدەکێشێ
قژو، ڕانەکانم
شەق، شەق بوونی پاژنەکانم.

گۆدیڤای سپی
من جیاوازی ناکەم
لە نێوان دەستە مردووەکان و توندو تیژی.

من ئێستا
کەفی گەنمم، بریسکەی دەریام

هاواری منالْ.

له دیوارا دەتوێنەوە.

من

من تیرم.

شەونم کە پەرش دەبێت

خۆ کوشتنە بەرەو سووربوون دەڕوات

چاو، مەنجەڵی سەرئاگردانی بەیانیانە.

---

## شیکردنەوەی کورتە شیعری **"ئێرییەڵ"** ی **سڵڤیا پڵات** لەلایەن **"ولیەم ڤی دەیڤس"** ەوە

شیعری "ئێرییەڵ" وێنای ژنێکی ئەسپسواری ناو لادێیەک دەکات، شیعرەکە بەبزاوتنێکی تەواو لەتاریکیدا دەست پێدەکات، کاتێک ئەسپسوارەکە لەسەر ئەسپەکەی چاوەڕێیە. لەپڕ گۆڕانێکی نا ئاسایی ڕوودەدات. ڕەنگی شینی بەرزاییەکان ومەوداکان دەگۆڕێن، ئەسپسوارەکە "شێرە مێینەی خودایە" هەست دەکات بۆتە بەشێک لە ئەسپەکەی و پەیوەندییەکی تووند لێکیان دەئاڵێنێ لە ڕێی پاژنەو ئەژنۆکانەوە. دێراوەکان شەق دەبن لە بەر تیژڕەوی و غاردانی ئەسپەکەی ولە پشتیەوە بزردەبن، هێشتا دوورەدەستە لەملی ئەسپەکەی و ناتوانێت ملە ڕەنگ قاوەییەکەی بگرێت.
کاتێک کە ئەسپەکە لێدەخورێت، چیرۆکخوان تەماشای دەنکە تووە ڕەشەکان دەکات چۆن سێبەرێکی ڕەش درووست دەکەن. شتێکی تریش کە سەرنجی ڕادەکێشێ پەرش بوونی قژی بە هەوادا و توونودتۆڵی ڕان و پاژنەکانی لەکاتی تیژ تێپەڕین ولێخوریندا.
سڵڤیا لێرەدا خۆی دەچوێنێت بە "**گۆدیڤا**"ی خانم کە بەڕووتی سواری ئەسپەکەی بووە.
لە نێوەندی لێخوریندا دەتوانێت بەبێ بەربەست لە "دەستی مردوو، جوڵەی مردوو دەرچێت ودەربازبێت ، ئەو خۆی وەکو کەفی سەرگەنم، وەکو ڕووناکییەکی پرشنگداری سەر ئۆقیانوس دەبینێت.

هاواری منالێک ئاشکرا دەکات، لەودیوی دیوارەوە، بەلام پشتگوێی دەخات. ئێستا ئەسپسوار تیرێکی بەهێزو تیژڕەوە، هەروەها شەونمەو "خۆکوژی دەکات"
ئەو بووە بە هەردووکیان....ئەسپەکەو سوارەکە، پاڵ بەخۆیانەوە دەنێت بۆپێشەوە بەرەو ئاسۆ، کە وەک دونیایەکی چاو سووری بەهێز وێنای دەکات.

# شیکردنەوە

ژنێک لەتاریک ورووونی بەیانیدا ئەسپەکەی بەناو لادێکەدا لێدەخورێت. لەوسەردەمەدا لە ١٩٦٥ ڕووبەڕووی ڕەخنەو پیاهەڵدانش دەبێتەوە.
بەیەکێک لە دەستکەوتە شیعرییە غامزەکان دەژمێردرێت. لەوە زیاتر ئاشکرادەکات کەلە تاریک و ڕوونی بەیانیدا ئەسپسواری بکرێت، بۆ بەسەر بردنی پشووی ڕۆژانە.
دەبێت لەشیعرەکەدا تێبینی ئەوەی کردبێت کە ناونیشانی "**ئێرییەڵ**" ی هەڵبژاردووەو هێناویەتی، دوای ئەوەی کە ناونیشانی "**بابە**" ی ڕەتکردەوە. شیعرەکەی خۆی و وێناسەنتراڵییەکەی خۆی ڕێکدەبێتە نێوەندی بەکارهێنانی وێنایەکی پرشنگدارو زرنگانەوەی سۆزێکی زیندوو. سەرچاوەی سۆزی مێژوویی و ئاماژەی مێژووی ونوسراو، بزاوتی هەستی تەنگەنەفەسی.
ڕەخنەگرەکان لەبارەی شیعرەکەوە دەکەونە گفتوگۆوە، وەکو ئەوەی کە کۆمەڵێک بابەتی جیاوازبێت، لەوانە داهێنانی شیعری سێکسواڵتی، یەهودییەت، ڕوحانییەت، خۆکوژی ومردن گەیشتن بەخود، بەدەستهێنانی خود، سۆفیگەری و دەستپێکردن.

ناوی"**ئێرییەڵ**" ئاماژەیە بۆ سێ شتی جیاواز، ئەسپەکەی **سڵڤیا** یان خۆی کە حەزی لە ئەسپسواری بوو.
ڕوحی ئاندرۆجنەس : نێرەموک Androgynous
**ئێرییەڵ** لە نمایشی The tempest "ڕەشەبا"ی شەیکسپیر لەچەرخی کۆندا.
ئەو ڕەخنەگرانەی کە گفتوگۆ لەسەر شانۆگەرییەکەی **شەیکسپیر** دەکەن، مەیلی خوێندنەوەی شیعرەکەیان هەیە بۆ داهێانی شیعری.
"**ئێرییەڵ**" ئەو هێزە لە**شەیکسپیر**دا بەرجەستە دەکات، لەوانەشە بتوانێت مەجازییەت پێک بهێنێت.
بۆ نوسینی شیعر، شاعیر لە تاریکییەوە دەستپێدەکات، بەڵام ، دوای ئەوە دەگۆڕێت بۆ یەکێک لەکۆنترۆڵ و هێز. **سوزان ڤان دین** ی ڕەخنەگر تێبینی ئەوە دەکات، وەرچەرخانی خودی شاعیر لەناوەڕاستی شیعردا ئەوەیە ڕستەی تەواو مانیفیست دەکات. دەبیت بە نێرومێ، ئەسپ و سوار، شاعیروداهێنان، تیرو ئامانج، ئەو تەنها دیلی بزاوتی داهێنان نییە، بەڵکو ئەلتەرناتیڤیشە.
لەپەیوەند بە پێناسێکی تەوراتیی بۆئۆرشەلیم، گومانی تێدا نییە بەرهەمی ئەفسونی **سڵڤیا پڵات** ە وەکو
"شێری خوایی" لەعیبریدا، **سڵڤیا پڵات** لە دێری چوارەمدا وەکو خوای شێرەکان خۆی پێناس دەکات، ڕەخنەگرەکان لەشیعرەکانیدا تێبینی دووبارەبوونەوەی ئایدیایان کردووە. ئەسپی بەستووەتەوە بە سۆفیگەری دینییەوە.
لەوە دەچێت ئەسپسواری ڕێگەیەک بێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، **ولیەم ڤی دەیفس** بەوجۆرە **سڵڤیا پڵات** دەبینێت کە ئارەزووی گەیشتنی بەو ئەزمونە تایبەتەی سۆفیگەری هەیە،

**ولیەم ڤی دەیفس** وایدادەنێت بێئەزمونییە بۆ خوێنەر سەرەوای دوا دێر کە "چاو مەنجەڵی سەر ئاگردانی بەیانیان"ە.
بەستنەوەی چالاکی خودییە بە ئەسپسوارییەوە، بەڵگەی هاوبەش بۆ ڕەچەڵەکی عیبری وئازارەکانیان و مەنجەڵی سەر ئاگردان، ڕێگەیەکە بۆ ئاوێزانبوونی هەموو توخمەکان پێکەوە بۆناو بۆتەی هەست.

**سلڤیا پلات** مەبەستی نەبوو بۆدانیشتوانی ئۆرشەلیم خۆی ئاشکرابکات، بەڵام وەکو وابەستەبوونێک لەڕێگەی هێزی سەروەری ئاماژەیەک بوو بۆ **گۆدیڤا** لەبابەتی نێرۆمێدا لەسەدەی یانزەدا لە چیرۆکی خەیاڵی **ئەنجلۆ ساکسونی**.

**گۆدیڤا**ی ژنی پاشای ئینگلیز بەڕووتی بەسەر شەقامەکانی شاری کەڤنتری لە ئینگلەند ئەسپسواریکرد ، لەپێناو لابردنی ئەو زەریبە Tax زۆرەی کە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە خرابووە سەر خەڵکی هەژاری ئەوشارە. هەستی بە بێزاری دەکرد، بەردەوامبوو لە داواکردنی لابردنی زەریبە، لەکۆتاییدا پاشا وتی ئەگەر تۆ بتوانیت بەڕووتی و بەسەر ئەسپەکەتەوە بەناو شاردا بسوڕێیتەوە، ئەوکاتە منیش دەتوانم ئەو زەریبەیە لابەم، **گۆدیڤا** ڕازیبوو وابکات، واشیکرد. خەڵکی شارەکە ئەوڕۆژە نەهاتنە دەرەوە وەکو ڕێزلێنانێک، بۆ ئەوەی **گۆدیڤا** هەست بە شەرمەزاری جەستەی ڕووتی خۆی نەکات.
بەوجۆرە زەریبە لەسەر خەڵکی هەژاری ئەوشارە لابرا.
وەکو ئاشکرایە **سلڤیا پلات** مێینەیەک بووە لەسەر پشتی ئەسپێک کە نێر بووە.
لەکاتێکدا گریانی منالەکە پشتگوێ دەخات، ڕەتی دەکاتەوە وەکو ژنێکی ترادسیۆن ڕۆلی چاودێریکەر ببینێت.
**"ئێرییەڵ"** ەکەی شەیکسپیر کەسێکی نێرەموک ە: Androgynous
"**ئێرییەڵ**" ەکەی سلڤیا پلات پەردەلادانێکە لەسەر ژنبونی شاعیر، کە چۆن شاعیری ژن تووڕەبوونێکی داهێنانی شیعری لەناخیدایە، دوای ئەوە ئیتر ئەو ژن نییە، بەڵکو جەندەرەکەی نێرەموک ە. ئەو ئامانجی ئەوە نییە کە پیاو لەناو ببرێت، بەڵکو لەجیاتی ئەوە دەیەوێت جەندەر دیار نەکرێت.

لەکۆتاییداو لەگفتوگۆیەکی ڕەخنەگرانەدا **مارجری پێرلۆف** Marjorie Perloff دەربارەی ڕوحانییەت، سپیرەتیزم ,spiritism ئانەمزم: animism و ڕاڕاییە، **سلڤیا پلات** بەنوێنەری جۆری شیعری وجودی : ecstatic زیندوو دەژمێرێت کە تەرکیز دەکاتە سەر خود: self خۆی لادەدات لەبابەتی گێڕانەوە: narrative objectivity
**سلڤییا پلات** لەگەڵ مەملەکەتی ئاژەڵ خۆی دەناسێنێت بۆ ئەوەی گوزارش لەخۆی بکات. وەکو ئەوەی کە ساردو بێ ژیان بێت. بە هیوای ئەوە بووە کە ناسنامەی مرۆڤبوونی ون بکات و لەگەڵ هەستی ئاژەڵاندابێت.

**مارجری پیرلۆف** یش ئەم دەستەواژەیە دەخاتە سەر قسەکانی "ژیان لەوپەڕی هێزیدا دەمرێت، بەڵام مردن شتێکی خوازراوەو خواستنێکە. "خۆکوشتن:Suicidal وەرچەرخانێکی کتوپڕە بەرەو هەتاو/چاو "لەناو خۆری بەیانیدا نەک تەنها توندوتیژی بەڵکوسەڵماندنی خود ووروح ە .خۆکوشتن وەرگرتنەوەی ژیانی هاوبەشی ڕۆژانەیە بۆ ژیانی تاک وخود. دەتوانرێت ئەم لێکدانەوەیە ببەسترێتەوە بە لێکدانەوەی فمنستی و داهێنانەوە.

دوائامانجی سلڤییا پلات پەیوەستکردنی دڵخۆشییەکی کاتی و هەڵسوکەوتێکی نامۆیە، کۆتایی ئاشکراکردنی هەڵسوکەوتی تایبەتی وئارەزووەکانیەتی.

---

پەراوێز

---

**ئێرییەڵ:** ناوی ئەسپەکەی سڵڤیا پلات ە، هەروەها ناوی کتێبێکی شیعرییەتی، کۆمەڵێک شیعری نایاب لەخۆ دەگرێت، یەکێکە لە کتێبە شیعرییە بەناوبانگەکانی ژنان لەئەمریکا، بە ڕامانێکی قوڵ و خودیی بەراورد بە دیمەن و غموزییەت ناسراوە،
دوای ئەوەی کە سڵڤیا خۆی دەکوژێت ئەم بەرهەمە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بڵاو دەکرێتەوە.

**گۆدیڤا:** گۆدیڤای ژنی پاشای ئینگلیز بەڕووتی ئەسپسواریکرد بەسەر شەقامەکانی شاری کەڤنتری لە ئینگلەند لەپێناو ڕزگارکردنی هەژاران لەژێر باری زەریبەیەکی قورس کە پاشا سەپاندبووی بەسەریاندا.----

**بابە:** ناونیشانی شیعرێکی سڵڤیا پلات ە.

سەرچاوە

---

https://www.poetryfoundation.org/poems/49001/ariel

https://www.gradesaver.com/sylvia-plath-poems/study-guide/summary-ariel

# بابە

نایکەی نایکەی
لەوەزیاتر، پێڵاوی ڕەش
وەکو پێ ژیام
سی ساڵ داماوو ڕەنگ زەرد
نەموێراوە هەناسە بدەم، یاخود بپژمم

بابە دەبوو بتکوژم
پێش ئەوەی کاتم هەبێ، مردی
جانتایەک پڕ لەخوا
قورس وەکو مەڕمەڕ
پەیکەرێکی ترسناک و تۆقێنەرو گەورە

پەنجەیەکی پێت خۆڵەمێشی
گەورەو چەسپاوبوو وەکو "فرسکۆ سیڵ[13]

سەرت بۆناو ئۆقیانوسی نامۆ
لەوێ سەوزی بەسەردا ڕژا، وەکو لۆبیا بە بەسەر شیندا
نزیک لە ئاوەکانی نەوزت[14] ی جوان
دەپاڕامەوە بۆ ئەوەی تۆ بێیتەوە

بەزمانی ئەڵمانی، لەشارێکی پۆڵەند
بە زرێپۆش پان کرابووەوە
ئامێرەکان شەڕ، شەڕ، شەڕ
بەڵام ناوی شارەکە ناوێکی باوە
هاورێیەکی پۆڵەندیم
دەڵێت

دەرزەنێک یان دووان
نەمتوانی پێت بڵێم لەکوێ
پێت،ڕەگت دانێ
هەرگیز نەمتوانی لەگەڵت بدوێم
زمانم گیر دەبوو لەنێوان شەویلاگەم

بەند دەبوو لەناو دڕکەزی
من، من، من، من
نامتوانی بدوێم
وامدەزانی هەموو ئەڵمانییەکان تۆن و
زمانەکەش ئایرووبەرە

ئامێرێک، ئامێرێک
دەنگێکی نەشاز

---

[13] **فرسکۆ سیڵ**: a Frisco seal ئاماژەیە بۆ پەیکەری پیاوێکی ترسناک لە فرانسیسکۆ کە پەنجەیەکی پێی خۆڵەمێشییە، بۆهۆی نەخۆشییەکەوە.

[14] **- نەوزت** Nauset : ڕووبارێکە لە ئەمریکا

جولەکەیەک دەبەن بۆ داکاو ، بێلْسن، ئاوشڤیتز[15]
وەکو جولەکە دەستم بە گفتوگۆکرد
لەوپروایەدام، لەوانەیە جولەکەبم
وابزانم جولەکەم

بەفری ترۆڵ"[16]م
بیرەیەکی ڕوونی ڤییەنام
ڕاستی نییە و زۆر پاک نییە
لەگەڵ باووباپیرە قەرەجەکانم و بەختە سەیرەکەم
کارتەکانی بەختم، کارتەکانی بەختم
بەپێی ئەو کارتانەبێ بەشێکم لە جولەکە

هەمیشە لێت ترساوم
لەبەرقسەی بێمانا
سمێڵە ڕێکەکەت
چاوە ئارییەکانت شینی درەوشاوە بوون
پیاوی زرێپۆش، پیاوی زرێپۆش، تۆی
خوا نەبوو، بەڵکو "سوەستیکا"[17] یەک

زۆر ڕەش بوو
ئەوەنە ڕەش بوو هیچ ئاسمانێک نەیدەبینی
هەموو ژنێک حەزی لە فاشستێکە
وەحشییانە، پوتەکە بۆسەر دەموچاوی
دڵێکی وەحش وەکو دڵی تۆ

لەناو ئەو وێنەیەت کە لە لامە
لای تەختە ڕەشەکە وەستاوی
چاڵەکەی چەناگەت لەجیاتی پێت
لە شەیتان کەمترنیت، نا نا
ئەگەر کەمتربوویتایە ڕەشەکە

---

[15] - **ئاوشڤیتز:** Auschwitz کەمپی جولەکەکان بوو، لەخواروی پۆڵەند، سێ کەمپ بوو لەناو یەک بەندیخانەدا، بەندییەکان کرێکاری کۆیلەبوون، لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەم، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ڕۆمانی "کوڕە بیجامە خەتخەتەکە" جۆن بۆین، وەرگێڕانی شلێر ڕەشید.

[16] - **Tyrol** ترۆڵ ویلایەتێکی فیدراڵییە لە خۆرئاوای نەمسا

[17] - سوەستیکا swastika--هێماکەی هیتلەرە 

دڵە سورو جوانەکەمت دوولەتکرد کە گازت لێگرت
دەساڵان بووم کە تۆیان ناشت
بیست ساڵان بووم، هەوڵمدا بمرم
بۆ ئەوەی بگەڕیمەوە، بگەڕیمەوە، بگەڕیمەوە،لات
وامزانی تەنانەت ئێسکەکانیش وادەکەن


لەناو گوشێک
منیان بە سەمغ پێکەوە لکاند
دوایی زانیم دەبێ چیبکەم
نمونەیەکی وەکو تۆم دروستکرد
پیاوێک ڕەشی پۆشیبوو لە "ماین کامپف"[18] دەچوو

خۆشەویستی "تەختەو بورغو"[19] ی سزادان
وتم وادەکەم، وادەکەم
کەواتە بابە، کۆتاییم پێهات
تەلەفۆنە ڕەشەکە لە ڕەگەوە کوژاوەتەوە
دەنگەکان ناتوانن وەکو کرم بەناو تەلەفۆنەکەدا تێپەڕن

ئەگەر پیاوێکم کوشت، ئەوە دووم کوشتووە
خوێنمژەکە وتی من ئەوم
ساڵێک خوێنمی خواردەوە
حەوت ساڵ ئەگەر دەتەوێ بزانیت
بابە، ئێستا دەتوانیت پاڵکەویت

لەناو دڵە قەڵەوو ڕەشەکەت
دارێکی نوک تیژ هەیە

---

[18] - Meinkampfماین کامپف : واتە تێکۆشآن،ناوی کتێبەکەی هیتلەرە، -- 


[19] - **"تەختەو بورغو" ی سزادان** rack and the screw ئامێرێک بووە بۆ سزادان بریتیە لە تەختەیەکی لاکێشەیەی، دوو خولخولۆکە لەمسەرو ئەوسەرییەوەیە، قوربانییەکەی لەسەر دادەنێن و هەردوو دەستی بە پەتی بەخولخولۆکەکەوە دەبەسترێ، خولخولۆکەکە دەسوڕێنن ، پەتەکە قۆڵ و باڵی یان ناوقەدی قوربانییەکە لە ڕیشەوە دەردەهێنێت.



خەڵکی لادێکە هەرگیز خۆشیان نەدەویستی
هەموویان سەما دەکەن و سەرت پان دەکەنەوە
ئەوان لەسەرەتاوە دەیانزانی تۆ بووی
بابە، بابە تۆ زۆڵی
من تەواو.

---

https://www.poetryfoundation.org/poems/48999/daddy-56d22aafa45b2

شیکردنەوەی شیعری "بابە" ی **سلڤیا پڵات** لەلایەن **ڕۆبەرت فلس** ەوە Robert phillis

لە کۆتاییدا، لەوڕێگەیە ڕادەمێنم کە شاعیر هەوڵیدا پێبیگات، بۆ ئەوەی خودێکی سەربەخۆبێت independent self
ئەوەش بیرەوەری کوشتنی باوکییەتی، کوشتنێکی مەجازی metaphorical murder

ئەو بە "نازی" یەک دادەنێت، خۆشی بە جولەکەیەک، جەنگێک لەناو ڕوحی خۆیدا بەرپا دەکات، شیعرێکی ترسناک وپڕ لەڕەشبینییە. بەڕەهایی یەکێکە لە شیعرەکانی دانپیادانان لەزمانی خۆیەوە، لەسەرەتای دەسپێکردنیەوە باوکی بە "پێڵاوی کۆن" دادەنێت کە کچەکەی سێ ساڵ لەناویدا ژیابێت، ئەوە وێنایەکی ڕاستگۆیانەیە. بەپێی نوسینەکانی **فرۆید** ڕاکێشانی سێکسی مانیفێست دەکات. پلەی ئازارەکانی مێشکی سلڤیا پڵات و پشتگیری لەلایەن سەرچاوەکانی ئۆشڤیتز Auschwitz و داخاوDachauو بێلسۆن Belsen سەرچاوەکانی سلڤیا لەهەر شوێنێک ئەوپیاوانەی کە هەڵواسران و لەسێدارە دراون، ئەوانیش دروشمێکن لەئازار لەزانستی دەروونی یونجیان[20] Yungianو بەدینەهاتووەکان

سلڤیا دان بەوەدا دەنێت، دوای ئەوەی لە هەوڵی دەربازبوون شکستی هێنا، لەکاتی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن، هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک کرد، ئەویش باوکێکی تربوو، پیاوێکی ڕەشپۆش بوو لە ماین کامپف
Meinkampf دەچوو، خوێنمژی لەڕوحیدابوو، ساڵێک و حەوت ساڵ خوێنمی مژی، ئەگەر دەتەوێت بزانیت( **سلڤیا پڵات** هاوسەرگیری لەگەڵ **تەدهیوز** ی شاعیرداکرد، حەوت ساڵ هاوسەربوون.
کاتێک کەدارێکی نوکتیژ دەکات بەدڵی باوکیدا، لەبیرەوەرییە نەفرەتییەکەی تەنها لەباوکی ڕزگاری نابێت، بەڵکو بەشێوەیەکی
مەجازی metaphoricallyهاوسەرەکەی و هەموو پیاوان دەکوژێت.

"بابە بەتەواوی شیعری ڕەتکردنەوەیە rejection کاتێ دەنوسێت" تەلەفۆنە ڕەشەکە لەڕەگەوە لەکارکەوت"، پشت لەدنیای مۆدرن یش دەکات، ڕەتکردنەوەی خێزان و کۆمەڵگە بەرەو ڕەتکرنەوەی

---

[20] Yungian یونجیان مەبەست لە کارڵ یونجیان ە دەروونناسێکی سویسرییە. بزاوتیکی جۆلانەکەرو هێمایە بۆ حاڵەتی دوودڵی

کۆتایی دەبات، ڕەتکردنەوەی خودی خۆی. خۆکوشتنەکەی لەهەموو شوێنێک بڵاوبووەوە، لەشیعرەکانیدا لەناوبردنێکی هێماییە وەکو تەوتەم[21] Totem، لەدەستەواژەکاندا ،سیحری مرۆڤ لەگەڵ مردن لەکەناردایە.

**ماچا لویس ڕۆزێنتاڵ** Macha Louis Rosenthal

دەڵێت: ئەگەر بمریت کامڵ دەبیت، ترس لەمردن لەگەڵتدا دەبێت بە پەیوەندییەکی ڕۆمانسی و بەرەو ئەو هەل ومەرجەت دەبات.

**فرۆید** دەڵێت "ئامانجی هەموو ژیان مردن ە"
**سڵڤیا پڵات** ژیانێکی شاعیرانەی هەبوو، لەدرێژماوەدا شاعیربوون بۆ ئەو، بووبەمردن.
هەردوومەرجەکە لێک جیانابنەوە، ئەوەی لەتوانایدابوو گوتی، خوێنی شیعربوو هیچ وەستانێکی تێدانەبوو.

لەم شیعرەدا پرۆسەی دوورکەوتنەوە لە "باوک" هەوڵی کەسیکە بۆ پاککردنەوەی خود.
لە وێنەی" نمونە"، باوکێکی دروستکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا میتۆدەکەی لە سیحرەوە نزیکترە وەک لەمردن. لەنێوەندی تێکەڵکردنی بەشیعری سۆز، هەوڵدەدات خۆی لێدەربازبکات.

-----------------------------------------.........................................................

**ئاندرو سپەیسی Andrew Spacey** دەڵێت شیعری "بابە"ی **سڵڤیا پڵات** بەیەکێک لە شیعرە زۆر مۆدرنەکان دەژمێردرێت کە تاکو ئێستا نوسرابێت. شیعرێکی سوریاڵی تاریک وهێماییە، هەروەها ئازاربەخشە، هەندێک جار مەجازییە، خۆی بە قوربانییەک دەزانێت بۆ ڕزگاربوون لەدەستی باوکی.
لەزاری **سڵڤیا پڵات** خۆیەوە لەم شیعرەدا کچێک قسەلەگەڵ کۆمپلێکسی ئەلێکترا Electra complex دەکات، باوکی مردووە بەڵام بەخوای دادەنێت، حاڵەتەکە ئاڵۆزە، لەبەرئەوەی باوکی بەنازی دادەنێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە دایکی جولەکەبێت.

ئەم شیعرە لە١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٤نوسراوە، مانگێک دوای ئەوەی لەگەڵ هەردوومناڵەبچوکەکەی بارپانکردووە بۆ لەندەن، ساڵێک دوای ئەوە **سڵڤیا** دەمرێت، لەنێوەندی ئەو ماوە پرکێشەیەدا کۆمەڵێک شیعر دەنوسێت.
لەدەرونشیکاریدا psychoanalysis دژە ژن لە کۆمپلێکسی ئۆدیپ[22] Oedipus Complexدا دەبینرێت، کوری دایک وەکو بەربەرەکانیکردنی وزەی سێکسی باوک، هەوڵ دەدات باوک داگیربکات، ئەو ئارەزووە تێکەڵ نەبووە، هەندێکجار بەلایەنی نەگەتیڤ دەچەسپێت و دەسەپێت

.



[21] Totem.: تەوتەم ئۆبجێکتێکە لەشێوەی باڵدار یاخود ئاژەڵ، کەسە وەهمی و خۆشباوەڕەکان پروایان وایە کە روحی هەیە
[22] کۆمپلێکسی ئۆدیپ Oedipus Complex: زاراوەیەکی کۆنە بۆ کۆمپلێکسی ئۆدیپ مانیفێستی کچی بچوک دەکات

بەسەر باوک یان دایک دا.

**سلڤییا پلات** دەیویست شیعرەکانی پەیوەندی بەخەڵکەوە هەبێت، بۆخۆی وای دەگوت،
بەگشتی هەستدەکەم سەرکەوتنی بەدەستهێنا. سەیری باوکی دەکات وەکو پێڵاوی ڕەش
،پەیکەرێکی گەورە، سوەستیکا، خوێنمژ.
حیکایەتخوانەکە ژنێکی قوربانییە، لەهەندێک شوێن نامۆیانە لەناو پێڵاو، لەناو گوش کۆتایی پێدێت.

**جودث جۆنس Judith Jones وگونڤر نانس Guinevere A. Nance** دەڵێن:
لەشیعرەکەدا دوورکەوتنەوە لەباوک هەوڵی پاککردنەوەی "خود" ە، وێنای"نمونە" ی باوکێک کە میتۆدی کچەکەی نزیکترە لە سیحر وەک لەکوشتن.

**جۆن ڕۆزینبلاتJon Rosenblatt** دەڵێت بەدڵنیاییەوە "بابە" سمبولی هەڵسوکەوتی باوکە، بەڵام مانای ئەوەنییە باشترین شیعربێت. لەشیعرەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چەوساوەتەوەو وەکو"پێ" ژیاوە، دوایی دنیایەکی ئایدیالیستی دەداتە پاڵ باوک، مەڕمەڕێکی قورسە، کیسەیەکی پڕلەخوایە.
هەروەها دەڵێت **سلڤییا** لە شوێنێک ژیاوە لە پۆڵەند، ئەوبەشە زمانەکەیان ئەڵمانی بووە، دوایی وەکو جولەکەیەک دەبرێت بۆ کەمپی داخاو. ئاوشڤیتس وبێڵس، وشەی ئەڵمانی "ئش Ich واتە من" و "وشەی دو du واتە تۆ" تێکەڵ بە وشەی ئینگلیزی دەکات. باوکی پیاوی زرێپۆشە، بەکەسێکی نازی دەزانێت کە خوێنی دەخواتەوە، پیاوێکی باوکسالارە.

**پۆڵ برەسلن Paul Breslin** دەڵێت"بابە" گێرانەوەی "خود"ە، ژیاننامەی"خود"ە autobiographical وەکو **غاستلی** وپەنجەیەکی خۆڵەمێشی و فریسکۆی زەبەلاح وەسفی باوکی دەکات.

**جۆرج ستاینەرGeorge Steiner** دەڵێت: سلڤییا پلات لە١٩٣٢لەبۆستن لەدایک بووە، لەداییک وباوکێکی ئەڵمانی ونەمساوی، هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەسوپای گرتووخانەوە نەبووە، شتێکی یەهودی لە باکگراوندیدا نییە، بەڵام دوا شیعری مەزنترین شیعرە، هاوبەشە لەگەڵ ئەوانەی کە ئازاردراون و بەکۆمەڵ کوژراون. لەدێرێکدا سلڤییا دەڵێت:
ئامێرێک ئامێرێک ژێک دەگوێزێتەوە بۆ ئاوشڤیتز بۆناو شەمەنەفەری مردن. پریشکی ئەو کۆمەڵکوژییە بەر ئەویش دەکەوێت.
لەکتێبی"مردن هونەرە"دا دەڵێت: "بابە" یەکێکە لەو شیعرە دەگمەنانەی نزیک دەدبێتەوە لە ترسی کۆتایی، شیعرەکە هونەرییە وەکو تابلۆکانی پیکاسۆ Picasso's،لە هاوارەکانی پیکاسۆ، بەرگەی ترسناکییەکی گەورەی گرتووە، ناتوانێت بەرگری بکات. ئەمەش بەڵگەی توانای شیعرییەتی، دانی حەقیقەتێکی هەمیشەییە بەخەیاڵ.

**پیتەرئۆر Peter Orr** بەپێی دەروونشیکاری فرۆید لەچەند قۆناغێکی گەشەیدا لەحاڵەتی خۆشەویستیدایە لەگەڵ دایک وباوک. کچ واخۆی دەردەخات کە ڕقی لەباوکییەتی، لەشیعری "بابە" دەیچوێنێت بە مەڕمەڕی گەورەوترسناک، لێرەدا هەڵوێستە دوولایەنییەکەی ئاشکرا دەبێت. دوایی دەیبەستێتەوە بەجوانی دەریا. هەستی ترس وخۆشەویستی دووشتی ناکۆکن، بۆ ئەوەی خۆی لێ ڕزگاربکات، بیرەوەرییەکانی لەناو دەبات.

---


سەرچاوە
https://www.gradesaver.com/sylvia-plath-poems/study-guide/summary-ariel


# دەربارەی کورتە ڕۆمانی "سەمفۆنیای عەشق"

شلێر ڕەشید








سەمفۆنیای عەشق لەلایەن نوسەری فەرەنسی **ئاندری ژید** ەوە نوسراوە
**شلێر ڕەشید** لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوری،
لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیری **غەزەلنوس** ەوە چاپ وبڵاو دەکرێتەو,

**ئاندری ژید** لە٢٢ی نۆڤە٣مبەری ١٨٧٩لەپاریس لەدایک بووە. لە ١٩ی فێبریوەری ١٩٥١ لەپاریس کۆچی دوایی کردووە.

"**سەمفۆنیای عەشق**" ١٥٠ لاپەڕەیە  لە١٩١٩ بڵاوبووەتەوە
یەکەم کتێبی **ئاندری ژید** بەناوی "**یاداشتەکانی ئاندری واڵتەر**" وەکو ئەستێرەیەک لە ئاسمانی ئەدەبدا بڵاوبووەوە، ژمارەیەکی زۆر چیرۆک وشیعرو نوسینی جۆراوجۆری بەدواداهات لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوبووەوە، بوو بەیەکێک لە نوسەرە زیندووەکانی فەرەنسا، بەهێزترین کاریگەری بەسەر لاوانی ڕۆشنبیرەوە هەبووە. لەبەهێزترین نوسەرەکان بوو بۆ پەیبردن بەوەی پێی دەڵێن "ویژدانی عەقڵی و ڕۆشنبیریی". مەیلی بەلای بیروباوەری هێماییەوە هەبوو هیچ نەبێ بەرکەوتنی لەگەڵیدا هەبووە. بەڵام بەردەوام نەبوو لەبەر دووهۆ، **یەکەم** ڕەشبینی ئەو بیروباوەڕەو ڕق لەژیان و دژایەتی کردنی. **دووەمیان** خاوەن بیروراکان و بیروڕای تەواوو ڕاست، بۆیە عاشقی ژیانی واقعی دەبێت. سەرسامبووە بە فەیلەسوفی ڕەشبین **شۆپنهاوەر** .لە بەرگی دووەمی کتێبەکەی "**ئەگەرتۆو نەمردایە**" دان بەوەدا دەنێت.

**ئاندری ژید** بەکەسێکی غامز ناسراوە. " بۆخۆی دەڵێ ئەوانەی کە لێمتێدەگەن جارێ لەدایک نەبوونە. سەرسامبووە بە **نیتشە** و **فیۆدۆر دستۆڤسکی** ڕوسی، چونکە ئەوان کەسانی ئازادبوون ترس وبەزەیی ورق و ئارەزوو کۆیلەی نەکردن.

کاتێک **ڕۆسۆ** دەڵێت "پرۆژەیەکم هەیە هاوشێوەی نییەو هەرگیز لاساییکەرەوەشی نییە" ئاندری ژید تەحەدای دەکات و بوێری ئەوەی تێدادەبێ کە بەوردی و ڕاشکاوی مێژووی ژیانی تایبەتی خۆی باس بکات.
خۆشەویستی جیا دەکاتەوە لە لەزەت دەڵێ تێکەڵکردنی هەڵەیەکی گەورەیە.

لەمەیدانی ئەدەبدا حاڵەتە تایبەت ونامۆو بێوێنەکان دەخاتەڕوو وەکو لە"
**سەمفۆنیای عەشق**"دا دەیبینین ئەو ئاسۆیانە کەشف دەکات کە درکی پێنەکراوە دەوڵەمەندە بەناسادەیی و ترسناکیی وێنەی نوسینەکانی **بەلزاک** و **دستۆڤسکی**.

ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان لەنێونوسینەکانی **ئاندری ژید** دا لەڕووی هونەری و گرنگییەوە
" **سەمفۆنیای عەشق**"یان بە شاکار داناوە.
**سەمفۆنیای عەشق**، باس لەکێشەی سایکۆڵۆژی کەسێکی دیندارو پابەند بە پەرستگەوخواپەرستی دەکات، ئەم قەشەیە بکوژوتاوانکارێکی دەروونییە. تاوانەکەی لەڕێی ئامرازەوە ناکات، بەڵکو مەیلی خۆکوشتن لەناو کەسێکدا دەچێنێ و

والەوکەسە دەکات پەنا بۆخۆکوشتن ببات، دەبێتە پاڵنەرێک بۆکۆتایی هێنان بەژیانی کچێکی نابینا.

**سەمفۆنیای عەشق** دەتباتە ناو دنیای ڕەشبینی و بێهیوایی لەژیانداو ماندووبوون بەدەست تاڵاوو ئازارەکانی ژیانەوە، دەستەوەستان لەبەردەم نەبوونی تروسکاییەک بۆژیان وکۆتایی هێنان بەخۆکوشتن، هاوشێوەی نوسینەکانی **فیۆدۆر دستۆڤسکی** و **بەلزاک** ە

**سەمفۆنیای عەشق** ئاماژەیە بۆشەشەمین سەمفۆنیای **بتهۆڤن**.
دەربارەی کچێکی نابیناو بێکەسە، نەناوی زانراوەو نە ڕۆژی لەدایکبوونی، کارەکتەری سەرەکی ناو کورتە ڕۆمانەکەیە ناوی لێ دەنێن **ژتخوت** یان **جیرترود**،
لەخێزانەکەیان تاکە کەسە کە مابێتەوە، دوای ئەوەی پوری دەمرێت، قەشە دەیگرێتەخۆی و لەماڵەکەی خۆیدا بەخێوی دەکات، سەرەڕای ئەوەی خۆی وهاوسەرەکەی خاوەنی پێنج مناڵن، **ژتخود** و کورەکەی قەشە هاوتەمەنی یەکن و پێکەوە دەکەونە داوی خۆشەویستییەوە.

قەشە گرنگی لەڕادەبەدەر بە کچە نابیناکە دەدات، هەمیشە پێکەوە دەچنەدەرەوە بۆناو باخ و کێڵگەو وسەوزایی سروشت، باسی سروشت ورەنگ و دەنگ ی بۆ دەکات، مامۆستای تایبەت بەنابیناکان ی بۆ دەگرێت فێری نوسین و خوێندن دەبێت لەڕێگەی کتێبی برێل بۆ نابیناکان کەلەلایەن
**لویس برێل** ەوە داهێنراوە.

ئەم ڕۆمانە یاداشتەکانی قەشەیە دەربارەی کچە نابیناکە هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنە ماڵیان تاکو کۆتایی ژیانی.
قەشە دەڵێت
یەکەم زەردەخەنەی جیرترۆد ئاسوودەی کردم و پاداشتی ماندووبوونەکانمی دایەوە

وەک هەر زەردەخەنەیەکی تر، زەردەخەنەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو ڕووناکییەک بوو کە هەرگیز لە چاوەڕوانیی مندا نەبوو. ئەوەی ڕووی دا وەک ئەوە وا بوو کاتێک لەپڕ خۆر لەپشتی لوتکەی چیای ئەلبەوە تیشکی زێڕینی پەخش دەبێت و تاریکی لەسەر بەفرەکان ڕادەماڵێ و دیمەنێک لە سەرووی خەیاڵەوە بە ڕۆح دەبەخشێت.

ئەمەی ڕووی دا ڕۆژی پێنجی مانگی مەی بوو، بۆیە وەکو ڕۆژی لەدایکبوونی بە گرنگییەوە تۆماری کردووە.

بەڵێ، ئەو زەردەخەنەیەی بۆ منی کرد، بەڕاستی هەڵهاتنی خۆر بوو.


لە بەرامبەر ئەو نمایشە فریشتەییانەیەی لەپڕ **جیرترۆید** بۆمی نواند، سەرم سوور مابوو
هەستم دەکرد زیاتر لێک نزیک دەبینەوە و ئەو دیوارە ئەستوورەی نێوانمان تەنک تر دەبێتەوە. پاش هەموو ئەوانە بە خۆمم وت ئەمە نیشانەی کۆتایی زستان و هاتنی بەهارە، ئەوەش لە سایەی کۆشش و کۆڵنەدانیەوە.


بیرمە ئەو کاتەی دڵخۆشی دایگرت، کە باسم لە جریوەی چۆلەکەکان کرد و وتم ئەمە نیشانەی دڵخۆشبوونیانە، کاتێک هەست بە جوانیی سروشت دەکەن. لەو ڕۆژەوە ئەم قسەیەی دووبارە دەکردەوە:


"من وەک چۆلەکەکان دڵخۆشم".

قەشە دین و ئیمان و خوای نامێنێ عاشقی کچە نابیناکە دەبێت،
ئەگەر کچەکە کێشەی نابینایی هەیە قەشە کێشەی نەبوونی مۆراڵی هەیە.
کاتێ **جاک ی** کوڕی قەشە باسی خۆشەویستی و هاوسەرگیری خۆی و **ژتخوت** دەکات، باوکی زۆر تورە دەبێت، دەڵێ نایەڵم ئەمە بەئەنجام بگات.
بە خۆکوشتنی کچە نابیناکە کۆتایی دێت، دەبێتە قوربانیی کەسێکی دەروون نەخۆش.
کۆتاییەکی تاریک و تراژیدی.


**121 - 140**


MÊXEK
ڕۆژ و گوڵەکانی
ڕوپی کۆر
لە ئینگلیزییەوە: شلێر ڕەشید


MÊXEK
ڕۆژ و
گوڵەکانی
ڕوپی کۆر
لە ئینگلیزییەوە: شلێر ڕەشید
بەدەم هەڵگرتنی منەوە بۆ باوەشی کە دەگریام
دایکم گوتی
ئەوە وەسفی ژیانە
بیر لەو گوڵانە بکەوە کە
هەموو ساڵێک لەناو باخەکە ڕوواندوونن
فێرت دەکەن
خەڵکیش
دەبێ سیس ببنەوە
بوەرێن
ڕەگداکوتن
گەورەبن
بۆئەوەی بپشکوێن
ڕوپی کۆر


ئاندری ژید
سەمفۆنیای عەشق
شلێر ڕەشید
لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی


شیر و هەنگوین
ڕوپی کۆر
لە ئینگلیزییەوە: شلێر ڕەشید
milk and honey
rupi kaur


پڵنگە سپییەکە
THE WHITE TIGER
ARAVIND ADIGA
Translated by: Shlir Rashid






The Boy in the Striped Pyjamas
John Boyne
Translated by Shlir Rashid

**123 - 140**




**بەرهەمەکانی ئەم ژمارەیە:**


١- ناوەرۆک ٢

٢- ئازادی و ئازادی بیرورا / سلیمان قاسمیانی ٣

٣- شێرکۆ لە چەپەوە / موسلیح ڕێبوار ١٧

٤- جەناب و قوربان و بەڕێز / بەکر ئەحمەد ٣١

٥- لە یادی شێوەکار ڕەحمان شافیعی دا ٣٩

٦- شوەیک سەربازی بەجەرگ / یارۆسلاو هاشێک ٤٧

٧- ئوبجێکتیڤیتی و توندوتیژی / کاوە کەریم ٦٣

٨- داستانی دایکێکی ئازا / عبدوڵا حیە-مۆسکۆ / وەرگێڕانی: نەجات عەزیز ٧٩

٩- جنێو: نیاز و نزای مرۆڤ / دیڤین ڕێکسوید ٨٧

١٠- تەنها حەوت هەنگاو / عەبدوڵا ئەحمەد سادق ٩٥


١١- دنیابینیی چینایەتی لە چیرۆکی "حەوت هەنگاو دا" / عەبدوڵا سلیمان (مەشخەل) ١٠٠

١٢- لێیان گەڕێن با زبڵ بخۆن/ وتوویژ لە گەڵ رۆب ئالبرتن / وەرگێڕانی

شلێر رەشید ١١١

١٣- شیعر: فاتیح شێخ / خالید دلێر / زەلمای کاوە / شو لیزی / عەبدوڵا سلیمان


(مەشخەل) / موسلیح ڕێبوار ١٢٧
















کتێبی **چەند بابەتێکی وەرگێردراو لە ئینگلیزییەوە** ٧٥ لاپەڕە یە
ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت

١ -فریدریک ئەنگڵس ژیان و کاریگەرییەکانی لە نوسینی لینین ٧ لاپەڕەو نیو
٢- کۆمۆنیزم بۆ مناڵان کۆمۆنیزم بۆ هەمووان ١٠ لاپەڕە
٣- شۆڕشی ئۆکتۆبەرو ڕزگاری ژنان ٦ لاپەڕەو نیو
٤- لێیان گەڕێن با زبڵ بخۆن! " ١٠ لاپەڕە
٤- تکتی بەخت - کورتە چیرۆک - ئەنتۆن پاڤلۆڤ چیخۆڤ ٧ لاپەڕەو نیو
٥- هۆنراوەی پاسپۆرتی سۆڤییەتی شیعری ڤلادمیر مایاکۆفسکی ٣ لاپەڕە
٦- ئێرییەڵ و بابە -شیعری سڵڤیا پلات ١٢ لاپەڕە
٧- جەندەر ٤ لاپەڕەو نیو
٨- ئازادی ژن لە دیدی کۆمۆنیستییەوە ١٠ لاپەڕەو نیو
٩- بۆ ٨ی مارس ٢ لاپەڕە
١٠- لەنەرد کۆون ٣ لاپەڕە

**بەرهەمەکانی ئەم ژمارەیە:**


١- ناوەرۆک ١

٢- کوردستان و جۆرەکانی نێرینەیی یان پیاوێتی / بەکر ئەحمەد ٣

٣- پۆستمۆدێرنیزم و شیعر / سلیمان قاسمیانی ١٣

٤- چاوپێکەوتن لە گەڵ هونەرمەند سەردار عەبدوللا ٣٣

٥- پیشانگای نەقیزەکان / سەردار عەبدوللا ٣٩

٦- تەنها کەف و هیچی تر نا (کورتە چیرۆک) / هێرناندۆ تێڵەز / وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) ٤٥

٧- تراژیدیای مەکسیم گۆرکی... "ئایکۆنی" پرۆلیتاریا / عبدولا حبە-مۆسکۆ / وەرگێڕانی: نەجات عەزیز ٥١

٨- ڕانانی سێ ڕۆمان / شلێر ڕەشید ٧٧

٩- مانیفستی دژەئیسلامی ئادونیس / دێڤین ڕێکسوید ٨٥

١٠- پەروەردەی ئیسلامی سیاسیی و کاریگەریی لەسەر ژیانی ئینسانەکان / نووسینی: عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) ٩١

١١- شو لیژی، ئەو شاعیرەی لە پێناو تەلەفۆنە دەستییەکەی ئێوەدا مرد / ئیمیلی ڕاوهاڵا ، شیتزن، ژیانگ/ وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران عەبدوڵا ٩٧

١٢- فیلیپ لیڤین، دەنگی کریکارانی ئەمریکا لە شیعردا /عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) ١٠٧

١٣- هۆنراوەی پاسپۆرتی سۆڤیەتی / ماياکۆفسکی ١١٣

١٤- شیعر: زهرة الطاهري / عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) / لەنگستن هیوز / کوروش قوبادی / عەلی ڕەسوولی / بورهان ئەحمەد ١١۶

١٥- دونیایەکی تر هەم مومکینە و هەم پێویست / فاتیح شێخ ١٢٩













گۆڤاری هانا ژمارە 2 ...










دروستکردنی پەیوەندی نوێ
چاندنی ڕەگی نوێ
ڕێبەرێک بۆ سەرچاوە کەنەدییەکان دایک و باوکانی کۆچکەری خاوەن منالی بچوک
KENISE MURPHY KILBRIDE, PH.D.
MEHRUNNISA AHMAD ALI, PH.D.
PATRICIA GORA, M.A.
SHIVA SADEGHI, PH.D.
چاپی دووەم
KURDISH


لویس لۆری
شلێر ڕەشید
ئەستێرەکان بژمێرە



شیر و هەنگوین
ڕوپی کۆر
لە ئینگلیزییەوە: شلێر ڕەشید



لویس لۆری
شلێر ڕەشید
ئەستێرەکان بژمێرە



ئارەڤند ئەدیگا
پڵنگە سپییەکە
لەئینگلیزییەوە: شلێر ڕەشید
ڕۆمان


کوڕە پیجامە خەتخەتەکە
جۆن بۆین
شلێر ڕەشید لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی


ئارەڤند ئەدیگا
پڵنگە سپییەکە
لەئینگلیزییەوە: شلێر ڕەشید
ڕۆمان


کوڕە پیجامە خەتخەتەکە
جۆن بۆین
شلێر ڕەشید لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی



دروستکردنی پەیوەندی نوێ
چاندنی ڕەگی نوێ
ڕێبەرێک بۆ سەرچاوە کەنەدییەکان دایک و باوکانی کۆچکەری خاوەن منالی بچوک
KENISE MURPHY KILBRIDE, PH.D.
MEHRUNNISA AHMAD ALI, PH.D.
PATRICIA GORA, M.A.
SHIVA SADEGHI, PH.D.
چاپی دووەم
KURDISH


ئاندری ژید
سەمفۆنیای عەشق
شلێر رەشید
لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی


کتێبی ئۆکتۆبەر
لە بڵاوکراوەکانی گرووپی نێگەتیڤ ٢٠١٧
www.negativegroup.org



HANA
پرسیارکردن و ماهییەتی پرسیار
4
ژمارە ٢٠١٨
خەتەنەی کوڕان و مافی منداڵان
هونەرمەندێکی ئاوازە
دیدارێک لەگەڵ
بلیتی بەخت



POETRY
شیعر
٧


Share to Facebook
Info
MÊXEK
ڕۆژ و گوڵەکانی
ڕوپی کۆر
لە ئینگلیزییەوە: شلێر ڕەشید


پێڕست
• یەك دوو قسە بە بیانووی ئۆکتۆبەرەوە وەلید عومەر
• کورتەیەك دەربارەی ئۆکتۆبەر و زەمینەی درووستبوونی و. ژیر دانا
• لەنێوان دوو ئۆکتۆبەردا ناجی ئەفراسیاو
• ماناکانی لینین لە باشوری کوردستان زەردەشت نورەدین
• دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ئالان بادیۆ، و. دەشتی مەحمود
• شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ڕزگاریی ژنان و. شلێر ڕەشید
• ژنانی تەنیشتی لینین ئامادەکردنی ئاری مەحمود
• دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر & سەرنجێك لەسەر ڕۆشنبیر هاوڕێ عەبدوڵا & شاڵاو یاسین
• عەشقی لینین بۆ ئەدەب، شکڵ و شێوەی بە شۆڕشی ڕووسی بەخشی و. وەلید عومەر
• شۆڕشی ئۆکتۆبەر: وێنەکانی و شۆکەکانی (بە کامێراکەی ئێزنیشتاین) بڕوا عەلادین
• یادکارییەکان لەگەڵ لینین کلارا زێتکین، و. شێروان ئیبراهیم
کتێبی ئۆکتۆبەر
لە بڵاوکراوەکانی گرووپی نێگەتیڤ ٢٠١٧
www.negativegroup.org








"ژنانی نووسەری هاوچەرخ"

نووسەرێک لەسەر ئەرک و ماندوبوونی خۆی پرۆژەیەکی خستۆتە سەر شانی خۆی و کاری بۆ دەکات، ئەو نووسەرەش کاک زامدار ئەحمەد ە". پرۆژەکە کۆکردنەوەی کاری نووسین و وەرگێرانی کۆمەڵێک ژنی کورد زمانە لە ناوەو دەرەوەی کوردستان، لەژێر ناوی "ژنانی نووسەری هاوچەرخ" .

پرۆژەیەک لەسەر زەمینێک لە دایک دەبێت، زمانی سیاسەت و ئەدەب و شەقامەکەی زمانی پیاوە. زمانێکە بەردەوام کار لەسەر هێشتنەوەی پلە دوویی ژنان دەکات.

بەدڵنیاییەوە نووسەر ئەجنداو پەیامی خۆی هەیە لە وەها پرۆژەیەک، بەڵام ئەو ئەجنداو پەیامە نابێتە ڕێگرلە دیدو بۆچونی کەسانی تر. بۆ ئەو پرۆژەیە. من وەک کەسێک کە هەلی بەشداربوونم هەبووە لەو پرۆژەیە، پێم خۆشە لە چەند خاڵێک و بەکورتی سەرنجی خۆم لەوبارەوە بخەمەڕوو:

١- ئەم پرۆژەیە گرنگیدانە بە ڕەگەزی ژنانی نووسەرو وەرگێر.

٢- ئیبرازکردنی پێگەی ژنە لە بواری نووسیندا. بەتایبەت لە دەیەی نەوەتەکانەوە بۆ ئێستا کۆمەڵێک ژن بە شێوەیەکی بەرچاو لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی نووسین و وەرگێراندا دەرکەوتوون.

٣- کارکردنە بە ئاراستەی هێنانە دەرەوەو دەسگیرۆییەکی زیاتری ژنان لە بواری نووسین و وەرگێراندا.

٤- سەرباری هاتنە مەیدانی ژنی کورد لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا، بەڵام لە دووبواردا کار لەسەر کۆت و بەندکردنیان دەکرێت. بوارێکیان لە ژێر پەردەی مۆدێرنەتەدا لە هەوڵی بەکاڵاکردنی ژنان دایە و بەردەوامە لەسەرلەوەی ژنان دوور بخاتەوە لە مافە یەکسانیخوازەکانی خۆی.
لایەنەکەی تریشیان کە زۆر تراجیدیترە و لەژیر هەژموون و فەرهەنگی ئەو باوەڕەدا سەدان ژن گیانیان لەدەست داوەو بەردەوامە لەوەی عەقڵییەتی پیاو سالاری سەقامگیرتر بکات لە کۆمەڵگەدا. گرنگی ئەم پرۆژەیە لێرەوەیە کاتێک دێت و بە هێمنی و دوور لە هات و هاوار، بەو دوو عەقڵیەتە دەڵێت:
ژنان نە بوکەڵەی بازاڕەکانتانن، نە کێڵگەی پیاوەکانتانن.

لە کۆتایشدا سەرباری دەستخۆشیم بۆ کاک زامدار ئەحمەد هیوادارم ئەم پرۆژەیە لە کتێبێکدا قەتیس نەیێتەوە و بەردەوام بێت لەگەڵ کاروانی خەبات و نووسینی ژنانی کوردستاندا بۆ وەدەستهێنانی مافە جەندەرییەکانیان.

شلێر ڕەشید
تۆرۆنتۆ کەنەدا
shlir.rashid@tdsb.on.ca

March 20, 2019

---

## کتێبە وەرگێردراوەکانم

١-رۆمانی کورە بیجامە خەتخەتەکە ٢١٧لاپەرەیە جۆن بۆین-چاپخانەی سەنتەری دیالۆگ کەرکوک 2009
٢-رۆمانی پڵنگە سپییەکە ٣٧٢لاپەرەیە ئەرڤند ئەدیگە -چاپخانەی جەمال عیرفان2014
٣-چاندنی رەگی نوێ، دروستکردنی پەیوەندی نوێ -چاپکردنی ئیمیگرەیشنی کەنەدا-تورۆنتۆ ٨١ لاپەرەیە ٢٠٠٩
٤-بەشێک لە سەرمایە-کارل مارکس
٥-رۆمانی ئەستێرەکان بژمێرە ٢٠١ لاپەرەیە لەوس لەوری -غەزەلنوس ٢٠١٦
٦-رۆمانی سەمفۆنیای عەشق ١٥٥ لاپەرەیە خاندری ژید -غەزەلنوس
٧-دیوانی شیعری شیرو هەنگوین ٢٢٠ لاپەرەیە روپی کور-چاپخانەی جەنگەل ٢٠١٨
٨-دیوانی شیعری رۆژو گوڵەکانی -٢٨٨ لاپەرەیە -روپی کور-کتێبفرۆشی میخەک ٢٠١٩
٩-رۆمانی ئاهەنگی بێمانایی ١١٦لاپەرەیە-میلان کوندیرا ٢٠١٩
١٠ -سەفەرێک و دەیان بیرەوەری (سەفەر بۆ میسر) ١٠٠ لاپەرەیە بەوێنەوە ئیشی تێدا دەکەم
١١-کتێبی چەند بابەتێکی وەرگێڕدراو لە ئینگلیزییەوە ٧٥ لاپەرەیە
١٢-وەرگێڕانێکم لە کتێبی ئۆکتۆبەر ٢٠١٨

## شلێر ڕەشید -نوسین ووەرگێڕانەکانم بۆ گۆڤارو وێبسایتەکان

١-فریدریک ئەنگلس ژیان و کاریگەرییەکانی لە نوسینی لینین ٧ لاپەڕەو نیو
٢-کۆمۆنیزم بۆ منالان کۆمۆنیزم بۆ هەمووان ویبسایتی ئەگەتف ١٠ لاپەڕە ڕێگای کوردستان . March 25, 2018 کوردپیدیا
٣-لیان گەڕین با زیل بخۆن! " وەرگێڕان لەئینگلیزییەوە- -وێبسایتی ئەگەتف ٩ لاپەڕە 3Hana n
٤-هۆنراوەی پاسپۆرتی سۆڤییەتی شیعری ڤلادمیر مایاکوڤسکی -گۆڤاری هانا ژمارە ٣ لاپەڕە
٥-شۆڕشی ئۆکتۆبەرو ڕزگاری ژنان -ڕەخنەو ڕوانگە ٧ لاپەڕەو نیو
٦- تکتی بەخت -کورتە چیرۆک -ئەنتۆن پاڤلۆڤ چیخۆڤ وەرگێڕان گۆڤاری هانا ٤ لاپەڕە
٧- پرسەی شین شیعری وایستن هیوز ئۆدن وەرگێڕان یەک لاپەڕە
٨- باسێک دەربارەی سمنارەکەی "جۆن کلارک -ڕاپۆرت ٣ لاپەڕەیە
٩-باسێک دەربارەی جیاوازی سیستم و کەلتور لەکەنەدا-نوسین ٤ و نیو
١٠-دەتبینمەوە شیعری بێلی هۆلیدەی لە ئینگلیزییەوە یەک لاپەڕە
١١-باسێک دەربارەی فیلمی خوێنەرەکە The reader - ڕەخنەی چاودێر ٤ لاپەڕە
١٢-سی ڕۆمان و سی کورتەنووسین -گۆڤاری هانا ژمارە ٢ ٨ لاپەڕە
١٣-ئێرییەڵ و بابە -شیعری سلڤیا پلات گۆڤاری شیعر ژمارە ٧ ١٢ لاپەڕەو نیو گۆڤارەکە ٣٠٤ لاپەڕەیە
١٤-دەربارەی ڕۆمانی مردوخۆرەکان -ڕەخنەی چاودێر ٢ لاپەڕە
١٥-دەربارەی لەنەرد کۆون -سایتی دیدی من ٣ لاپەڕە
١٦- باسێک لە ڕۆژی جیهانی کتێبدا -ڕەخنەی چاودێر ٢ لاپەڕە
١٧-جەندەر -وەرگێڕان -سایتی ئەگەتف ٤لاپەڕەو نیو
١٨-ئازادی ژن لە ڕوانگەی کۆمۆنیستییەوە -ڕەخنەو ڕوانگە و سایتی ئەگەتف ١٠ لاپەڕەو نیو
١٩-دەربارەی سەمفۆنیای عەشق -هەفتانەی ڕووداو٣ لاپەڕەو نیو
٢٠-ژن و مۆدرنە-وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە کاری تێدا دەکەم
٢١-شیعرو فەلسەفە -وەرگێڕان بۆ گۆڤاری شیعر کاری تێدا دەکەم

# فیمینیزم و مۆدێرنە

ڤیکتۆریا شەبەر
لە ئینگلیزییەوە: شلێر ڕەشید
April 03, 2019

ژیان لە دونیای مۆدێرندا مانای چییە؟ لەکاتێکدا زۆربەی خەڵک مۆدێرنەیان بیستووە، بەناڕوونی لە وانەی مێژوو نمونەکانیان بیردێتەوە، زۆربەی خەڵک ناتوانن بەڕوونی پێناسەی بکەن. ئەم تێرمە لە دەستەواژە مانای چییە و لەکوێ دامەزراوە، بۆیە ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەر نیە چونکە وشەکە مێژوویەکی مشتومڕساز و ئاڵۆزی هەیە.

یەکەم بەکارهێنانی زاراوەی "مۆدێرن" لەگەڵ هەموو دەلیل و تێگەیشتنی ئێستا و ئەمڕۆدا و پێشتر یەکەم بووە بەکاربهێنرێت بۆ جیاکردنەوەی جیاوازی لەنێوان چەرخی ئێستا و پێشتر، بە چەرخی کۆن ناسراوە، بەروارەکە جێی مشتومڕە بەڵام زۆربەی لێکۆڵەرەکان وای دادەنێن دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای چەرخی ڕۆشنگەریی ئەورووپی
لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا. مۆدێرنە جیایە لە مۆدێرنیزم. مۆدێرنیزم بریتییە لە بزووتنەوەیەکی ئێستاتیکی و هونەریی سەدەی بیستەم کە لە پەیوەند بە بەپیشەسازیکردن و گۆرانی کۆمەڵایەتی دەناسرێتەوە. مۆدێرنە بۆخۆی ئاماژەیە بۆ لە سەردەمێکی دیاریکراو زیاتر. هەریەك لە ئایدیا فەلسەفی و سیاسی و ئەخلاقییەکان دەگرێتەوە.

مۆدێرنە وەرچەرخانێکی ئایدۆلۆژیی دوور بوو لە مێژووی پۆست کلاسیکی شارستانییەتی ڕۆژئاوایی کە لەپاش "سەدەکانی ناوەڕاست"دا هاتەگۆڕێ. نزیک لە چەرخی مۆدێرن، ئەورووپا سیستەمی فیودالی و کۆمەڵگایەکی مەسیحیی هەبوو. هەروەها مانای تاکەکەسیش کەوتبووە سەر پرواهێنانیان بە خودا. تاکگەرایی چەمکێکی باو نەبوو، بەڵکو لەجیاتی ئەوە بەها دەدرایە خۆگونجاندن و ترادسیۆن. ڕۆشنگەری، دژایەتیی زۆرێك لەم ئایدیاڵانەی کرد.

ئایدیاڵەکانی ڕۆشنگەری کاریگەریی زۆری هەبوو بەسەر مۆدێرنەوە، بۆیە گرنگە لەم قۆناغەی مێژوو تێبگەین تاکو مۆدێرنە بخەینەوە ناو سیاقەکەی خۆیەوە. ڕۆشنگەری بزووتنەوەیەکی فیکری و ڕووناکبیرانە بوو کە زۆر ئایدیای بەرهەمهێنا وەك عەقڵ و زانین و ئازادی؛ کە ڕێگەی کۆمەڵگای بەرەو پێشکەوتن ڕووناکدەکردەوە.

بەگوزارشتێکی تر، ئەمە لەدایکبوونی"سوبێکتی لیبراڵ" بوو. فەیلەسوفانی وەکو **جۆن لۆک**، **جان جاک ڕۆسۆ**، **مۆنتسکیۆ** بیرمەندی دیاری ئەم سەردەمە بوون. لەپێش ڕۆشنگەری، خوا و ئاینە ڕێکخراوەکان ئەو هێزانە بوون کە ژیانی مرۆڤیان دادەڕشت. تاکەکان سەربەخۆ نەبوون بەڵکو ملکەچ بوون بۆ ئیرادەی خودا. تەنانەت ستراکچەرە سیاسییەکان لەلایەن کەنیسەوە جڵەوکرابوون.
**ماری کڵەیجس،** لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی *تیۆری ئەدەبی: ڕێبەرێك بۆ سەرسوڕمان* پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی مۆدێرنە ڕووندەکاتەوە و زۆرێك لەم پرەنسیپانەشی بەستووەتەوە بە ڕۆشنگەرییەوە: وەك دەسپێك، مۆدێرنە پێی وایە خودێکی جێگیر و ناسراو بوونی هەیە(یان خودێك کە شایانی ناسین بێت). ئەم خودە، ئاگامەند و سەربەخۆیە. هەروەها عەقڵانییەو لەڕێگەی عەقڵیشەوە خۆی دەناسێت [بەپێچەوانەی کەلتورگەلی وەك ئێمەوە کە خود بەهۆی میتافیزیکەوە خۆی دەناسێت].

لەناو مۆدێرنەدا عەقڵ نرخی پێدراوە، چونکە مۆدێرنە وای دادەنێت عەقڵ باڵاترین کارکردی زەین دەنوێنێتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە وادەردەکەوێت عەقڵ تاکە فۆرمی شەخسی و سوبێکتیڤی بیرکردنەوە بێت. ئەگەر تاکی مۆدێرن بەشێوەیەکی عەقڵانی شتێك لێکبداتەوە، ئەوا دەبێت بەشێوەیەکی بابەتی و ئۆبێکتیڤ و لەسەر بنەمای بەها مۆدێرنەکان بیسەلمێنێت و پشتڕاستی بکاتەوە. ئەم دۆخە ئەزموونییەی زانین لەڕێگەی عەقڵەوە، بە «زانست»یش ناودەبرێت.

مۆدێرنە وای بۆ دەچێت کە زانست دەتوانێت کۆمەڵێك حەقیقەتی گشتەکی و گەردوونی دەربارەی جیهان بخاتەڕوو.

ئەم زانیاری و حەقیقەتەی کە لەڕێگەی زانستەوە بەدەستهێنراوە وادەردەکەوێت دەبێتەهۆی «پێشکەوتن»ـی کۆمەڵگە، ئەوە ئامانجی ئەوپەڕی هەریەکە لە مۆدێرنە و ڕۆشنگەرییە. بەپێی ئەو ئەنجامەی کە ئیمتیازدەدرێت بە زانینی عەقڵانی، دەکرێت هەموو دامەزراوە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی زانستەوە شیبکرێنەوە و وەك دەوترێت چاکبکرێن.

پێشکەوتنی ڕاستەهێڵئاسا، یەکێك بوو لە گرنگترین بیروباوەڕەکانی مۆدێرنە چونکە فەیلەسوفەکان لەو بڕوایەدا بوون مرۆڤ لەسەر ڕێڕەوی پێشکەوتن دەتوانێت بگات بە داهاتوویەکی باشتر. زانین یەکسان بوو بە هێز. زۆربەی کەسانی «بەئاگا و خاوەن زانین» لە کۆمەڵگە دەیانتوانی شێوازی سەرکوتکەر دابهێنن بۆ جڵەوکردنی خەڵك بەبێ ئەوەی هێزی بازوو بەکاربهێنن چونکە زانینەکەیان بەهایەکی خودیی پێ دەبەخشین لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا.

بۆنمونە، هەموو ئاماژەکانی «ژیانێکی باش» داهێنرا و وەك ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵکانی دیاریکراو بەکارهێنرا. چوارچێوەی زەمەنیی گونجاو بۆ هاوسەرگیری و منداڵبوون و خانەنشینی دیاریکرا و هێشتاش کاریگەریی بەسەر دونیای ئەمڕۆی خۆرئاواوە ماوە. بۆیە بەرهەمهێنانی مەعریفەی مۆدێرن ئەو شێوازە ژیانەشی داڕشت کە تا حاڵی حازر نائەورووپییەکانیشی پێ دەژین.

ئەم پابەندبوونە بێ قەیدومەرجە بە پێشکەوتنەوە بووەهۆی توندوتیژیی فیزیکی و دەستی هەبوو لە بەخشینی هێزێکی دینامیکی بە کۆڵۆنیاڵیزم. ئەگەر پێشکەوتن ئامانج بووایە ئەوا دەستەبەسەراگرتنی شارستانیەتە کەمتر پێشکەوتووەکان دەبووە میتۆد [و ڕێگەچارە]. کۆڵۆنیاڵیزمی بەریتانی، بەدیاریکراوی، کە بەرهەمێکی لاوەکیی مۆدێرنە بوو کەوتە گەڕان بۆ دەستبەسەراگرتنی هندستان لەپێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئابووریدا. بەم جۆرە، سەرمایەداریش هەر بەرهەمی ڕۆشنگەرییە- بەپیشەسازیکردن و هەڵپە بۆ قازانج ڕیشەیان دەچێتەوە سەر لۆژیکی ڕۆشنگەری کە لە هەر شتێکی تر زیاتر ئەولەویەت دەبەخشێت بە گەشە و پێشکەوتن.

ئەو وێنەیەی کە بەردەوام بۆ پێشەوە بڕوێت و هاوشان بەوەش بەهای سەربەخۆیی مرۆڤ لەئارادا بێت، سەردەکێشێت بۆ لۆژیکی پێشکەوتنی فەردی و بەکۆمەڵ(نەتەوە) ئیدی بە هەر ئامرازێك بێت. ئەم "بەرەوپێشچوون"ـە بەزۆری لە فۆرمی پەراوێزخستن و کوشتنی خەڵکدا بوو کە وەك ***ئەویتر*** دەستنیشاندەکران [و ڕەوایەتی بە پەراوێزخستن و کوشتنەکەیان دەدرا]. هەروەك **گایەتری سپیڤاك** ئاماژەی بۆ دەکات، ئەم جڤات و کۆمیونیتییە «بەئەویترکراو»ـانە دەستیان ناگات بە گەشەی فەردی و بەرهەمهێنانی مەعریفە لەناو چوارچێوە مۆدێرنەکەی کۆڵۆنیاڵیزمدا. نیولیبراڵیزم-ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە نرخ بۆ بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت- منداڵی ساوای ڕۆشنگەرییە. سەرەڕای ئەمەش، مۆدێرنە بانگەشەی ئەوە دەکات کە عەقڵ دادوەری باڵای ئەو شتەیە کە پێی دەوترێت «حەقیقەت»؛ هەروەها ئەو شتەشی کە پێی دەوترێت «چاکە». مۆدێرنیستەکان پێیانوایە حەقیقەت و چاکە هاومانای یەکترن و هیچ ناکۆکییەك لەنێوان ئەم زاراوانەدا نیە. عەقڵ ڕێنوێنیی حەقیقەت و چاکە دەکات، هەروەها ڕێنوێنیی پرەنسیپە یاسایی و ئەخلاقییەکانی مۆدێرنەش دەکات. بۆنمونە، یاساکان لەلایەن عەقڵەوە داهێنراون و

دەبێت جەخت لەسەر ئازادی بکەنەوە لێرەشەوە [هاوڵاتیان] شوێنی بکەون. «عەقڵی سەلیم» و «سرووشتی مرۆڤ»- کە دوو پرەنسیپی قبوڵکراوی ناو سیستەمی یاسایین- درووستکراون بەڵام وەك شتگەلێکی «ڕاستەقینە» وەرگیراون، چونکە لە عەقڵ خۆیەوە ئۆتۆریتەی وەرگرتووە و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و گۆرانکارییە سایکۆلۆژییەکان بەهۆی عەقڵەوە بەرهەمهێنراون.

مۆدێرنە پێی وایە زانست هەم بابەتییە و هەم بێلایەنیش، چونکە گوایا عەقڵانییە؛ زانست ئەو پارادایمەیە کە بۆ هەموو مەعریفە و زانینێك بەکاردێت کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەکەڵك بێت. بۆنمونە عەقڵ لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا بەهایەکی بەرزی پێدراوە. زاناکان بەهۆی بەکارهێنانی عەقڵەوە زانین بنیاتدەنێن و ئەمەش خاوەنی دەسەڵاتێکی جەوهەرییە کە کاریگەری دەخاتە سەر سەرتاپای فەلسەفە و گوتاری ئەورووپی/ئەمریکی. بۆیە دەبێت زاناکان خۆیان ئازاد بن تاکو ئەم مەعریفەیە بەرهەمبێنن، و خولیای تر نەیانجووڵێنێت. مادام زاناکان ناتوانن دەمارگیرییان هەبێت یان خۆپەرست و خۆخزمەتکەر بن، بۆیە ئازاد و بەهادارن لە کۆمەڵگەدا،

دەتوانن لەپێناوی بەدەستهێنانی ئەم مەعریفەیەدا مۆدێلی پێوانەکردنی جیاجیای «بابەتی» بەرهەمبێنن. تەلیسکۆپ و میکرۆسکۆپ، دوو نمونەن لە داهێنان بەدەستی زانا مۆدێرنەکانەوە بۆ بەرهەمهێنانی حەقیقەت و زانین. نوسەرانی سەدەی هەژدە، وەك **جۆن گەی و ماتیۆ**، بەر لەوەی ئەم گۆرانکارییەی ئاگایی لە مەعریفەدا دەربڕن- شیعر و پەخشانەکەیان وەسفی ژیانی هەمەڕەنگی شاری و جۆشوخرۆشی سەردەمی نوێ دەکات، لەگەڵ زایەڵە و دووپاتکردنەوەی بەهاکانی مۆدێرنە.

دوا پرەنسیپی مۆدێرنە ئەوەیە کە زمان دەبێت عەقڵانی و شەفاف بێت. زمان تۆوی هەموو ئەو مەعریفانە دەوەشێنێت و بەرهەمدێنێت کە زانست و زانین دەیخولقێنن، بۆیە گرنگە وشەکان مانای ڕوون و ئاشکرا بگەیەنن. بەپێی ئەم ئایدۆلۆژیایە، دەبێت پەیوەندییەکی بەهێز هەبێت لەنێوان شت یان ئایدیا درککراوەکە و ئەو وشانەدا کە بۆ ناونانی ئەم شتانە بەکارهێنراون.

ئەم پرەنسیپانەی مۆدێرنە کۆمەك بە ڕوونکردنەوەی بونیادە مۆدێرنەکان و دەزگاکان خۆیان دەکات. ئەم بونیادانە بریتیین لە: یاساکان، زانست، ئەخلاق، و ئێستاتیکای مۆدێرنە. بۆنمونە، چەمکی دیموکراسی وەربگرە، دیموکراسی بەر لە ڕۆشنگەرییش بوونی  هەبووە، بۆنمونە لە گریك و فەلسەفەی کلاسیکدا کە بەتۆخی کاریگەریی بەسەر بەهاکانی ڕۆشنگەرییەوە هەبووە. سەربارى ئەمەش، شارستانیەتی خۆرئاوایی، دەستی نەکردبووە بەهادانان و ڕەچەتەنوسینی بەها کۆمەڵایەتییەکان.

گواستنەوە بۆ مانا بەرفراوانە کۆمەڵایەتییەکانی دیموکراسی، بەرەنجامی ڕۆشنگەری بوو چونکە تیایدا تاکگەرایی و پروابوون بە پێشکەوتنی مرۆڤ پارێزراوە. بەپێی فەیلەسوفانی سیاسیی وەك **جۆن ستیوارت میڵ**، دیموکراسی سەردەکێشێت بۆ یاسای تاڕادەیەك باشتر و کواڵێتییەکی باشتری ژیان بۆ هاوڵاتیان لەبەرامبەر پاشایەتییدا. ئەرگۆمێنتەکانی ئەو بە لۆژیکی و عەقڵانی درانەقەڵەم- ئەو بەهایانەی کە لە مۆدێرنەوە سەرچاوەی گرتبوو. لەڕاستییدا لۆژیکی بەراوردەکەی ئەو، و بەها زاتییەکەی، پەیرەوی لە ئسلوبێکی نیمچەزانستی دەکات کە زۆرێك لە فەیلەسوفانی ئەو سەردەمەی گرتبووەوە. مەعریفەی سیاسیی بەر لە مۆدێرنە، بە پلەی یەکەم لە مافی

میراتەوە[23] سەرچاوەدەگرێت. بەهۆی سەرهەڵدانی حیساباتی سودخوازانە( utilitarian calculus)وە، کە بێگومان بەرەنجامی ڕۆشنگەری بوو، فەیلەسوفان دەستیاندایە گومان و پرسیار لە گریمانە بنەڕەتییەکان و هەژمارکردنی ئەو سیستەمە حکومڕانییانەی کە بەپێی عەقڵ و لۆژیك بۆ هاوڵاتیان باشتر بوون.

حیساباتی سودخوازانە، و «زانست»یش، سەریانکێشا بۆ پڕوابوون بە ئەزموونگەرایی کە گوایا زانین لە ئەزموونی هەستەکی(sensory experience)یەوە سەرچاوەدەگرێت.
سودخوازی(Utilitarianism، واتە پڕوابوون بەوەی زۆرترین چاکە بۆ زۆرترین لە خەڵك دەستەبەربکەیت) ئەزموونگەرایی بەکاردەهێنێت بۆ حیسابکردنی باشترین هەنگاونان لە هەر سیناریۆیەکدا کە بکرێت. ئەم جۆرە حیساباتە، وەرچەرخانێکی ڕووەو بەچەندایەتیکردن(quantification) خولقاند لەپێناوی بەدواداچوونی بازرگانییدا کە بەچڕی لەگەڵ پەلکوتانی ئیمپراتۆریەتە کۆڵۆنیاڵەکاندا هاتەکایەوە. بۆیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان «مەعریفە»ـی بەرهەمهاتووی زانست، و ئەو کۆنترۆڵە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەی خەڵکدا کە لە شوێنە ملکەچکراوەکانی حکومڕانیی کۆڵۆنیاڵییدا هەبوو. سەرەنجام، مۆدێرنە دەیەوێت نەزم بۆ ئەو شتانە درووستبکات کە ناڕێك و ئاژاوەئاسا تێیاندەگەین. بەهاکانی عەقڵ و عەقڵانیەت نەزم بەرهەمدێنێت چونکە «ئۆبێکتیڤ» و «بێلایەن»ـە. دەرکێت بەهۆی بیرکردنەوەی مۆدێرنەوە بەکارهێنانی "عەقڵی هاوبەش"، پەیوەندیگرتن و پەیوەندی و سیستەمەکان بخولقێنرێت. وا گریمانەدەکرێت کە ئەم نەزمە سەربکێشێت بۆ کارکردێکی باشتری کۆمەڵگا، ئەویش لەبەر هەمان ئەو هۆیانەی کە باسمان کرد. بۆنمونە، "بەشارستانیکردن"ـی سوبێکتە کۆڵۆنیاڵکراوەکان، عەقڵانیکردنی ڕەگەزپەرستی، سێکسیزم لەڕێگەی کۆلکەزانستەوە، کۆنترۆڵی فیزیکی بەسەر ئەو ئەرشیفە مێژووییانەوە کە لە پڕوابوونی مۆدێرنەوە هاتووە بە نەزم.

دانانی نەزم و بێ نەزمی بەتەنیشت یەکترەوە، سەریکێشا بۆ درووستبوونی دژیەکییەکی دوولایەنە چونکە عەقڵانی و ئاسان بوون بۆ تێگەیشتن. سەپاندنی دووانەییەکان کۆمەڵگە بەرەو پێشکەوتنێکی «ئاسانتر و نیانتر» دەبات، چونکە ڕێنوێنییەکی ڕوون هەیە لەمەڕ ئەوەی عەقڵانی و ڕاستەقینە و باشە بەرامبەر بەوەی کە ناعەقڵانی و درۆیینە و خراپە. دیارە ئەم پرۆسەی ئاسانترکردنە لەسەر حیسابی کۆمەڵێك دڵڕەقیی وەك کۆڵۆنیاڵیزم کە "پێشکەوتن" دەبزوێنێت.

لەبەر ئەم دژیەکییە دووانەییە توندانە بوو کە فیمینیستەکان ئارەزوویان چووە سەر مۆدێرنە. دووانەییەکان بوونەهۆی پێدانی ئیمتیاز بە کۆمەڵێك گرووپی دیاریکراو و ئایدیاکان لە کۆمەڵگەدا وەك پیاوانی سپی پێست، پیاوانی ئەویترخواز؛ لەکاتێکدا کە ژنان، خەڵکانی نامۆ Queer[24]، خەڵکانی بەڕەنگ جیاواز[بۆنمونە ڕەشپێست]، سەرەنجامیش نرخی خەڵکە هەژارەکە هاتەخوارەوە. مۆدێرنە بووەهۆی خولقاندنی دووانەییەکانی وەك چاك/خراپ، خۆرئاوا/ئەویتر، ئەویترخواز/نامۆ، ڕەش پێست/سپی پێست، ژن/پیاو.

تەرکیزی عەقڵانیەتی ناو مۆدێرنە بووەهۆی بنیاتنانی دووانەی پیاو وەك بوونەوەرێکی عەقڵانی و ژنیش وەك بوونەوەرێکی ناعەقڵانی. پیاو بەسترایەوە بە زەینەوە و ژنیش بەسترایەوە بە

---

[23]. Birthright

[24]**.** مەبەست لە نامۆی سێکسییە کە سەدەکانی پێشوو وای پێ دەوترا و بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهات کە مەیلیان بۆ ڕەگەزی بەرامبەر نیە بەڵکو بۆ ڕەگەزەکەی خۆیان هەیانە- و

جەستەوە چونکە گوایا پێکهاتەیەکی لەم جۆرەی هەیە. بەم شێوەیە، وا دەردەکەوت ژنبوون(femininity) پێچەوانەی عەقڵ و لۆژیك بێت. تەنانەت چاوخشانێکی خێرا بەم دووانەییانەدا ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بۆچی فیمینیستەکان ڕەخنەی ئەو دووانەییانە دەکەن. لەوێدا بەڕوونی دیارە کە مافی باڵاتربوون دراوە بە گرووپێکی تایبەت [کە پیاوە].

مۆدێرنە لڤینێکی بەئاشکرا نێرانە بوو کە ژنێتیی وەك شتێکی تاریك و نەناسراو و ناعەقڵانی وێنادەکرد. ئەم سەردەمە(یان ئەم قۆناغە) هێزی بە باوکسالاری بەخشییەوە چونکە پاساو دەداتە تایبەتیکردنی زەوی کە لەڕێگەی سیستەمێکی باوکانەوە میراتی زەوی دەگوازرێتەوە بۆ کور(نێر). بەشبەحاڵی خۆی، کۆمەڵگە ناچار بوو کارکردە بەرهەمهێنەرەکانی ژنان کۆنترۆڵبکات بۆ هێشتنەوە و وێناکردنی میراتی نێرانە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم سیستەمە میراتگرییە سەریکێشا بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە، ئەمەش ڕێگە بۆ بازرگانیخوازی خۆشدەکات کە ئەویش پێشەکییەکە بۆ سەرمایەداری.

پاشماوە نەمرەکانی ئایدۆلۆژیای مۆدێرن لە هەموو جێیەك بوونی هەیە. بۆنمونە، سیستەمی دادگایی پەیڕەوی لە لۆژیکی مۆدێرن دەکات. ئەگەر کەسێك یاسایەکی "عەقڵانی" ببەزێنێت ئەوا "خراپ"ـە. بۆیە دەبێت ئەم کەسە بڕواتە زیندان. یاساکان خەڵك دەکەنە ئامانج و یاسا لە کاتی زیندانیشدا هەر حوکمدەکات و پاساوی خۆی وەردەگرێت چونکە بنچینەی یاسا لەسەر "حەقیقەت" و "عەقڵ"ـە. مادام ئەم یاسا "عەقڵانی"یانە دەکەونە ناو دووانەی باش/خراپەوە، ئەوا جەستە تایبەتەکان لەوانیتر زیاتر دەکەونە بەر ئامانج و تەنانەت دەکرێت زیندانیی هەتاهەتایی و سزای مردنیش  ببنە پاساو. پرۆسەی سزادانی توندبگیرانە، بەرەنجامی پرۆسەی بیرکردنەوەی لۆژیکی و دوالیستانەی مۆدێرنەیە.

سەرباری ئەمەش، «بەهای پەروەردە» و لەبەهاخستنی کەسانی نەخوێندەوار کە بەرەنجامی پروای مۆدێرنە بە زانین و پێشکەوتن کە ئەوپەڕی ئامانجە. ئەکادیمییەکان، کە بە پلەی یەکەم لە سپی پێستەکان پێکدێت، تێگەیشت"ێکی ئەورووپی/ئەمریکی بۆ مێژوو بەرهەمدێنن و بڵاودەکەنەوە. بەدەر لەوەش، بەستانداردکردنی پەروەردە و فێرکردن لەلایەن هەندێ "نیشانە"ـەی وەك توانای خوێندنەوە و توانستی ماتماتیکییەوە دەستنیشاندەکرێت و ئەویش لەلایەن تێگەیشتن و چەمکە مۆدێرنەکانەوە بۆ زانین دەکرێنە پاساو. جێی سەرسوڕمان نیە کە "باڵاترینی بەدەستخەر"ـی ناو ئەم سیستەمە پەروەردەییە بریتیین لە چینی ناوەڕاست، زۆربەی قوتابخانە حکومی و تایبەتەکان کە برەو بە دابەشکردنێکی نایەکسانی سامان و سەرچاوەکان دەدەن لەپێناوی خوێندن و پەروەردەکەیاندا.

مۆدێرنە، مانایەکی زیاد لە زانستیی خەیاڵیی هەیە بۆ ژیان: ئۆتۆمبێلی بریقەدار، ئەنتەرنێتی زۆر خێرا، گەشتی ئاسمانی. تەنانەت مۆدێرنە لەلایەن ئایدیاکان و ئەو ڕوانینانەوە کە لە ڕۆشنگەرییەوە وەرگیراون وەك عەقڵانیەت، زانین، و ئازادی. ژیانکردن لەناو دونیای مۆدێرندا ژیانکردنە لەناو ئەو بونیاد و دەزگایانەدا کە لەلایەن مۆدێرنە خۆیەوە داهێنراوە. ئەوەی کە پروابوون بە تاکگەرایی و عەقڵ سەریکێشا بۆ سیستەمێکی گشتگیر و جیهانی بەناوی نیولیبراڵیزم[لیبراڵیزمی نوێ لە ئێستادا] و هیچ بەرچاوروونییەکمان نیە کە ئاخۆ لە داهاتوودا بەرەو "پێشکەوتن" دەڕۆین.

سەرچاوە:
Feminism 101: What is Modernity? Victoria Sheber July 20, 2018: www. /femmagazine.com.